# چەند باسێکی شانۆیی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# چەند باسێکی شانۆیی

وەرگێڕانی

یاسین قادر بەرزنجی



ناوی کتێب: چەند باسێکی شانۆیی
وەرگێڕانی: یاسین قادر بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧١٦
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ٩٣٧ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## شانۆی چیخەف و باخی گێلاس

نووسینی شانۆنامە هەروا کارێکی سووک و ئاسان نییە، ناکرێ هەر نووسەرێک بێت و لە بواری شانۆدا بنووسێت و تێکستی شانۆیی بەرهەم بهێنێت، چونکە شانۆ بۆ خۆی هونەرێکە و نووسەرانی دەبێ خاوەنی چێژێکی هونەریی ئەوتۆ بن لایەنە بەنرخەکان لە هونەری ڕەسەندا بخەنە بەرچاو.

ئەمە ڕێک لە لایەن (ئەنتۆن چیخەف)ەوە جێبەجێ کراوە، زۆربەی زۆری شانۆنامەکانی ئەو بریتین لە (ڕووداو) و تیایاندا قووڵاییی ناخ هەیە، نەک قووڵاییی دەرەکی، کە لەگەڵ یەکەمین جاری خوێندنەوەدا هەستی پێ دەکرێت. بەڵام لەگەڵ دووەمین خوێندنەوەدا وێنەکە لە




بەرچاو ڕوون و گەورە دەبێت، وا لە خوێنەر دەکات لە خوێندنەوە و پێداچوونەوە و ڕامان بەردەوام بێ هەروەک ئەوەی لە ڕاستییە شەخسی و گشتییەکان بکۆڵێتەوە. یەکەم جار کێشە ئاساییەکانی ژیانیان تێدا دەردەکەوێت، بەڵام لە هەناویاندا گوزارشت و قووڵاییی ڕاستەقینەی ئەو بیرۆکانە هەیە کە ویستوویەتی بە خوێنەریان بگەیێنێت.



سەرنجیشم داوە، کاتێ شانۆنامەیەکی چیخەف بەعەرەبی یان ئینگلیزیی دەخوێنیتەوە دەبینی بەهایەکی زۆر لە دەست دراوە، لەچاو ئەوەی بەزمانی (دایک)ی خۆی بیخوێنیتەوە، یان ئەو کاتەی هەر بەزمانی ڕووسی لەسەر شانۆ دەیبینیت، هەڵبەت هەموو کارێکی وەرگێڕراوی هەروەهایە.

دەبینی کاراکتەری شانۆنامەکانی ئارام و هێمن، بەڵام لە ڕووداوی زۆردا دێن و دەچن و لەناخیاندا ژاوەژاو هەن و خاوەنی گرێن، ئەمانە وایان کردووە پێناسەی شانۆی چیخەف کارێکی قورس بێت، بەتایبەت کاراکتەرەکانی، بەڵام گرینگ ئەوەیە کاراکتەرەکانی یەکجار کاریگەرن و بە هەستی ڕاستەقینەوە وێناندوونی، بەشێوەیەک کاریگەریی لە هەستی بەرامبەر دەکەن و دەکرێ ئەو بە (هەستە ڕووسییەکە) ناو ببەین، چونکە چیخەف کاراکتەرەکانی وەکو کرێکار، جووتیار، دەرەبەگ و موڵکدار و..تاد، هەر هەموویان هەستە ڕووسییەکە بەرجەستە دەکەن و لەو ژینگەیەوە هاتوون، تەنانەت خوێنەر هەست دەکات کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەفسوونێکی سەیرەوە لە سۆزە جوانەکان، هەربۆیە دەگوترێ ئەو نووسەرە بەباشی واقیعی ڕووسیای گواستوەتەوە و توانیویە کاریگەریی لەسەر خوێنەرانی وڵاتانی دیکەش جێ بهێڵێت.

جارێ دەبینی شانۆنامەکەی تەنزئامێزە، جارێکی دی درامییە، یان بەزمەساتە، بەڵام هەر هەمووشیان لەگەڵ هەستە مرۆییەکانی هەر خوێنەرێکدا دەژین، لای ئەو خۆشەویستیی هەیە و خیانەتیش، ئازار و مەرگ هەیە و پاڵەوانێتیش، هەر هەمووشیان لەسەر شانۆ بەشێوازێک دەجووڵێن کە خوێنەر، یان بینەر ڕابکێشن، واتە بە هیچ جۆرێ سارد

و سست نین.

له سەدەی نۆزدەیەمدا، فاکتەرە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگەی رووسی کاریگەریی زۆریان کردە سەر شانۆنامەکانی چیخەف، لەسەر دەروونی ئەو و نووسینەکانی، کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی ئەو نووسەرە بوو، لە کارەکانیدا هەمەچەشنی و گۆڕان هەبوو لە چۆنیەتی گوزارشتکردن لە کۆمەڵگەکەی.

## باخی گێلاس

جوانترین شانۆنامەی چیخەف کە خودی خۆم پێی سەرسامم شانۆنامە شاکارەکەی (باخی گێلاس)ە، ئەو شانۆنامە هێمنە، هێدییەی گیانی نوکتەبازیی تێدایە، پاڵەوانەکەی (راتنسکایا)ی قسەخۆش و قسە قوت و براکەی (جاییف) و دەرەبەگە لاتەکە.. ئەمانە کاراکتەری جوانن لە گۆڕین و وێناکردن و دیالۆژەکانیشیاندا، لەگەڵ گاڵتەئامێزیدا گیانی بەزەییش هەیە.

له شانۆنامەکەدا (ململانێ)ێیک هەیە و هەرئەوەش کارەکەی جوان و سەرکەوتوو کردووە، (ئانیا) بەهێزترین کاراکتەرە و تەمەنیشی لە حەڤدە ساڵ تێ نەپەڕیوە، دەخوازێ ئایندەی جوان و گەشاوە بێت، بەڵام لە رۆژگارێکی رەش و دڵتەنگی وادا دەژی کە ترووسکایی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

ئەم (ململانێ)یە جوان و رەوانە خەسڵەتی بەنرخیی داوەتە شانۆنامەکە، هەرچۆن (باخەکە)ش خەسڵەتی یەکجار جوانی داوەتە کارەکە، هەرچەندە خەمباری لە باخەکەدا هەیە، وەک ئەوەی مرۆڤ دوا ماڵئاوایی لە ژیان لەو شوێنەدا بکات کە دڵخوازی لەمێژینەی بووە.





بەشدارانی نمایشێکی باخی گێلاس

بەکورتی پەیوەستبوون بە (شوێن)ەوە لە ناخی ئەم نووسەرە مەزنەدا هەڵقولاوە، چونکە لە شوێندا هەستی خاوێن دەردەبڕێ، لە کۆتاییی شانۆنامەکەشدا دیالۆژێکی جوان هەیە بۆ پێشوازیی ژیانی نوێ و ئەوەش هیوایە بەئایندە و چاوتێبڕینە بۆ ئاسۆی ژیان.

دوا جار دەمەوێ بڵێم ئەوەندەی مەیلم بۆ شانۆی چیخەف و بەتایبەتیش بۆ (باخی گێلاس) هەیە مەیلم بۆ هیچ شانۆنامەیەکی دیکە نەبووە. یان با بڵێم کاتێ بەرهەمێکی (چیخەف) دەخوێنمەوە دەبینم جیاوازە لە بەرهەمی نووسەرانی دی.

سەرچاوە: سایتی النخلة والجیران،

ن: نادیة الاسدي.

## مۆلێر..

## گەورەترین هونەرمەندی سەردەمی خۆی



نووسەری کتێبی (مۆلێر) کە رەخنەگر و مێژوونووس (هێنری ترولوب)ی پسپۆڕە لە ئەدەبیاتی فەڕەنسی و بەتایبەت شانۆی مۆلێردا، بەسەرهاتی ژیانی ئەو بلیمەتەی تۆمارکردووە کە لە هەموو دنیادا ناسراوە و هەروەکو شەکسپیر ناوبانگی بڵاوە.

جان باتیست بوکلان، ناسراو بە مۆلێر ساڵی ١٦٢٢ لە پاریس لەدایک بووە و باوکی لە دروستکردنی فەرش و راخەردا کاری کردووە، بەڵام باپیری ئارەزوومەندیی هونەر بووە و گەلێ جار لەگەڵ خۆیدا کوڕەزاکەی بردووە بۆ شانۆ، هەرئەوەش کاری لەو منداڵە کردووە کە سەرسام بێ بەتایبەت بە شانۆگەرییە هەزلییەکان، پاشان چووەتە دواناوەندییەک بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، دەڵێت یەک لە هاوڕێکانی خوێندنی میرزادەیەکی فەڕەنسا بووە، کاتێ هەستی بەزیرەکی و بلیمەتیی ئەو کردووە هانی داوە و خزمەتی کردووە.

نووسەری ناوبراو دەڵێ:



مۆلێر کە گەورەتر بووە لەگەڵ باوکیدا ناڕێک بووە، چونکە ئەو ویستوویەتی لە فەرش چنیندا کاری لەگەڵدا بکات، بەڵکو لەپێرێتی ئەودا بچێتە سەر کارەکەی باوکی و بەتەواویی جێگای بگرێتەوە، بەڵام مۆلێر حەزی لەو پیشەیە نەکردووە، بەڵکو چووەتە کۆلێژی یاسا و لەوێ خێزانێکی هونەرپیشەی بەناوی (بیجار) ناسیوەو بووەتە هاوڕێیان. لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار نازناوی خۆی ناوە (مۆلێر)، بەڵام کەسێ نەیزانیوە بۆچی وا کتوپڕ ناوی خۆی گۆڕیوە و ئەو ناوەش بۆ، خۆیشی بەبیریدا نەدەهات ببێتە ناسراوترین ناو لە شانۆی فەڕەنسی و تەنانەت جیهانیدا.

ساڵی ١٦٤٣ کاتێ تەمەنی بووەتە ٢١ ساڵ، لەگەڵ (بیجار)ەکاندا بەناوبانگترین گروپی شانۆی فەڕەنسایان دامەزراندووە و (مادلین)ی کچی خێزانەکەش بووەتە بەڕێوەبەری، لەوێوە مۆلێر کەوتووەتە داوی خۆشەویستی ئەو کچەوە، پێنج ساڵی بەردەوام لەگەڵ کچەدا پێکەوە ئەکتەر بوون، بەڵام سەرەتای شانۆکەیان بەجۆرێکی ئەوتۆ نەبووە و بینەری زۆر رووی تێ نەکردوون.

بەڵام دوای ئەوەی شازادەی وڵات و برای شا سەرپەرشتییان کردوون هەلی بۆ رەخساوە لە شانۆگەرییەکی تراژیدیدا بەرامبەر (لویسی چواردەیەم) کە بەناوبانگترین شای فەڕەنسا بەشداریی بکات، بەڵام شانۆگەرییەکی وەڕسکەر بووە، دوای ئەوە لە شانۆگەرییەکی هەزلیدا بەشداریی کردووە و توانیویە سەرجەم بینەران و لەسەروو هەمووشیانەوە (پاشا) بهێنێتە پێکەنین.

لەوێوە زانیویە کە بەهرەی ئەو لە کۆمیدیادایە نەک کاری جددی، دەنگ و جووڵە و ئاماژەکانی بەس بوون تا بینەرانی نوقمی پێکەنین

بکات، هەربۆیە ناوبانگی فراوان بوو لە بواری ئەو جووڵە شانۆیەدا، لەو کاتەشەوە پاشا جێگایەکی لە کۆشکدا بۆ تەرخان کرد تا هەرکاتێ بیەوێ بەپێکەنین خەمەکانی بڕەوێنێتەوە، لەو سەردەمانەشدا پاشاکان چواردەوری خۆیان بەنووسەر و هونەرمەندە بەهرەمەندەکانی تەنیبوو.

یەکەمین شانۆنامەی گاڵتەجاڕی گەورەی مۆلێر (لۆتیە بێ نرخەکان) بووە کە ساڵی ١٦٥٩ نمایش کراوە، ئەو کاتە تەمەنی ٣٨ ساڵ بووە، شانۆگەرییەکە سەرکەتوو بووە و (پاشا) مۆلێری نوقمی دیاری و خەلات کردووە، بەڵام ژنانی لۆتی کە لای مۆلێر بووبوونە مایەی گاڵتەجاڕیی لێی تووڕە بوون و شانۆکەیان رووخاندووە، ئەو کاتەش پاشا شانۆیەکی تایبەت بەخۆی بۆ دروست کردۆتەوە.

پاشان نووسەری کتێبەکە دەڵێت:

ساڵی ١٦٦٢ مۆلێر (ئەرماندبیجار)ی لا خواستووە کە خوشکی (مادلین) یان کچی بووە، ئەو (٢٠) ساڵ لە مۆلێر بچووکتر بووە، هەر لەو ساڵەدا بایەخی بە بابەتێکی شانۆیی ئەوتۆ داوە کە لەو سەردەمەدا باسی نەکراوە و تازە بووە، ئەویش پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا بووە. هەربۆیە شانۆنامەیەکی بەناوی (خوێندنگەی ژنان) نووسیوە و کە نمایش کراوە گەلێ سەرکەوتوو بووە، بەڵام بەلای پارتی پیاوانی ئایینەوە ناپەسەند بووە و گومانیان لە ئاکاری مۆلێر پەیدا کردووە و بەکەسێکی بەڕەڵایان ناوبردووە، ئەوان ترساون لەوەی کاریگەریی خراپ بکاتە سەر پاشا، هەربۆیە ئەو ئسووڵیانە شانۆنامەکەیان بەدناو کردووە و بەکارێکی دژ بەئایین و بێ ئابڕوو ناویان بردووە، بێجگە لەوەش، بایەخی پاشا بەمۆلێر و خەڵاتکردنی بەردەوامی ئەکتەرانی تری تووشی ئیرەیی کردووە و رقیان لێی





چەند نمایشێک لە شانۆگەرییەکانی مۆلێر

بووەتەوە، ئەویش بە نووسینی شانۆنامەی نوێ وەڵامی داونەتەوە و گاڵتەی پێیان کردووە.

ئەو پیاوێکی بەهێز و بڕوا بەخۆبوو بووە، ساڵی ١٦٦٤ فەرمانی شاهانەی بۆ دەرچووە و کراوە بە بەرپرسی بەشی خۆشگوزەراندن لە کۆشکی شاهانەدا، بۆ ئەو سەردەمە ئەو کارە پۆستێکی گەورە بووە، هەر ئەو ساڵە شانۆنامەیەکی بەناوی (دووڕوو) نووسیوە و تیایدا ریاکاری و دووڕوویی ئەو کەسانە نیشان دەدات کە خۆیان بەخواپەرست نیشان دەدەنو لە ناخیشیاندا جۆرێکی دیکەن، ئەوانەی بەڕووکەش خواپەرستن و دەیانەوێ سۆز و رێزی خەڵکی بەلای خۆیاندا رابکێشن، هەروەها زەکات و پارە چنگ بخەن، ئەوان مەکرباز و فێڵاوین، مەرامیان لەژێر پەردەی دیکەدا شاردۆتەوە.. ئەم

شانۆگەرییە ناوەندە ئاینییەکانی فەڕەنسای شڵەقاند، کردیانە ڕۆژی حەشر، پاشان ناچاربوو نمایشەکە رابگرێت، تا تووڕەبوونی ئەوان کەم بکاتەوە، چونکە ئەویش ترسی لێیان هەبوو، لە قەشەو مەترانەکان، ئەمە جگە لە (پاپا)، بەڵام مۆلێر فێڵی لەو سانسۆرانە کرد و لە چوارچێوەی ئاهەنگی تایبەتدا نمایشی دەکردەوە.

ساڵی ١٦٦٥ ئەفراندنی مۆلێر لە شانۆنامەیەکی نوێیدا بینرایەوە کە ئەویش (دۆن جوان) بوو، ئەویش گەلێ سەرکەوتنی بەنسیب بوو، سەرکەوتنی بێ وێنە، ئیدی ناوی ئەو کەوتە سەر هەموو زامنێ، ناوبانگی لە ئاستێکی وادا بوو پاشا ناوی تیپەکەی نا بە (تیپی پاشا)، ئەوەبوو مۆلێر بووە گەورەترین هونەرمەندی سەردەمەکەی خۆی، لەهەموو لایەکەوە بەشکۆمەندیی ناودەبرا (هەروەکو نووسەری کتێبەکە دەڵێت).

ئەو دوو ساڵەی نەخۆش کەوت تیپەکەی پچڕپچڕ دەردەکەوتن، بەڵام لە نووسین دانەبڕا، ئەوەبوو شانۆنامە بەناوبانگەکەی (بێچارەیی ئادەمیزاد)ی نووسی و تیایدا ئازار و مەینەتیی جیابوونەوەی لەگەڵ ژنەکەیدا خستبووە روو، دوای ئەوەش شانۆنامەی (بە زۆر بوو بە دکتۆر)ی نووسی، ئینجا ویستی بەناوێکی دیکەوە شانۆنامەی (دووڕوو) نمایش بکاتەوە، بەڵام پیاوانی ئایین پێیان زانی و ڕێگەیان لێ گرت.

ساڵی ١٦٦٨ شانۆنامە مەزنەکەی (پیسکە)ی نووسی، کە لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە، هەرکەسێ بیویستایە بەپیسکەکان پێکەنیبا دەچووە سەیری شانۆگەرییەکە و لەپێکەنییدا ژانی دەکرد، هەر ئەو کاتە سانسۆر دەستی لەسەر دوو ڕوو هەڵگرت، ئەویش ساڵی



١٦٦٩نمایشی کردەوە سەرکەوتنی بێ وێنەی بەدەست هێنا، هەزاران کەس دەچوونە تەماشای، چونکە هەر یاساغە و پەسەند و خوازراو دەبێ.

دوا شانۆنامەی مۆلێر بەناوی (نەخۆشی واهیمە)وە بوو، کە باسی کەسێ دەکات کە هیچی نییە و خۆی بە نەخۆش دەزانێ، ئیدی لەسەر شانۆکە تووشی نەخۆشیی دەبێت و لەبەرچاوی بینەراندا دەکەوێ و راست نابێتەوە، دیارە ئەکتەرەکە هەر خودی مۆلێر خۆی بووە، بەو جۆرە بووەتە شەهیدی شانۆی گاڵتەئامێز، ئەو شانۆیەی زۆری بۆ کرد و بۆ کۆشا، تەنانەت ناوەکەی بووە هێمای ئەو جۆرە شانۆیە و خۆیشی بە مەرگێ شاد بوو کە خەونی هونەرمەندی گەورە و مەزنی وەک ئەو بووە.

بەڵام بەر لە مەرگی، دەیان کاری شانۆیی دیکەی جێ هێشتووە، کە هەر هەموویان بە نەمریی ماونەتەوە، ئەوانیش:

* پزیشکی فڕیو
* تەمبەڵ

پزیشکی عاشق (کە بەداخەوە بزر بووە و نەگەیشتووەتە دەستمان)

* ژنهێنان بە زۆر

زۆربەی شانۆنامەکانی مۆلێر تا ئەمڕۆ لە شانۆکانی پاریس وەکو نموونەی بەنرخ لە نموونەکانی شانۆی جیهانیی نمایش دەکرێنەوە، وا بۆ چوار سەدە دەچێ و مانگانە و هەفتانە خەڵکی دەچنە سەیری شانۆنامەکانی ئەو مۆلێرەی کە بە خۆڕاگریی ماوەتەوە، دەچنە سەیری شانۆیەکی نەمر کە کۆتایی هاتنی بۆ نییە.

پاشان (هینری ترولوب)ی نووسەری کتێبی (مۆلێر) بە قووڵی

هەریەک لە شانۆنامەکانی مۆلێر شی دەکاتەوە و جێگای خۆیەتی بڕوانینە ئەو پێشەکییەی خودی مۆلێر بۆ شانۆنامەی (دوو ڕوو)ەکەی نووسیوە کە تیایدا وتوویەتی:

– ئەم شانۆنامەیەم زیاتر لە هەموو ئەوانی دیکەم ئاژاوەی ناوەتەوە، لەسەری ئازارم دراوە و نمایشیان لێ قەدەغە کردووم، ئەوەش بۆی سەلماندم کە پیاوانی ئایین بەهێزترین توێژی کۆمەڵن. من لەوەوبەر قسەم لەسەر (ژنە لۆتییەکان) و (پزیشکە فاشیلەکان) و (ئۆرستوکراتەکان) و (ئەوانەی ژنەکانیان لە خشتەیان بردوون) کردبوو، کەسێ لەوانە هەڕەشەیان لێ نەکردووم، یان یەکێ لە شانۆنامەکانی دیکەم قەدەغە نەکراوە، بەڵام ئەو شانۆنامەیەم کە هەندێ لە پیاوانی کەنیسەی بەدناو دەکرد دەستبەجێ راگیرا، هەر دوای یەکەمین نمایشی، لە هەموو لایەکەوە گرفتم بۆ دروست دەکرا، ئەوان زیرەک بوون لە شەڕی شانۆنامەکەمدا، دەیانوت دژی ئایینە، نەک ئەوانەی بە بەرگی ئایین خۆیان داپۆشیوە، من هێرشم کردبووە سەر بازرگانەکانی ئایین، ئیتر بە کافر و زەندیق ناوبرام، لەگەڵ ئەوەشدا کە وەک هەر ئادەمیزادێکی دیکە ئیمانم بە خوای خۆم هەیە، بەدناو کرام و توانییان بۆ ماوەیەک شانۆنامەکەم راگرن..

هەرچۆنێ بێت، ئەو مۆلێرەی جێی شانازیی فەڕەنسایە، هەرچەندە لە ژیانی خۆیدا تامی سەرکەوتن و شکۆمەندیی چەشتووە، هاوکات بە دووریش نەبووە لە ئازارەکانی چەوساندنەوە و دژایەتیکردن.

سەرچاوە: سایتی الفنون

# بیرتۆڵد برێخت..

## ئەو هونەرمەندەی لە جیهاندا بووە قوتابخانەیەکی شانۆیی



برێخت (١٨٩٨ – ١٩٥٦) نووسەری شانۆیی و دەرهێنەر و شاعیر و بیرمەندی ئەڵمانە، سەرەتای کاری شانۆیی بە نووسینی زنجیرەیەک تێکستی ئەزموونگەریی دەست پێ کردووە، کە کاریگەرییەکی زۆری شانۆی تەعبیرییان لەسەر بووە.

لەو شانۆنامانەی کە لەم ساڵانەی دوایشدا بەزۆری نمایش دەکرانەوە:

– مێرد، کە ساڵی ١٩١٨ نووسراوە و لە ١٩٢٣ دا نمایش کراوە.

– دارستانی شارەکان، ساڵی ١٩٢١ نووسراوە و لە ١٩٢٣ دا نمایش کراوە، بەڵام یەکەمین شانۆنامەی کە مەیلی سیاسیی ئەویان نیشان دا (ئۆپرای سێ قورشەکە) بووە کە لە ١٩٢٨ دا نووسیویە و بریتی بووە لە هێرشێکی گاڵتەجاڕانە بۆ سەر کۆمەڵگای بۆرژواو پێودانەکانی، ئەم شانۆنامە موزیکئامێزە کە (کورت ڤایل) ئاوازی بۆ دانابوو و دواتریش بووە هاوکاریی هەمیشەیی برێخت ناوبانگی جیهانیی وەدەست هێنا و لە هەریەک لە مۆسکۆ و پاریس و نیویۆرک نمایش کراوە.



– لە دە ساڵی دوای ئەوەدا زۆربەی کارەکانی برێخت فێرخوازی، یان داستانی بوون، ئیدی زیاتر لە جیهانی رۆمانتیکی پڕاوپڕ لە سۆزداری بەرامبەر رابردوو و ئەندێشەوە (وەک لە شانۆ بەراییەکانیدا بینراون) هەنگاوی ناوە بۆ راستەوخۆیی، بەڵام ئەو شانۆنامانەی لەم ماوەیەدا نووسیونی کەمتر بەربڵاو بوون، بێجگە لە (لەگەڵ ڤایل) کە بەناوی (حەوت هەنگاوی کوشندە)شەوە لە ١٩٣٣ دا نمایش کراوەتەوە، هەروەها (جۆنی پیرۆز لە گەوری مەڕوماڵاتدا)ی لە ١٩٣٠ دا نووسیوە، بەڵام تا ساڵی ١٩٥٩ نەخراوەتە سەر شانۆ.

ساڵی ١٩٣٣، ئەو دەمەی هیتلەر بووەتە حوکمڕان برێخت ئەڵمانیای جێهێشتووە و لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا نیشتەجێ بووە، بەڵام کە ساڵی ١٩٤١ ئەو وڵاتانە داگیرکراوە رۆیشتووەتە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەدرێژایی ساڵانی جەنگ لەوێ ماوەتەوە.

لە ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٤٥ چەند شانۆنامەیەکی گرنگ و بایەخداری نووسیوە، ئەوانیش:

– ژیانی گالیلۆ/ ١٩٣٧ _ ١٩٣٩

– دایکە ئازاکە/ ١٩٣٨ _ ١٩٣٩

– ژنێکی باش لە ستیزواندا/ ١٩٣٨ _ ١٩٤١

– بۆنتیلاو ماتی/ ١٩٤٠

– ئەوەی لەتوانادایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەرتۆروادی/ ١٩٤١

– خەونی سیمۆن ماشار/ ١٩٤٠ _ ١٩٤٣

– شڤایک لە دووەمین جەنگی جیهانیدا/ ١٩٤٢ _ ١٩٤٣

– بازنەی گەچینی قەوقازی/ ١٩٤٣ _ ١٩٤٥

دوای ئەو ماوەیە، ئیدی نووسینی بۆ شانۆ یەکجار کزبووە و پرۆسەی ئامادەکردن و وەرگرتنی ئەنجامداوە، کاتەکانی خۆی داوە بەنووسینی شیعر و بابەتە تیۆرییەکانی لە بواری شانۆدا و بە دەرهێنانی شانۆنامەکانی خۆیەوە خەریک بووە، دوای گەڕانەوەش بۆ ئەڵمانیا لە ١٩٤٩ دا سەرقاڵی بەڕێوەبردنی تیپی (بەرلین ئینسامبڵ) بووە.

لەو قۆناغەی ژیانیدا پلەو پایەی ئەو لە نووسەریی و بیرمەندیی شانۆییدا بووە، تا ١٩٤٩ زۆر لە کارە گرنگەکانی دەرنەهێنابوو، بەڵام کاتێ هەر لەو ساڵەدا (دایکە ئازاکە) لەلایەن بەرلین ئینسامبڵەوە خرایە سەر شانۆ و (هیلینا ڤایگڵ)ی هاوسەری دەوری پاڵەوانەکەی بینی، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. کاتێکیش (بازنەی گەچینی قەوقازی) لە ١٩٥٤ دەرهێنا، برێخت بووە گرنگترین کەسایەتیی شانۆی هاوچەرخ.

بایەخی برێخت لە دوو رووەوە درەوشاوە بووە:

یەکەم: لە رووی دەرهێنانی شانۆنامەکانیەوە.

دووەم: لە رووی سەنگی تیۆرەکانیەوە لە بواری شانۆدا.

دەکرێ شانۆنامەکانی بەسەر چوار قۆناغدا دابەش بکەین:

١- رۆمانتیک (١٩١٨ _ ١٩١٢)

٢- فێرخوازیی (١٩٢٨ _ ١٩٣٨)

٣- مرۆڤایەتیی گشتی (١٩٣٨ _ ١٩٤٥)

٤- فێرخوازیی _ دووەمین قۆناغ (١٩٤٥ _ ١٩٥٦)

بێجگە لە چەند کارێکی لەگەڵ موزیکزان (کورت ڤایل) لە قۆناغی





شانۆگەریی (دایک) برێخت

یەکەمیدا و دووەمیدا، بەڵام ئەو بەرهەمانەی بەنووسەرێکی شانۆیی نەمریان هێشتووەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سێیەمی. لەو قۆناغەدا بەرهەمەکانی بایەخدان بوون بەلایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و کاراکتەرەکانیشی کاریگەر و مەزن بوون.

برێخت بەپێچەوانەی میتۆدەکەی ستانسلافسکی، لە بری جووتبوونی ئەکتەر و چوونە ناو دەورەکەیەوە، داوای لە ئەکتەر دەکرد ماوەیەک بۆ (رەخنەگرتن) لەنێوان خودی خۆی و دەورەکەیدا بهێڵێتەوە، دەیویست ئەکتەر تەواو خۆی لەیاد نەکات و ناخی بەیەکجاری نەهەژێ، بەڵکو دەبوو لەڕێی تێگەیشتنی تەواو

لەشێوازەکانی کرداری دەروونییەوە، بەشێوەیەک کاراکتەرەکەی نمایش بکات کە جۆرە هەڵوێستێکی لێوە دەربخات، بینەریش لەبری ئاوێتەبوون لەگەڵ کاراکتەرەکانی شانۆگەرییەوە، تارادەیەکی باش دەیتوانی لە دەرەوەی رووداوەکانی سەر شانۆکە خۆی بهێڵێتەوە، تاوەکو هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی هەبێت.

ئەو وەک هونەرمەندی شانۆ پرۆگرامی دەرهێنانی بەجۆرێ دارشتبوو کەوا بتوانێ گونجان بخاتە نێوان هەڵوێستی و ئەکتەرەکانی، ئەوانەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن، بیرۆکەکانی ئەو کۆمەڵێ بنەما و راسپاردەی چەقبەستوو نەبوون، بەڵکو ئاراستەی گشتی بوون.

شانۆنامەکانی برێخت بواری دەرهێنانی جۆراوجۆریان بۆ رەخسێنراوە، نەوەک نمایشکردنێ لە دیدێکی دیاریکراوەوە.

سەرچاوە:

سمير عبدالرحيم چلبي.

الموسوعة المسرحية، بغداد، ١٩٩٠.

## پانتۆمایم..

## نائامادەیی زمان و ئامادەبوونی کردار

پانتۆمایم لە وشەی یۆنانیی (pantomimes)ەوە وەرگیراوە و بەو هەڵوێستە بێدەنگانە دەگوترێت کە لە شانۆی نوێدا بینراونەتەوە[١]، ئەو هەڵوێستانەش بەجووڵەی جەستەی ئەکتەر گوزارشتیان لێ دەکرێت بەبێ وشە درکاندن.

لەم سەردەمە نوێیەدا نواندنی ئاماژەدار یاخود (ئیمائی) بەرامبەرە بەزاراوەی پانتۆمایمی یۆنانی، بەتایبەت لای عەرەبەکان وەها بەکاردێت[٢]، بەڵام ئەمە بەهەڵەداچوونی تێدایە چونکە ئەو دوو زاراوەیە لەیەکتر جودان، نواندنی (ئیمائی)[٣] بە تەنیا زمانی جووڵە نییە، بەڵکو ئەو نواندنە زانینیی زمانی کردار و هونەری بێدەنگی و هونەری هۆش و هەستیارییە، لەکاتی نمایشی دیمەنی بێدەنگدا لەشانۆگەریی بێدەنگدا بەکارهێنراوە و پشت دەبەستێ بە ئیمائەی جووڵەی گوزارشتکار لەبری هەر گوزارشتێکی دەنگی (وشە)، واتە لەبریی دەنگ و وشە کرداری پانتۆمایمی هاتووەتە گۆڕێ[٤].

ئەم هونەرە، هونەرێکی درامییە و کرداری جەستە وەردەگێڕێتە سەر ماناکانی بینین لە چیرۆکێکدا، یاخود لەهەر هەڵوێستێکی کۆمیدیی دیکەدا، ئەم هونەرە وەک کارێکی سەربەخۆ و بەسوود وەرگرتن لە (نواندنی ئیمائی) بۆ هێنانە ئارای زمانێکە تایبەت بە (کرداری





نمایشێکی پانتۆمایم

بێدەنگ)، بەسوود وەرگرتن لە جەستەی ئەکتەر و تەواوکەرەکانی دیکەی نمایش بۆ گوزارشت لەو حاڵە درک پێکراوانەی دەناسرێتەوە و بینەر بەدەلالەتەکانی جووڵە تێیان دەگات.

لەڕووی مێژووییەوە[٥]، گەر بمانەوێ ئەم هونەرە بدۆزینەوە، ئەوا لە رووبەری تەسکی نێو رۆژگارە لەیەک دوورەکانەوە دەرکەوتووە، سەرەتا بەگوزارشتی تاکە سەماکەر لەگەڵ کۆرس و ئامێرەکانی موزیکدا دەستی پێکردووە، سەماکەر گوزارشتی لەخەڵکی جیاواز و کاراکتەری

جیاجیا کردووە و سەرەتا دەمامکی پۆشیوە، دواتر دەمامک گۆڕراوە بە ئارایشت، بەڵام ئەویش گۆڕراوە بۆ لیبوک (مهرج) کە هەڵچوون و داچوونەکانی ناخ و جووڵە هەستیارەکانی لێ بینراوە، هەرچۆن ڕەخنەگر (عەلی مزاحم عەباس) لە کتێبەکەیدا (هونەری پانتۆمایم) لێی دواوە و پاشان دەڵێت (شارستانییەکانی خۆرهەڵاتی دێرین لە میسر و ژاپۆن و چین بە نواندنی بێدەنگ – پانتۆمایم ئاشنا بوون، هەروەکو یۆنان و ڕۆمانییەکان)[٦].

ئەم هونەرە، تەرخان بووە بۆ نمایشی سرووتە ئاینییەکان (بەبێدەنگی)، وەکو سەمای (ساتیری) کە ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر) دا ئاماژەی پێکردووە، تا دەگات بە درامای میللی کە خۆیان لە شیعرە (فیسکینییەکان)دا دیوەتەوە تا دەگاتە سەردەمە نوێیەکان، کەوا تیایدا ئەم هونەرە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و بینەران زیاتر مەیلیان لەگەڵ نمایشە دەنگدارەکاندا هەبووە و حەزیان بەوە کردووە لەپاڵ جووڵەدا چێژ لە دەنگی ئەکتەرەکان وەربگرن.

بەڵام پانتۆمایم وەک هونەرێکی خۆشبەسەربردن ماوەتەوە کە تیایدا نمایشی ئەکتەر بۆ دەرخستنی بەکارهێنانی جەستەی بووە بەشێوەیەکی ژیرانە و مەبەستیش بەرجەستەکردنی (مانا) بووە.

لایەنە درەوشاوەکانی پانتۆمایم:

١- ئەم هونەرە توانیویە بەربەستەکانی زمان (وەک ئامرازی لەیەکترگەیشتنی گەل و نەتەوەکان) تێکشکێنێت و لەبری ئەو زمانێکی مرۆیی هاوبەش و ئاسان بێنێتە ئارا کە زمانی (ئیمائە)یە و بەئاماژە گوزارشتی قایلکەر بۆ تێگەیشتن ئەنجام دەدات.



ئەم هونەرە لە ئەکتەری پانتۆمایم دەخوازێ بە کەرەستەکانی خۆی بینەر بخاتە نێو بازنەیەکی ئەندێشەداری داخراو کە ئەندێشەکەی بگۆڕێ بۆ وێنەیەکی واقیعی لەبیریدا و بۆ ئەو مەبەستەش بینەر سوود لە یادەوەریی خۆی وەردەگرێت کەوا ڕووبەڕووی کرداری ئەکتەر دەبێتەوە... هەر ئەو بازنەی ئەندێشەیەیە وابەستەی بینەر دەکات و ئەکتەریش سوود لە جووڵەی جەستەی دەبینێ کە بەرهەمی کردارە بێدەنگەکانین و مانا بەرهەم دێنن.

٢- بۆ پێویستیی تێکستی شانۆیی، یان کاری دەرهێنەرێک بۆ نمایشی دیمەنێک، یان چەند دیمەنێک لە شانۆگەرییەکی دیالۆژداری ئاساییدا.

٣- پێویستیی شانۆ و شانۆکاران بەنواندنی پانتۆمایم لەزەمەنێکدا کە ئازادییەکانی هزر لەباربرابن، لەو کاتانەدا شانۆکار دەتوانێ بیروڕا و هێماکانی لە ڕێی ئەم جۆرە نمایشەوە بپەڕێنێتەوە بۆ بینەر، بێ ئەوەی سانسۆر کۆسپ بخەنە ڕێگای، دیارە هەمیشە هونەرمەندی داهێنەریش بۆ ئەو ڕێگایانە دەگەڕێ کە هونەرەکەی پێ بخاتە بەرچاو. لای هونەرمەندی عەرەب ئەزموونی وا هەبووە کە هەر لە خانەی (ئەدەبیاتی شانۆ)دا وەک ئەدەبێکی شانۆیی نووسراو وەرچەرخێنراوە بۆ شانۆگەریی بینراوی بێدەنگ، کە تیایاندا سوود لە هونەرەکانی دیکەی وەکو: پێکهێنانی وێنەی شێوەکار (لەسەر شانۆ) و گرتەی سینەمایی (بۆ گوزارشتی نائاسایی) و سەما (بۆ نمایشی جووڵەی ڕێکخراو)، لەگەڵ مۆزیک کە (لەتوانایدایە ڕستە ریتمییەکان بەپێی زەمەنی جیاواز بگەیەنێ) و (شیعر) بۆ داهێنانی وێنەیەک لە ئەندێشە، هەموو ئەوانە لەگەڵ



نمایشێکی دیکەی پانتۆمایم

(شانۆ)دا کە رووداوی درامیی بەچڕیی دەخوڵقێنێ.

لەم هەولانەدا کە هونەرەکان ئاوێتەی یەکتر دەکرێن و دیواری نێوانیان نامێنێ، بەرهەمێکی ئەوتۆ دێتە کایەوە و تیایدا تابلۆ و وتەی بینراو و مۆزیک و جووڵە هەر هەموو لەیەکتر دەچن، مەبەستیش هەژاندنی بینەرە لە رووی واتا ستاتیکی و دەلالەتییەکانەوە.

بەرهەمی پانتۆمایم، وەک ئەو سیناریۆیە وەهایە کە لەبری (کامێرا) چاوی بینەر وێنە جوولاوەکان دەبینێ، بەڵام بەپێی رووداوەکانی چیرۆکەکە لەرێی بینینەوە گێڕانەوە دەگاتە بینەر، گێڕانەوەش لە رێی جووڵەی ئەکتەرەوە، جووڵە زمانی جەستەیە بۆ (حیکایەتخوان) ی رووداوەکان، یان گوتاری جەستەیە و بە رەنگەکانی تیشک و ئێکسسوارەکانی نمایش ئەو گوتارە باشتر دەگات.



ئەم جۆرە شانۆیە وەک ئەوانە نین کە بۆ خوێندنەوە دەنووسرێن، بەڵکو بۆ ئەوەن بخرێنە سەر شانۆ، ئەوانە لە دوو لایەنەوە لە (سیناریۆ)ی سینەمایی و (سکرێپت)ی شانۆیی دەچن، لەسیناریۆ کە (جووڵەی ئەکتەر تۆمار دەکات و گۆشەی کامێرا و جۆری گرتەکانی هەر دیمەنە دیاریی دەکات)[٧]، لە سکرێپتی شانۆنامەش چونکە (جووڵەی ئەکتەر دیاری دەکات لە جوگرافیای شانۆدا).

پەراوێزەکان:

١- معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية، د. ابراهيم حمادة.

٢- فن التمثيل الصامت (الميم) في العراق - دراسة ونصوص، علي مزاحم عباس.

٣، ٤، ٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦- السيناريو، سد فيلد، ترجمة: سامي محمد.

٧- فن الاخراج، زيغموند هييز، ترجمة: د. هناء متولي، مجلة الثقافة الاجنبية، عدد ١٢٤ سنة ١٩٨٠.

لە ئینتەرنێتەوە: سایتی المسرح، ن: بلاسم الضاحی.

## ڕەخنەگری شانۆیی

بۆ ئەوەی (ڕەخنەگر) ڕۆڵێکی گرنگ و هەستیار ببینێت، پێویستە چەند خەسڵەتێکی تێدا هەبێت. لەوانە :

١- پێویستە پاشخانێکی ڕووناکبیری شانۆیی فراوانی هەبێت و ئاگای لە نمایشە شانۆییەکان بێت، شانۆ نامە و بڵاوکراوەکان بخوێنێتەوە و سەرنجی تەوژمە شانۆیی و ڕەخنەییە ناوخۆیی و جیهانییەکان بدات.

٢- دەبێ لە بوارەکەی خۆیدا یان شانۆدا شارەزاو پسپۆڕ بێت.

٣- تا ڕادەیەکی باش تەرخان بێت بۆ بوارەکەی خۆی و ڕۆژانە ئاگاداری چالاکی و بەرهەمە شانۆییەکان بێت، ڕەخنەگری تایبەتمەندی تەرخان (کە لای ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر بوونی نییە) ڕۆڵێکی سەرەکی بایەخداری هەیە بۆ هێنانەدی مەبەستی گرنگ.

٤- دەبێ بەئازادی بنووسێت، خاوەنی بیرو ڕای خۆی بێت لە شیکردنەوە و لێکدانەوەکانیدا، هەرگیز کاریگەری دەسەڵات و دەزگاکەی و هیچ لایەکی بەسەرەوە نەبێت.

٥- شارەزا بێت لە زمانی ڕەخنەیی و سەرجەم زاراوە و تەکنیکەکانی، ئەمەش ڕەگەزێکی گرنگە لەو پرۆسەی پەیوەندییەدا کە لەخۆیەوە دەست پێ دەکات.

٦- بەدوور بێت لە هەر پێوەندێکی ناڕەخنەیی و پیا هەڵدان و ناڕاستییەک.





شانۆگەرییەکی جیهانی

٧- بێ دابڕان لەسەر پرۆسەی ڕەخنەیی خۆی بەردەوام بێت، ئەو پرۆسەیەش بەتەنیا بریتی نییە لە پرۆسەی بینینی کارە شانۆییە وەرزییەکان، بەڵکو دەبێ لەگەڵ ئەوەدا بەردەوام بخوێنێتەوە و هەموو شتێکی نوێ ببێتە خەمی ئەو،

باشە ئاخۆ لەو جۆرە ڕەخنەگرە لەسەر پانتاییە شانۆییەکە بوونی هەیە؟

ڕاستە ڕەخنەگری شانۆیەکی وەک عەرەبی لەڕێی ڕۆژنامەوە ڕۆڵێکی باشی دیوە لەنزیککردنەوەی شانۆ لە خەڵکییەوە و هاندانی خەڵک بۆ چوونە شانۆ، بەڵام ئایا ڕەخنەگرمان هەیە بەپێی ئەو خەسڵەتانەی ئاماژەمان بۆ کرد؟

ئەمە شتێکی مەحاڵ نا، بەڵکو دەگمەنە، ڕۆژنامەیەک کە ڕەخنەگرێک بۆ ڕەخنەی سینەمایی تەرخان دەکات، بۆ شانۆ نایکات، ئەویش ناچارە لەهەموو شتێکدا بنووسێت، لە شیعر و ڕۆمان و هەندێ جار وەرزشیش، تا بەرپرسانی ڕۆژنامەکە!

هەر بۆیە ڕەخنەگری پسپۆڕ بوونی نییە، ئەگەر هەشبێت بەردەوامی و بەدواداچوون و قووڵبوونەوەی دەکەوێتە ژێر بەزەیی ئەو پارووە نانەی لە پیشەکەیدا دەستی دەکەوێت، هەر بۆیە نابێتە خاوەنی زەخیرەیەک کە ڕەخنەی ڕاستەقینە پێویستی پێی دەبێت، هەرچۆن لە ڕۆژنامەکەشدا کەسانی دیکە دەم لە بابەتی شانۆیی دەدەن و بێ ڕووناکبیرییەکی ڕەخنەیی شانۆیی شتی سەر پێیانە دەخەنە بەر چاو! ئەمەش جۆرە شێواندنێک لە پرۆسەی ڕەخنە نووسیندا دێنێتە ئاراوە.

سەرچاوە:

د. ابراهیم عبدالله غلوم و نووسەرانی تر، المسرح واشكالية الجمهور، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ٢٠٠٢، ل ١١٤ تا ١١٦ .

## ئوجين يۆنسكۆ..

## نموونەیەکی زیندووی شانۆی بێهوودە



ساڵی ١٩١٢ لەدایک بووە، نووسەرێکی شانۆنامەیە و لە رۆمانیا لەدایک بووە و بەفەڕەنسی نووسیویەتی، کەسێکی هەرە دیاری شانۆی بێهوودەیە (ABSURD)، زۆربەی منداڵیی خۆی لە پاریس لەگەڵ دایکە فەڕەنسییەکەیدا بەسەر بردووە و هەڕەتی لاوێتیشی لە رۆمانیا بردووەتە سەر، خۆی فێری نووسین بە فەڕەنسی کردووە و ساڵی ١٩٣٦ گەڕاوەتەوە فەڕەنسا تا تێزێک ئامادە بکات بەڵام نەیتوانیوە و تەواوی نەکردووە.

نووسینی شانۆنامەی بەرێکەوت بووە، ئەویش کاتێ خۆی فێری ئینگلیزی کردووە، ئەویش کاتێ دەستەواژەی جۆراو جۆر و گفتوگۆیەکانی هاتووەتە بەرچاو و لێیان حاڵی نەبووە، ئیتر لەو ساڵەدا (١٩٤٨) شانۆنامەی (کچە گۆرانیبێژە سەر رووتاوەکە)ی نووسیوە و ساڵی ١٩٥٠ نمایش کراوە، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، تا ئەو کاتە یۆنسکۆ حەزی بە شانۆ نەبووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە ویستوویەتی جۆرە شانۆیەکی دیکە بخاتە بەرچاوی







شانۆگەرییەکی یۆنسکۆ

بینەران، شانۆیەک تیایدا زیادەڕۆیی و توندتیژیی باڵا بن، واتە شانۆیەک کە بینەر تووشی رامان و لێکدانەوەی زیاد لە مانایەک بکات، واتە زیاتر لە شانۆکەی (بیرتۆڵد برێخت).

ژمارەیەک شانۆنامەی یەک پەردەیی بەو رێباز و بیرکردنەوەیەی خۆی نووسیوە کە تیایدا باس لە چەند بابەتێکی وەکو: دەستە پاچەیی زمان و زیادبوونی شتەکان و لاوازیی بێ مانای مرۆڤی هەڕەشە لەسەر لە دەرەوەی خۆیدا و ناوەوەیدا (بۆشایی لەناوەندی بوونیدا).

دووەمین شانۆنامەی (وانە)یە و لە ١٩٥١ دا نووسیویەتی و



دیمەنێکی تر لە شانۆگەرییەکی یۆنسکۆ

سەبارەت زمانە (وانەیەکە لە زمان و لەکۆتاییەکەیدا مامۆستا سەرزەنشتی خوێندکارەکەی خۆی دەکات)، بەڵام شانۆنامەی (جاک، یان ملکەچ) و تەواوکەرەکەی (ئایندە لە سپیدا)ی ١٩٥١ باس لە کەسێ دەکات کە بەزۆر وابەستەی داب و نەریت دەکرێت.

شانۆنامەی (کورسییەکان)یشی لە هەمان ساڵدا، لە هێزی باڵادەستی نێو بۆشایی و بێ مانایی ژیان دەدوێت، ئەویش بەبوونی ژن و مێردێکی پیر کە ژوورەکەیان پڕ دەکەن لە کورسیی بۆ میوانە وەهمییەکانیان و گوێگرتن لە وتارێکی بێ مانا.

شانۆنامەی (قوربانییەکانی ئەرک)ی ١٩٥٢ لە یەک کاتدا شانۆنامەیەکی گاڵتەجاڕە دەربارەی بوونگەرایی سارتەر و دژەکەی، واتە شیکردنەوەی دەروونیی لای فرۆید.



دوای ئەو شانۆنامە یەک پەردەییانە یۆنسکۆ بڕیار دەدات شانۆنامەیەکی درێژ بنووسێ لە سێ بەشدا و لە ١٩٥٣ دا بڕیارەکەی دەباتە سەر و شانۆنامەی (ئەمیدی، یان چۆن رزگارت دەبێ لێی) دەنووسێت، کارەکەی هێمایە بۆ لایەنە ناپەسەندەکانی هاوسەرگیری دووکەس.

دوای ئەوەش شانۆنامەی دیکەی درێژی نووسیوە، وەک (بکوژ) لە ١٩٥٧ دا و (کەرکەدەن)ی ١٩٥٨، هیچ کام لەم شانۆنامانە هێندەی یەک پەردەییەکانی سەرکەوتوو نەبوون، کە دواتر هەر لەوانەی نووسیوە، وەک (کرێچییە نوێیەکە) لە ١٩٥٣ دا و (تابلۆ) لە ١٩٥٥ دا و (ئەلما)ی لە ١٩٥٥.

دەکرێ بگوترێت شانۆنامەکانی یۆنسکۆ وەکو (کچە گۆرانیبێژە قژ رووتاوەکە) و (وانە) و (کورسییەکان) بەجوانترین بەرهەمی سەرجەم شانۆی بێهوودە دادەنرێن.

سەرچاوە:

جون رسل تیلر، الموسوعة المسرحية، بغداد، ١٩٩٠

# عەبدولكەريم بەرشيد

## رێبەرێکی شانۆی ئاهەنگسازیی کە دوێنێ و ئەمڕۆ پێکەوە گرێدەدات



ناوەڕاستی هەشتاکان، لە کۆڕی نمایشە شانۆییەکاندا و لە نووسین و بەدواداچوونی چەند کارێکی شانۆییدا، بە تایبەت ئەوانەی لە فێستیڤاڵە شانۆییەکانی ئەو ساڵانەی شاری سلێمانیدا نمایش دەکران، ناوی (عەبدولکریم بەرشید) و باسی شانۆی ئاهەنگسازیی ئەو لەناواندا بوو، بە تایبەت کە چەندین ئەزموونێکی ئاهەنگسازیی بۆ یەکەمین جار پانتاییەکی باشیان لە رووبەری شانۆماندا داگیر کرد، هەر بەتایبەتیش سێ کاری ئەو ساڵانەی هونەرمەندی دەرهێنەر و نووسەر (ئەحمەد سالار)[١] و ئاراستەکانی شانۆکارە ئازیزەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەریی کوردیی[٢]...

ئەم جۆرە نمایشە، کە لە مەغریبی عەرەبییەوە پێگەیشتووانەتر خراونە روو، زیاتر قسەیان لەسەر کراوە و لە فێستیڤاڵەکانی شانۆی عەرەبیدا (لە بەغدا لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکاندا) نموونەیان لێ





شانۆگەرییەکی ئاهەنگسازیی عەرەبی

نمایش دەکرا و دواتر لە مێزگرد و دیدارە رۆژنامەوانییەکاندا هونەرمەندانی خۆرئاوای عەرەبی وەک (ئەلتەیب ئەلسدیقی و ئەلمونەسەف ئەلسویسی و عەبدولکەریم بەرشید) پشتبەستووە بە پراکتیزە کردنی ئەو شانۆیە لای خۆیان (بەتایبەت مەغریب و تونس) و جێگای دیکە لە ئەزموونەکانی خۆیان دەدوان و لە چەندین کاریشدا شانۆکارە لاوەکانی عێراق دەیانویست بەسوود وەرگرتن لە کلتوور و تەوزیفکردنی ئەو کلتوورە نمایشی نوێ بهێننە ئارا کە لەوەوبەر بەو شێوەیە نەبووبن.

دەکرێ لێرەوە زیاتر لە ئاست خودی (بەرشید) بوەستین و بڵێین:

ئەم شانۆکارە ناسراوەی عەرەب کە یەکێکە لە نووسەر و دەرهێنەرە

دیارەکانیان لە شانۆکەیدا سوودی لە شێوازی ئاهەنگسازیی وەرگرتووە، ئەوانەی لە ویژدانی میللیدا و لای خەڵکەکە کاڵ نەبووبوونەوە، بەرشید ئەمەی دەکرد تاوەکو زمانێکی هونەریی سەرانسەری و تۆکمەو ناسنامەیەک بۆ شانۆی عەرەبیی بهێنێتە گۆڕێ.

ئەو پەروەردەی شاری (فاس) ی مەغریب و دەرچووی بەشی عەرەبیی کۆلێژی ئەدەبیاتە و دیپلۆمیشی لە بواری پەروەردە و سایکۆلۆژیدا هەیە، ئەو پێنج ساڵ (لە سەرەتای حەفتاکانەوە) مامۆستای ئامادەیی بووە، پاشان پەیوەندیی کردووە بە کۆمەڵەی راپەڕینی رووناکبیریی بۆ ئارەزوومەندانی شانۆ و چەند کارێکی نووسەرانی عەرەبی بۆ دەرهێناون، ئەوانیش (مسافرالليل) ی سەلاح عەبدولسەبور و (حكاية جوقة التماثيل) ی سەعدوڵلا وەنوس و (ثوب الامبراطور) ی عەبدولغەفار مەکاوی بوون.

ساڵی ١٩٧٥ بووەتە راوێژکاری وەزیری رۆشنبیریی لە (دار البيضاء) تا ساڵی ١٩٨٣، هاوکات بەیەکجاریی وازی لە دەرهێنان هێناوەو خۆی بۆ نووسین تەرخان کردووە.

پاشان پەیوەندیی کردووە بە تیپی پێشڕەوانی شانۆوە، کە لە پایتەختدا کار دەکات و ئەو تیپە سێ شانۆگەریی لە دانانی بەرشید نمایش کردووە کە بریتی بوون لە (ئوتێللۆ، ولاّخ، باروووت) کە لە میهرەجانە شانۆییەکانی مەغریب و بەغدا (ساڵی ١٩٧٧) بەشداریی پێ کردوون.

ئەم هونەرمەندە – نووسەرە چەند شانۆنامەیەکی دیکەی نووسیوە، وەکو: عرس الاطلس/ ١٩٧٧، اسمع يا عبدالسميع /١٩٧٨، امرؤ





نمایشێک لە شانۆی بەرشیدەوە

القيس في باريس / ١٩٨١، الدجال و القيامة / ١٩٨٤، النمردود في هوليود ١٩٩٠

بەرشید، نەتەوەییانە هاتووەتە مەیدان و دەیەوێ لە رێی شانۆوە خزمەتێک بەواقیع و ئێستای نەتەوەکەی بکات، کە پێم وایە ئەمە کاری رەوایە بۆ هونەرمەندانی سەر بە هەر نەتەوەیەکی سەر رووی زەمین، ئەو پرسەکانی عەرەب لە مێژووەوە دێنێتەوە بێ پچڕاندن بۆ ئەمڕۆ دەیخاتە کار، هاوکات لە مڕۆدا دوور دەڕوانێ و تەماشای کێشە ئاڵۆزەکانی ناو مێژوو دەکات. تەنانەت ئەمانە لە ناونیشانی شانۆنامەکانیەوە دەردەکەون. ئەو رەخنەگرێکی هۆشیارەو هەست بەنیگەرانی دەکات و هەمیشە سەرنجی ژیانی مرۆڤی سەردەم دەدات، لەپاڵ ئەوانەدا لە رووی فۆرمەوە خاوەن دیدی ئاهەنگسازییە، بۆ

گرێدانی بەرهەم و بینەر، هەر بینەرێک بێت.

ئەم شانۆکارە لە میهرەجانە عەرەبییەکانی وەک قاهیرەدا رێزی لێنراوە، چەندین جار لە میهرەجانەکاندا بەهۆی ئاستی هونەریی بەرزیەوە کراوەتە لیژنەی دادوەران و هەڵسەنگاندن، بێجگە لەوانەش لە پەیمانگای شانۆیی بالاَ لە مەغریب وانەبێژ بووە، وەک سەرەتاش گوتمان لە دامەزرێنەرانی گروپی شانۆی ئاهەنگسازییە لە مەغریبدا و یەکەمین بەیاننامەی ئەو گروپەش لە ساڵی ١٩٧٩ دا راگەیەنراوە.

دەکرێ، بۆ توێژینەوە لە زۆر ئەزموونی خۆمان، زیاتر بەئەزموونەکانی هونەرمەندی وەک (عەبدولکەریم بەرشید)دا رۆچین، دەکرێ لە ناسینی شانۆکەی ئەوەوە لەو سروتە شانۆییەی خۆمان زیاتر وردبینەوە کە بە ئاهەنگسازیی ناسراو تا ئەمڕۆش باسی لێوە دەکرێت.

پەراوێز:

١- ئەوانیش بریتی بوون لە هەر سێ شانۆگەریی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ، جزیری وانەی ئەوین دائەدات).

٢- شانۆگەریی (خەج و سیامەند)ی هونەرمەند شەماڵ عومەر باشترین نموونەی کارەکانی ئەو تیپەیە بۆ ئەم شێوە شانۆیە.

سەرنج:

بۆ ژیان و بەرهەمەکانی بەرشید سوودم لە کتێبە بەنرخەکەی د. وەلید ئەلبەکری (موسوعة اعلام المسرح) وەرگرتووە.

## بینەری شانۆ.. لەکوێوە بۆ کوێ؟

شتێکی تازە نییە گەر بڵێین (شانۆ هونەری بینەرە)، بەڵام دەبێ ئەوەش زیاد بکەین بەبێ بینەرانی زۆر کە بەپەرۆشەوە بچنە شانۆ، ئەوا شانۆ هیچ کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی و ستاتیکی جێ ناهێڵێت، دواجاریش لە کۆمەڵگادا گۆڕانی بونیادی فیکری و ئابووریی روونادات.

گەر بینەری شانۆ دەستەبژێر بوو، وەک بینەری خوێندکاران، یان کرێکاران، ئەوا بەشدارییەکی ئەوتۆ بۆ وتوێژ لەسەر بەرهەمی شانۆ نایەتە دی و هاوبەشیی ئەوتۆی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکە ناکرێت، چونکە کۆمەڵ لە سەرجەم چین و توێژەکان پێکدێت، گەر هەموو ئەوانە پێکەوە لەگەڵ شانۆدا لە هەڵچووندا نەبن، ئەوا پەیامی خۆی ناگەیەنێ و وەک هەر شوێنێکی رابواردن خەڵکی سەری پیادا دەکەن.

گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شانۆ دەبینین قۆناغی زۆر کاریگەر هەبووە، بەهۆی بابەت و میتۆدە هونەرییەکانی نمایشەکانیانەوە نا، بەڵکو بەهۆی ئەو بینەرەوە کە دەوری شانۆیان داوە و پەرۆشی دیتنی نمایشەکان بوون، هەروەک بەشداربن لەجەنگێکدا لەپێناوی کۆمەڵدا، هەروەک شانۆی دێرینی یۆنان، کە شانۆ سروتێکی ئاهەنگسازیی ئاینی و کۆمەڵایەتیی بووە و گەلی (ئەسینا) بە هەموو جۆرە خەڵکێکیەوە لەدەوری کۆبوونەتەوە و مشتومڕیان سەبارەت کاروبارە سیاسی و ئابوورییەکان کردووە.



هەر ئەو کاریگەرییەی شانۆ بووە لەسەر خەڵکی دۆخێکی وا هاتووەتە ئارا کە بڕیاری ئەوە بەسەر (سوکرات)دا بدرێ ژەهر بخواتەوە.

لە قۆناغەکانی دواتر ئاماژە بەقۆناغی شانۆی شەکسپیری دەکەین کە خەڵکەکەی لەندەن، بەپیاوچاکان و سۆزانییانەوە لەدەوری خڕ دەبوونەوە، ئەوێ دەبووە نمایشی مێژووی ئینگلتەرە، هەرچۆن شانۆیەکی هێندە سیاسیی بووە هونەرمەندە ئەفرێنەرەکانی خۆیان لە زیندانادا دیوەتەوە، لەو کاتەدا ئینگلتەرە لە کۆتایی سەردەمی دەرەبەگییەوە بەرەو سەرەتای سەردەمی سەرمایەداریی دەچوو، لەو کاتەدا جەنگێکی ئابووریی لە ئارادا بوو و تیایدا بیرمەند و ئابووریناسان و بینەرانی شانۆش بەشداری ئەو جەنگە بوون.

دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێت، کە لە سەردەمی (مۆلێر)دا شانۆیەک هەبووە بینەران تیایدا جمەیان هاتووە، فەرەنسییەکان لەو دەمەدا ئامانجیان ئەوە بووە لە نەتەوەیەکەوە ببنە گەلی مەزنی فەرەنسا، هەر زووش شۆڕشەکەی ئەوان سیمای ئەورووپای گۆڕی. لەو وەرچەرخانەدا شانۆ رۆڵی کاریگەری هەبووە، گەر شانۆ و لووتکەکانی دیکەی هزر و ئەدەبیات رێخۆشکەر بووبن بۆ شۆڕشی فەرەنسا، ئەوا هەر زوو شۆڕشەکە چەندین شۆڕشی هزر و ئابووری و کۆمەڵایەتیی لێ کەوتووەتەوە، لەوێڕا شانۆ و بینەرانی بەدرێژایی قۆناغەکان سووتەمەنیی شۆڕشەکان بوون، رەنگە تەنیا ئەوە بەس بێ ئاماژە بۆ ئەو رۆژە بکەین کە نمایشی شانۆگەریی (هرنانی)ی ڤیکتۆر هۆگۆی تیادا کرا کە گەلی پاریس بوون بە دوو بەشەوە، بەشێک لەگەڵ کۆنی کۆمەڵایەتی و فەرەنسای کلاسیکدا بوون، بەشێکی تر لەگەڵ نوێی



نمایشێکی شانۆیی

کۆمەڵایەتی و فەڕەنسای ڕۆمانتیکدا بوو.

گەر لە ئاست ریالیزمی سەدەی نۆزدەشدا بوەستین و بڕوانینە ئەو شانۆیەی کە بیروڕای نوێی تێدا گوتراوە، دەبینین بینەر چ بەشدارییەکیان هەبووە لەو شانۆیەدا کە بەلای جەنگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەدە پڕ لە پێشهاتەدا دایانشکاندووەتەوە، هەرچۆن داکۆکییان لە سەرمایەداریی نوێ کردووە بەهەمان شێوەش دڵڕەق بوون بەرامبەری، ئەوان شەڕیان لەگەڵ گەندەڵییەکان کردووە تا ڕەوڕەوەی کۆمەڵ بەرەو پێشەوە وەرچەرخێ، جێی خۆیەتی ئاماژەیەک بە شانۆنامەی (ماڵی بووکە شووشە)ی ئەبسن بکەین، کاتێ ژنەکە (نورا) دەرگای ماڵەکەی وەک جۆرە یاخیبوونێ بەسەر شووکردن و مێردەکەیدا دادەخات، ئەوا سەرانسەری ئەوروپا لەگەڵ شانۆنامەکەو



گەلێکی دیکەش دژی بوون.

لە سەدەی بیستەمدا کاریگەریی شانۆ لە ئەوروپا کەمتر نەبووە لەوەوبەری، هەردوو جەنگە جیهانییە گەورەکە لایەنەکانی ژیانیان راچڵەکاند، بوومەلەرزە بوون، یاخیبوونی ئەوتۆ هاتە ئارا گەر هێندەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیاش نەبووبن، ئەوا سیمای ژیانیان لە ئەوروپا و ئەمریکا گۆڕیوە، شانۆ و بینەری شانۆ ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە بوون و داکۆکییان لێیان کردووە، بۆ نموونە شانۆی (برێخت) بەرامبەر گۆڕانکارییەکان لە سەنگەری شانۆوە دەجەنگا.

بەرامبەر جەنگەکان ویژدانی ئەم دنیایە بوون بەدوو بەشەوە، پشتیوانی لێیان یاخود دژایەتی کردنیان، گەر سەرنجێکی شانۆی (توندوتیژی) لە ئینگلتەرەی پاش جەنگی جیهانیی دووەم بدەین، دەبینین گەلی سارد و سڕی ئینگلتەرە چۆن چۆنی گرژ بوون، هەر بەوێنەی گەرموگوڕیی ڕۆژگاری قۆناغە شەکسپیرییەکە وابوون.

لەو قۆناغە پڕ لە توندوتیژییانەوە بەتەنیا بریتی نەبوون لەچالاکی نواندنی شانۆیی و پشتیوانیی کردنی بینەر، بەڵکو ڕێبازی شانۆیی نوێ پەیدابوون کەوا پێکهاتەی هونەرەکەیان لە شێوەکانی بونیاد و نمایشەوە گۆڕیوە، کلاسیک و ڕۆمانتیک و ریالیزم و تەوژمەکانی دیکە کە درێژەی ئەوان بوون، یان بەسەریاندا یاخی بوون، بێجگە لە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاچەنینە کۆمەڵایەتییە گەورانە، شتێکی دیکە نەبوون. ئەو ڕێبازانە بوونە هۆکاری گۆڕینی شێوازی هونەری شانۆ لە هەموو دنیادا، سەرنج دەدەین هەمیشە گۆڕان لە پێکهاتەی درامادا لەو کاتانەدا بووە کە بینەر پشتگیریی لە شانۆی توندوتیژی کردووە، قۆناغی کلاسیزمی فەڕەنسی یاسای (سێ یەکەکەی) لێ کەوتووەتەوە،

لەکاتێکدا پاشایەتی کۆمەڵی فەرەنسیی هەڵگێڕاوەتەوە، ڕۆمانسیزم کلاسیزمی سڕیوەتەوە، لە کاتێکدا بینەران ئەوپەڕی داکۆکییان لێی کردووە.

گەر لەو قۆناغە پڕ لە راچەنینانە گەڕێین، کەوا وەڵامدانەوە بوون بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و بینەران ئەوپەڕی پشتیوانییان لێ کردووە، دەبینین دوای ئەوانە شانۆ وەک هەر چالاکییەکی ئاسایی بووە، بەتەنیا ئەو تێکستانەیان نمایش کردووەتەوە کە لە ڕۆژگاری خۆیاندا کاریگەر بوون، بێ ئەوەی کاریگەریی نوێیان لێ بکەوێتەوە، لەم ماوانەدا شانۆ تەنیا درێژە پێدەری ئەو تەوژمانە بوون کە باس کران، بینەر وەک بەدواداچوونی چالاکیی ڕووناکبیریی دەچوونە شانۆ، ئەمڕۆش هەر وەهایە، بەدواداچوونە زیاتر لە پشتگیری و شێلگیری کردن بەرامبەری.

ئا لەم حاڵەتەدا خەڵکە بینەرەکە بەتەنیا (تەماشاکەر)ن نەک ئەو جەماوەرە شانۆییەی لەکۆندا هەبوون، لە دنیادا وەهایە و لەزۆربەی وڵاتانی خۆرئاوادا شانۆ لە کلتوورێکی ڕووناکبیریی زیاتر نییە کە ژیان بەبێ ئەو ناتەواوە، بەڵام هەر تەماشاکردنەو هیچ کاریگەرییەکی هزری و کۆمەڵایەتیی جێ ناهێڵێ و وەکو جاران خەڵکی گرژ و تووڕە ناکات.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی (النور)، ژ: ٢٧٩ ، ر: ٢٠٠٧/١/٣١،

ن: فرحان بلبل.

# پەیامی ڕۆژی شانۆی جیهانی٢٠٠٧

شانۆ، ئەو جیهانە ئەفسووناوییە، کە لە هەرزەکاریمەوە هۆگر و شەیدای بووم، هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتامەوە نووسین و نواندن و دەرهێنان بووەتە خولیام، سەرەتا بە ساکاری دەمڕوانییە شانۆ و لە چالاکییەکی نێو قوتابخانە کە گیان و هۆش دەبووژێنێتەوە چی تر نەبوو، گەوهەری ڕاستەقینەیم نەدەناسی، تا ئەو دەمەی کارێکی شانۆیی کە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەری بووم دەسەڵاتی ورووژاند، دەستیان بەسەر هەموو شتێکی شانۆکەدا گرت و بە بەرچاوی خۆمەوە دەرگاکەی کڵۆم درا! لەو ساتەدا گیانە زیندووەکەی شانۆ، کە دەیڕوانییە سەربازەکان و چەکەکانی دەستیان پەنای بردە بەر ویژدان و هەر لەوێدا ئارامی گرت، تا ئەو کاتە هێز و شکۆی شانۆم بینی، بەتایبەت لە ڕووی هەر کەسێکدا کە بیروڕای بەرامبەری پێ قبووڵ ناکرێت، دڵنیا بووم شانۆ لە توانایدایە ڕۆڵی مەترسیدار بگێڕن و کاریگەریی لە ژیانی میللەتاندا دەبێت.

ئەو باوەڕەم وەک خۆی ما و بگرە بەدرێژایی سالانی خوێندنی زانکۆم لە قاهیرە لە ویژدانما قووڵتر بووەوە، ئەویش لە ڕێی خوێندنەوەی هەرچییەک لەسەر شانۆ نووسرابوو، یاخود بەهۆی هەر نمایشێکەوە کە دەچوومە دیتنیان، دواتریش هۆشیاریم بەهۆی ئاشنایەتیمەوە بە شانۆی ئەوروپی بەگشتی و شانۆی ئینگلیزیی بەتایبەتی لە سالانی خوێندنی بالادا گەشەی زیاتری کرد.



لە بەدواداچوونمدا بۆ شانۆ، هەر لە سەردەمی گریکەوە تا ئەمڕۆ، پەییم بەو ئەفسوونە بردووە کە لە شانۆدا هەیە و ڕۆڵی هەیە بۆ ئاوەڵاکردنی دەروونی مرۆڤ و شتە شاردراوەکانی، لەو دەمەوە باوەڕم پتەوە بەوەی کە شانۆ فاکتەرێکی گرنگە بۆ یەکگرتنی مرۆڤ و لەو ئاقارەوە مرۆڤ دەتوانێ خۆشەویستی و ئاشتی بە جیهان ببەخشێت، هەر بەهۆی (شانۆ)شەوە دەرگای دیالۆژ لەنێو سەرجەم ڕەگەز و نەژاد و ڕەنگەکانی مرۆڤدا، بەجیاوازیی بیر و باوەڕیانەوە والا دەبێت، بۆ منیش یاریدەدەر بوو کە بەرامبەرم قبوڵ بێ وەک خۆی و لەوە گەیشتم کە چاکە مرۆ یەک دەخات و خراپە لە یەکتریان دەکات.

گەر ناوبانگی شانۆ لەسەر ململانێی چاکە و خراپە بنیاد نرابێت، ئەوا سروشتی مرۆڤ زۆربەی جار ملکەچی لایەنە چاکەکەیە.

هەر لە سەردەمی دێرینەوە، جەنگەکان کە ئێمەی مرۆڤایەتییان گرتووە دڕندەییان چاندووە و نرخی جوانییان لە لا نەبووە، جوانیی تەواویش لە هیچ هونەرێکدا وەکو شانۆ درەوشاوە نییە، شانۆ کۆی هونەرە جوانەکانە، هەر کەسیش چێژ لە جوانیی نەبینێ ئەوا نرخی ژیانی لەلا نییە، شانۆ ژیانە، چەندە پێویستمان بە نەفرەتکردنە لە هەموو جەنگە بێهوودەکان و ناکۆکییە لەسەر بیروباوەڕە جیاوازەکان، کە بێگومان دەبنە ئاگری بنکای ویژدانی زیندوو، ئەوەتا دیمەنەکانی توندوتیژی و کوشتنی کوێرانە خەریکە هەموو دنیا دەگرێتەوە و لەگەڵ خۆیاندا جیاوازیی گەورە لەنێوان دەوڵەمەندی چاوچنۆک و هەژاریی سەرکوتکراو دێنن، لە نێوان بەشەکانی جیهاندا کە بەدەست دەرد و پەتاوە دەناڵێنن، هێزی خێرخوازیی لە توانایدا نییە بەسەر ئەوانەدا زاڵ بن. وەک نەخۆشیی ئایدز و دەردە هەمیشەییەکان کە لە سایەی

نەبوونی دیالۆژی راستەقینەدا لەپێناوی ئەو جیهانەی باشتر تیایدا بگوزەرێت، بوونەتە گرفتی بیابان و وشکانییەکان.

ئەی شانۆکاران، وا زریانێ مەیدانی ئێمەشی گرتۆتەوە و لەگەڵ خۆیدا تەپوتۆزی گومان و ترسی هێناوە، خەریکە بەرچاومان تاریک دەکات و بەهۆی هاوار و جوداییەوە دەنگمان بەیەکتر ناگات و گەلانی ئێمە لەیەک دادەبڕێت، ئەو زریانە خەریکە سەرەونگونمان دەکات و لەیەکدیمان دوور دەخاتەوە، ئەگەر باوەڕی پتەومان بە(شانۆ) نەبێ و نەزانین پێگەی لەسەر دیالۆژ داڕێژراوە.

دەبێ بەهەموو شێوەیەک بەرەنگاری هەموو ئەوانە بینەوە کە ئەو زریانە بەجۆش دەکەن و بوقی بۆ دەژەنن، نەوەک بۆ لەناوبردنی ئەو دەنگە ناسازانە، بەڵکو خۆ بەدوور گرتنمان لەو ژینگە پڕ لە نەخۆشییە و تەرخانکردنی تواناکانمان لەپێناوی بەردەوامی و پەیوەندی گرتنی برایەتی لە نێوان هەموو ئەوانەی بانگەشەی تەبایی دەکەن لەنێو گەلاندا. ئێمەی مرۆڤ بەرێوەین و شانۆش لەگەڵ ژیاندا بەردەوام دەبێ.

نووسینی: د. سوڵتان بن محەمەد ئەلقاسمی

ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو، فەرمانڕەوای شارقە، دکتۆرای فەلسەفەی هەیە لە مێژوو و جوگرافیادا، هەروەها خاوەنی دکتۆرای شانازییە لە ئەدەبیاتدا، کۆمەڵی کتێب و توێژینەوەی لەچاپدراوە، کە هەندێکیان رۆمان و تێکستی شانۆیین.

## Kit

## کلتوور و ئەزموونی هەمەجۆر لە شانۆیەکی نوێدا

شانۆی کۆپنهاگنی جیهانیی (Kit) مەڵبەندێکی شانۆیی و دامەزراوێکی کلتوورییە و سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریی دانیمارکە، هەر لە دامەزراندنیەوە لە ١٥ ساڵ لەمەوبەرەوە تا دەگات بەمڕۆ سەرپەرشتیارانی ئەم شانۆیە هەوڵی ئەوەیان داوە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕ لەنێوان کلتووری جۆراوجۆری جیهانیدا بهێننە دی.

هەربۆیە، هاوینان دانیمارک دەبێتە وڵاتی کلتووری جیهانی و ئەمەش هەلی ئەوە دەڕەخسێنێ کەوا ئەزموونە هونەرییەکان دەرکەون و کۆمەڵێ نمایشی ئەزموونگەری و (پێشڕەو)، بە تایبەت لە بواری شانۆی ئەزموونگەری و سەمای نوێ و موزیک و سێرک و هونەری شێوەکاریدا بەرهەمی زۆر ببینرێن. ئەم نمایشانە تەنیا لە پایتەختدا نین، بەڵکو لە زۆربەی شانۆی شارەکانی دانیمارکدا ئەنجام دەدرێن، بێجگەلە بەشدارییە ناوخۆییەکانی وەکو (شانۆی ئەزموونگەریی Cantable 2) بە سەرپەرشتیی دەرهێنەری بەڕەچەڵەک ئیتالی Nullo Facchini شاری فوردنبورک.

سەرپەرشتیارانی Kit و بەڕێوەبەرانی ئەم فیستیڤاڵە ساڵانەیەی وەکو Trevor Davies و Katrien verwilt و Gimbel.C.H لە هەوڵی ئەوەدان تیپ و شانۆ بانگهێشتکراوەکان بە پێشڕەوی و بایەخە ئەزمونکارییەکانیان ناسراوبن، بێ رەچاوکردنی لایەنی بازرگانی.





کۆپنهاگن... پایتەختی kit

لەم ساڵانەی دواییشدا چەند فیستیڤاڵێک لە ژێر ناوی جیاجیادا سازکراون کە واتای هونەریی خۆیان هەبووە، وەکو (شاری سەما)، گەشکەی لیبووکەکان، شانۆی هاوینە و ناوی دیکە کە واتای هاوکاریی دەبەخشن، وەکو: چەند وێنەیەک لە ئەفریقا، یان چەند وێنەیەک لە ئاسیاوە، کە ئەمساڵ بە چاودێری و سەرپەرشتیی شاژن Alxandara ساز دەکرێ، تا خەڵکی لە هونەری دەوڵەمەندی ئاسیایی ئاگاداربن.

ئەم فیستیڤاڵە ساڵانە زەمینە بۆ بینەر و هونەرمەندان دەڕەخسێنێ تا بە هێما هونەری و کلتوورییەکانی سەرجەم بوارەکان شادبن و لەگەڵیاندا سەبارەت بە ئەزموونی تایبەتییان گفتوگۆ بکەن، لەوانە: پیتەر بروک، پیتەر کەینوای، بینا باوش، فیلیب کلاس و روبرت ولسن و ئاریان منوشکین و جان لوی بارۆ و کەسانی دین.

دیارە (هاملێتی دانیمارکی) بەدرێژایی رەوتی ئەم فیستیڤاڵە، هەلی



ولیام شکسپیر

نمایشی ئەزموونیی بۆ رەخساوە، هەموو هاوینێک لیژنەیەکی پسپۆڕ بانگێشتی تیپە جیهانی و دانیمارکییەکان دەکات بۆ نمایشی شانۆنامەی (هاملێت)ی شکسپیر لە قەڵای بەناوبانگی شاری (هلسینور)، کە باوەڕ وایە قەڵای تراژیدیا شەکسپیرییەکان بووبێت، هەرچەندە وەک دەزانین میری دانیمارک لە شانۆنامەکەدا دروستکراوی ئەندێشەی شەکسپیرە، بەڵام ئەم شارەو قەڵاکەی بەدرێژایی ساڵ بوونەتە جێگای سەردان و کۆبوونەوەی گەشتیاران.

## گەڕان بە شوێن ئایندەی شانۆدا

لەبەرئەوەی Kit (شانۆی کۆپنهاگنی جیهانیی) مەڵبەندی شانۆ و هونەرە بینراوەکانە، خاوەنی کتێبخانەیەکی ئەرشیفییە لە کاسێتی ڤیدیۆیی و خزمەتگوزاریی پێشکەش بە توێژەران دەکات لە سەرجەم بوارەکاندا، دیارە توێژینەوە لە شانۆ و هونەرەکانی دیی دڵەڕاوکێیەکی رەوایە لەم سەردەمە جەنجاڵەدا، هەر لەو روانگەیەوە، ئەم مەڵبەندە بەشداریی کردووە لە چارەسەری گرفتەکانی شانۆی ئەوروپی و جیهانیدا، ئەویش بە ئەنجامدانی دەیان کۆڕ و سیمینار بۆ گفتوگۆ لەمەڕ کێشەی زەق، کە هونەرەکان دووچاری بوون، هەروەها بۆ ئاگاداربوون لە ئەزموون و گرفتەکانی دیکەی سەردەم... لەوانەش ئەو کۆڕە شانۆیییە جیهانییە کە ساڵی ١٩٩٦ بەبۆنەی ناونانی کۆپنهاکن بە پایەتەختی کلتوور ئەنجامدراو تیایدا ئایندەی شانۆ بەناوی (شانۆی



ئەوروپی بەرەو کوێ؟)، یان (شانۆ بەرامبەر هەزارەی سێیەم)دا خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

هەڵبەت ئەوەش جەخت لەسەر ئەو دڵەڕاوکێیە دەکاتەوە کە داواکارە هونەرمەندی ئەوروپی بەشوێن ئامرازو بیرورای نوێدا بگەڕێت تا شانۆ دەوڵەمەند بکاتەوەو پەیوەندیی لەگەڵ بینەراندا ببەستێتەوە، دوای ئەوەی شانۆ کرایە تاقیگەیەک بۆ نمایشی ئەزموونی توندوتیژیی، یان سێکس، بەشێوەیەکی بەرەڵایانە و بێ هیچ بیانوویەکی لۆژیکی لە زۆربەی کاتدا، ئەمانەش دواجار دەیسەلمێنن کەوا زۆربەی شانۆکانی ئەوروپا بەدەستی بۆشایی هزرەوە دەناڵێنن!

ئەم هۆکارانە وایان لە شێخی دەرهێنەرانی جیهان (پیتەر بروک) کردووە بانگەوازی بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی ئایندە رابگەیەنێت کە تیایدا سوود لە کلتووری ئاسیا و ئەفریقا وەربگرێت، تاوەکو شانۆ لە خۆرئاوای شارستانیی ئەوروپا بەزیندوویی بمێنێتەوە.

لە کۆڕی کۆبنهاگنی شانۆییدا، زۆر لە هونەرمەندان جەختیان لە گرنگیی ئەزموونەکانی رۆژهەڵات دەکردەوە لە شانۆدا، چونکە لەهەردوو رووی هزر و هونەرەوە بە دەوڵەمەندی دەزانن، هەرچەندە لەرووی تەکنەلۆژیاوە نمایشە ئەوروپییەکان باڵاترن، بەڵام هونەری خۆرهەڵات تا ئێستا پەیوەستە بە هزرو حیکمەت و فەلسەفەی خۆرهەڵاتەوە کە لە جەوهەریاندا ئەو پرسیارە چارەنووسسازانە هەن کە بایەخدارن بۆ ژیانی مرۆڤ.

ئەو پرسیارانە و هی تر، هونەری ئەوروپایان سەرقاڵ کردووە، چونکە لەوێ گیانێ زاڵە کە دەیەوێ مرۆڤایەتی لە خاچێکی زێڕین چوار مێخە بدات! کەواتە بانگەوازەکەی (ئانتۆنین ئارتۆ) لەسەرەتای

سەدەی رابردوودا کە داوای لە شانۆی ئەوروپا دەکرد لە دەوڵەمەندیی سەما و هونەری رۆژهەڵاتەوە دەست پێ بکەنەوە تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە و تا رادەیەکی زۆریش لە ئەوروپا پەسەندە، کەواتە، شانۆی ئەوروپا پێویستی بەگەرمایی خۆری خۆرهەڵات و حیکمەتی خۆرهەڵاتە تا ئاهێک بگەیەننەوە بە جەستەی هونەری خۆرئاوادا.

لەم ئاقارە هونەرییەوە، Kit لە هاوینی ١٩٩٨ دا سەرپەرشتیی نمایشی شانۆیی ١٦ تیپی کرد لە وڵاتانی جیاوازی جیهانەوە، لەوانە کە زۆر دیاربوو Circus Gosh کە نمایشێکی میوزیک بوو و پشتی بەستبوو بە (سێرک، جەستە، کابارێ) و لە نمایشەکەدا هەریەک لە ئەڵمانیا و کەنەدا و فەرەنسا بەشداربوون و دەرهێنەرەکەش (مایکل دالیر) بوو. بەڵام نمایشە ئەڵمانییەکەی (ساشا ویلتز) مۆرکێکی سیاسیی ـ کۆمەڵایەتیی هەبوو تیایدا کێشەی کۆمەڵگای ئەڵمانی دوای رووخانی دیواری بەرلین بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕ دەخرایە ڕوو.

بێجگە لەوانە، نمایشی شانۆی Ltimای ئیسرائیلی بەهۆی پێگەیشتوویی سینۆگرافی و دەرهێنان و جووڵەی جەستەی ئەکتەرو بەکارهێنانی هەندێ سروتی میللی فەلەستینی و ئیسرائیلی، بەهۆیانەوە دیدێکی نوێ بە (تەورات) درابوو، تیایدا گرنگیی ئاشتیی لە ژیاندا و لەنێوان ئەو دوو گەلەدا گوزارشتی لێ دەکرا.

بە پێچەوانەی هەندێ نمایشی سەما و شانۆییەوە کە شێوازێکی تاقەوە بوو (ئەبستراکت)یان هەیەو سی ساڵە و تا ئەمڕۆ شانۆکانی ئەوروپایان داگیرکردووە، لە نەوەدەکانی سەدەی پێشووەوە شانۆی ئەوروپی تایبەتمەندیی بۆ گەڕاوەتەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی وشە، هەرچەندە شانۆی ئەبستراکت کاریگەریی گەورەی هەبووە و داوای



ڕەتکردنەوەی وشە و دیالۆژی کردووە، ئا لەو روانگەیەوە، نمایشی (ئۆرسۆلا) ی نووسەر هوارد بارکەر و شانۆگەریی (دڵی شین)ی کارول کیرکلیز کە هەردووکیان لە پرۆژەی (وشەیەکی نوێ، زمانێکی نوێ، شانۆیەکی نوێ) نمایش کران، ئەوەیان سەلماند کە شانۆ ناتوانێ دەستبەرداری وشە بێت، بەڵام کامە وشە؟ ئەو وشە درامییەی مەبەست دەپێکێ و لە دووتوێیدا رەهەندەکانی دێن دوور لە رەگەکانی و زۆر بڵێیی گێڕانەوەی ئەدەبییانە پارێزراوە.

هەر لەو روانگەیەشەوە، دوو دەرهێنەری سویدی بەشداربوون بەدوونمایشی سەرکەوتوو، ئەوانیش (باوک) ی ستریندبێری و (ئۆپرا)ی ماریا ئەنتوانیت.

## سینۆگرافیا و شانۆی وێنە

بینەری نمایشەکانی فیستیڤاڵی هاوین، کە Kit سازی دەکات، هەست بەوە دەکات بایەخ بەو (نمایشە ئەزموونگەرییانە) دراوە کە پشتبەستن بە جووڵەی فیزیکیی جەستە و (شانۆی وێنە) لەپێناوی پێشخستنی زمانی هاوچەرخدا، لەوێوە، واکرا کە بەرنامەی فیستیڤاڵی هاوینی ١٩٩٩ بریتی بێت لە بانگکردنی (٣٠) تیپی شانۆیی، بێجگە لە چەند نمایشێکی سەما کە پشتیان بەجووڵەی جەستە بەستبوو، هەروەها چەندین ئۆپراو نمایشی هاوچەرخی سێرک کە شێوازیی درامییانەیان هەبوو، وێڕای هەموو ئەوانەش چەند پێشانگایەک بۆ سەرجەم هونەرە بینراوەکان. لە پرۆژە سەرنج راکێشەکانی ئەو ساڵە، پرۆژەی سینۆگرافیا و وێنە بوو، یان (Act1, Act2, Act3) کە سێ ساڵی خایاند و لە ٢٠٠١ دا کۆتایی پێهات،

ئەویش بریتی بوون لە پرۆژەو نمایش و وێنەی زیندوو و پێشانگای شێوەکاریی – ئەزموونگەریی کە (٨) هونەرمەند لە ئەمریکا، یابان، بەرازیل، ئەفریقای باشوور، بەریتانیا، ئۆکرانیا و دانیمارک ئەنجامیان دابوون، بەهۆی بەشەکانی ئەو پرۆژانەوە نمایشە هونەرییەکانی خۆیان دەنواند کە بونیادنراوی ئامراز و شێوەی سەرچاوە جیاوازەکان بوون، وەکو شانۆ و شێوەکاری و جەستە و تەلارسازی و شتی دیکە، بۆ ئەو مەبەستانەش ئامڕازی وەک ڤیدیۆ، وێنەی جووڵاو (کارتۆن)، هونەری پێکهاتەی بونیادنراو بوون، کە بەهۆی کەرەستە و ئامێر و مادەی ترەوە ئەنجام دەدرێت.

بەشی یەکەم (Act1) بریتی بوو لە دوو شانۆگەریی، ئەوانیش Jetlag و Kinesisk Kompasبوون، ئەمانە وا دەخرانە بەرچاو کە درامایەکی تەواو نەکراون، بەشی دووەم (Act2) بریتی بوو لە تاقیگەیەک بۆ هونەرمەندان، کە ئەڵقەیەکی توێژینەوەی لێ کەوتەوە لە نێوان خۆیان و بینەران و پسپۆڕاندا، بەڵام (Act3) لووتکەی پرۆژەکە بوو، چونکە هونەرمەندان بەرهەمی هونەی و شانۆگەرییە ئەزمونگەرییە مۆنۆ دراماکانیان، یان بەکۆمەڵەکانیان تیادا نمایش دەکرد، ئامانجی ئەوان هێنانەکایەی هونەرێکی نوێ بوو ئاماژە بێ بۆ شانۆی دوای مۆدێرنە، یاخود ئاماژە بێ بۆ هونەری ئایندە.

## Jet Lag

ئەم نمایشە، دەیەوێ گوزارشت لەو بیرۆکەیە بکات کە دەڵێ: «پێویستە زمانێکی شانۆیی نوێ لە سەرجەم ئامڕازە هونەرییەکان و ئامڕازەکانی دی دروست بکرێت» هەر بۆیە خانمە دەرهێنەری نمایشەکە وەک بەیاننامەیەکی دایە قەڵەم بۆ شانۆی ئایندە، ئەویش



کاتێ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گوزارشت لە دیدێک دەکات کە لە ئەکتەر و فیلم و ڤیدیۆ و کۆمپیوتەر پێکدێت، نمایشێکی شانۆییە کە پانتاییەکی ئەفراندنی بەرچاو دەخوڵقێنێ کەوا ئامڕازەکانی وەکو وێنەی زیندووی خاوەن مەبەست و سینۆگرافیای جووڵاو و بونیادی تەلارسازیی لە پێناوی نمایشێکی تێکەڵ لە حەقیقەتی مرۆیی و فەنتازیا، لە شانۆ و واقیع، ئێستا و ئاینده،.. بەڕاستی گەشتێکی سەیر بوو کە دوو ئەکتەر بەناو جیهانی واقیع و ئەندێشەدا کردیان.

بەڵام kinesisk Kompas کەوا لەلایەن شانۆی (Forma Hotelpro) ی دانیمارکییەوە نمایش کرا، تێکەڵ بوو لەنێوان ئامڕازەکانی وێنەی زیندوو، کە پشت بەجەستەی ئەکتەرو جووڵانەوەی دەبەستێ، لەگەڵ فیلم و ئۆپرا و گۆرانی و سەما، ئەم نمایشە وەک بەرهەمێکی هاوبەشی چینی _ دانیمارکی و لە دەرهێنانی (کرستین دولهولم) پێشکەش کرا، ئەو دەرهێنەرە هەمیشە هەوڵی هێنانەکایەی زمانێکی شانۆیی تایبەت بەخۆی دەدات و لەو پێناوەشدا هەر لە حەفتاکانەوە کاری بۆ ئەو مەبەستە کردووە و لەگەڵ (بیرفلنک) ی دەرهێنەردا (شانۆی وێنە)ی دامەزراندووە کە ژمارەیەک کاری پێشڕەویان بەرهەم هێناوە.

لەو شانۆ تایبەتەیدا بایەخی زۆری بەنمایشی (سترانە شانۆ) داوەو هەندێ جار بەتەنیا (فۆرم) گەوهەری نمایشەکە بووە، هەندێ جاری دیکە (شیعرو وشە) پێکەوە بەقووڵیی کاریان لە ویژدان کردووە و هەست و سۆزیان جووڵاندوە، بەڵام جاری دیکەش هەبووە کە مرۆڤ لە نمایشەکەدا هەستی بەوە نەکردووە کە تەنیا ئاخاوتن لەگەڵ چاو و گوێی ناکرێ، بەڵکو ناخی دەهەژێ و رۆحی دەوڵەمەند دەکرێت.

خاتوو دولهولم لەم گەشتەیدا بەهاوکاریی کچە ئەکتەری دانیمارکی (کرستن یانسن) وەک ئەکتەر و حیکایەتخوان و سەماکەرو کۆرسی چینی لەگەڵ خۆیاندا دەمانبەنە چین، یان زەویی خەونە خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییەکان، لەوێدا خەمێکی ئاسیایی داتدەگرێت، ئەم دەرهێنەرە لەهەر نمایشێکدا جەخت لەسەر ئەزموونکاریی خۆی دەکاتەوە لەپێناوی شانۆیەکی دانیمارکی و ئەوروپیی نوێدا.

## ئەنسکلوپیدیای گەردوونیی

لە گۆشەیەکی تردا، دەرهێنەری سینەمایی ئینگلیز (Peter Green-away) پرۆژەیەکی گەورەی خۆی بەناوی (سەد بابەت بۆ تێگەیشتن لە جیهان) نمایش کرد، لەو پرۆژەیەدا ئەکتەر و خوێندکارانی پەیمانگا هونەرییە جیاوازەکان نمایشێکی هونەرییان لە شێوەی ئەنسکلۆپیدیای گەردوونیدا خستە بەرچاو، ئەویش بە بەکارهێنانی ڤیدیۆ و ئۆپرا و فیلم و جەستەی بەرچاو و میوزیکی زیندوو، هەروەها تیشک وەک بابەتێکی دیتن، لەگەڵ چەند ئامرازێکی تردا کە سەرتاپاگیریی تەواویان دابووە نمایشەکە، هەموو ئەمانە ئاوێتەی سێ فیلمی خودی ئەو دەرهێنەرە کرابوو، ئەوانیش (چێشتخانە، دز، ژنەکەی و دۆستەکەی) بوون.

نمایشەکە هەر لە تاقیگەیەکی (چراخان) دەچوو لە تاریکایی هۆڵی (Torpendohal)ی ئاوەدان لە پێکهاتە و ئامێرەکانیدا، کە توانرابوو بەهۆی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووەوە بەکارهێنانی تیشک و کۆمپیوتەر، وێنەیەکی پرشنگدار، تێکەڵ لەگەڵ جەستەی ئەکتەردا دروست بکەن، تا ئەکتەر و دەرهێنەر سەرلەنوێ رووداوە ترسناکەکان و مەرگەساتی ئەم جیهانەمان بۆ بگێڕنەوە. ئەو نمایشە درەوشەدارە، لە هەموو





شانۆگەرییەک لە چالاکییەکانی (kit)ەوە

ئەوانی تر جودا بوو، نمایشێ بوو رووی گەشی فەنتازیای بەجۆرێ خستەوە بەرچاو کە کاریگەریی لەسەر بینەر هەبێت و بەرەو ئەندێشەی خەونی وای بباتەوە کە دەمێکە لەژێر فشاری واقیعی مادیدا لە یادی کردووین.

ئەو بەرهەمە، بەمانای وشە فۆرمێکی شانۆیی نوێ بوو، ئاوێتەیەکی وێنەیی بوو لەنێوان تەکنیکی هونەری و توانای جەستەیی ئەکتەری لەبەرچاو و، فیلم و وشە، بەتایبەتیش کە لەسەر سێ شاشەوە جەستە و وێنە دەخاتە بەرچاو، دەگاتە لووتکەی شیعریی، چونکە مێژووی جیهانیشمان بۆ باس دەکەن، سێ شاشەی گەورە لە سێ جێگای جیاوازی هۆڵەکەدا هەستەکانی بیستن و بینینیان داگیر دەکرد.

دەرهێنەر لەو نمایشە نامۆیەدا لەگەڵ خۆیدا بردینی بۆ هەردوو جیهانی کۆن و نوێ، لە ئادەمەوە دەستی پێکرد تا گەیشتە گرنگترین

رووداوەکانی ئەم سەردەمە، هەرچەندە ئەو رووداوی واقیع و رووداوی خەیاڵیی رووتی تێکەڵ کردووە، بەڵام خۆی لە راستەوخۆیی بەدوور گرتووە، نمایشێ بوو لە ئاماژەی ئەمڕۆی جەنجاڵدا زمانێکی هونەرییانەی ئایندەخواز دەبینرایەوە، نمایشەکە لەنێوان ئینگلتەرە و هۆڵەندە هاوبەش بوو.

لە سالآنی رابردوودا، چەندین نمایش بە دیدی نوێ و جیاوازیی لە دەرهێناندا بۆ کارەکانی شەکسپیر کراوە، تەواو جیاواز لە لێکدانەوەکانی پێشووتر، هەروەک ئەوەی کار لەگەڵ نووسەرێکی هاوچەرخدا بکرێت، کارەکانی بەپێودانی سەردەم و زمانی شانۆیی هاوچەرخ مامەڵەیان لەگەڵدا کراون، هەرچۆن لەگەڵ شانۆنامەی (یۆلیۆس سیزەر) لەلایەن دەرهێنەری ئیتاڵی (رومیو کاستیللوسیس) کراو بەزمانێکی نزیک لە پاڕانەوەو سروتی نوێ نمایش کرا، بێ لە قرتاندنی کوێرانەی تێکستەکە، بەڵکو لە رێی گوزارشت لە میتافیزیکای رۆحی شەکسپیری و هەندێ جار کەوتنە ناو بوونگەرایی و سۆفیزمەوە کە لە ناخی هزری شەکسپیریدا حەشاردراون و تا ئێستا زۆر کەس نایانبینێ.

ئەو دەرهێنەرە کاراکتەری (یۆلیۆس سیزەر) ی دیکتاتۆری بەپێی رەوتی مێژوویی خۆی خستووەتەوە بەرچاو، بۆ ئەوەش پەنای بردووەتە بەر سەرچاوە مێژووییە راستەقینەکانی چیرۆکەکەو رووداوە خوێناوییەکانی کەوا لە سەردەمی رۆمانیدا روویان داوە، لە رێی کاریگەریی وشە و وێنەی بەهێزەوە کە خەسڵەتیان دابووە نمایشەکە دەرهێنەر توانیبووی دەرد و کێشەی سەردەم بخاتە روو، کە ئەویش ململانێیە لە پێناوی دەسەڵاتدا، هەرچۆن نمایشەکە بێ مانایی جەنگی



بەڵقانی ئەو دەمەی بیر دەخستینەوە.

ئەو نمایشە سنووری نێوان ئەندێشە و واقیعی رووخاند، کۆڵەکەکانی نمایشەکە بریتی بوون لە وشە و گوزارشتی وێنە و هێما فیزیکییەکانی جوڵەی ئەکتەر، کە بوونە بینراوە خەونێکی بەرچاوی بینەران.

دوا نمایش کە بووە مایەی سەرسوڕمانی بینەران و مشتومڕیان (لیر)ی ئاسیایی بوو، کە نووسەری یابانی (Kishida Rio) سەر لەنوێ دایڕشتووەتەوە، بینەر بینییان لەو تێکستە شەکسپیرییەدا پەندی یابانیی بەکارهێنراوە، ئەو تەنیا (شالیر)ی وەک جەوهەر و مۆتیف هێنا بوو، ئیدی تێکستێکی یەکجار نوێی نووسیبوو، ئەو خانمە نووسەرە شانۆی (نو)ی یابانی و ئۆپرای چینی و سەمای (Thai)ی تایلەندی تێکەڵ کردبوو، دەرهێنەرەکەشی (Ong Keng Sen) ی سەنگافوری بۆ بینەرانی دانیمارکی سەلماند کە چەندە فەرهەنگەکەی دەوڵەمەندە لەرێی بەکارهێنانی جوانکارییە هونەرییەکانی کلتووری ئاسیاییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەکتەرەکان بە شەش زمانی ئاسیایی دەدوان، بەڵام یەک زمان زاڵ بوو بەسەر گوێ و چاو و بیردا، ئەویش زمانی هونەر بوو..

لەو نمایشەدا، کە هەموو جوانییەکانی هونەری ئاسیایی بەو شێوە پڕ ئەفراندنە خرایە روو، ((لیر)) ی ئاسیایی دڵنیایی بەخشی بەوەی (گەرمایی خۆرهەڵات و ئەفسانەکانی و دینامیکییەتی سرووتەکانی) جەخت لەسەر شانۆی ئایندە دەکەنەوە، شانۆیەکی جیاواز کە دەبێتە ئایندەی شانۆی جیهان.

لە ئینتەرنێتەوە: سایتی المسرحیون، ن: د. فازڵ سودانی.

## گرۆتۆڤسکی و شــانۆی هــەژار(*)

(تیۆری نوێ لە نمایشی شانۆییدا، لە ستانسلاڤسکییەوە تا بوال) لە نووسینی (جان میلنج و گراهام لی) کە خاتوو (ئیمان حیجازی) وەری گێڕاوەتە عەرەبی، بڕیارە ئەمساڵ وەک یەکێک لە بڵاوکراوەکانی میهرەجانی قاهیرەی نێودەوڵەتیی بۆ شانۆی ئەزموونگەریی بکەوێتە بەردەست، ئەم کتێبە باس لە ئەزموونە سەرەکییەکانی ئەو ڕێباز و قوتابخانانە دەکات کە لە سەدەی بیستەمدا بینراون، ئەوانەی سەبارەت ئەکتەر و نمایش و ئەو تیۆر و بەرهەمانەن کە بەرجەستەیان دەکەن.

– ناوەرۆکی تری ئەو کتێبە ئەم باسانەن:

– سیستمە تیۆرییەکەی ستانسلافسکی

– ئاپیاو کریچ.. پێشنیاز لە پێناوی چاکسازیدا

– بەرەی میللی، مایرهۆڵد و کۆبۆ

– ئارتۆ و بەیاننامە فەرمییەکەی

– گرۆتۆڤسکی و مەشقی تیۆری

– مێژووی تیۆریزەیی بوال..

ئەم کتێبە شۆڕشێکی لە پەیوەندیی نێوان ئەکتەر و دەق و پەیوەندیی نێوان ئەکتەر و تەختەی شانۆ و دەرهێنەر بەرپاکردووە.





## بەرەو شانۆیەکی هەژار



یوجین باربا

کــتــێــبی (بەرەو شــانۆیەکی هەژار) بریتییە لە کۆمەڵێ وتار و دیدار و لێدوان کەوا دوای خولی مەشقەکانی جێرزی گرۆتۆڤسکی لە دەرەوە نووسراون و ئەنجامدراون، لەگەڵ سەرنجەکانی لەمەڕ نمایش و بەرنامەی شانۆیی و باسکردنی ڕۆژانی مەشق و ئاڕاستەکردنی خوێندکارانی تاقیگە، یان ئەزموونگە، لەگەڵ کۆمەڵە پرسیارێ کە لە کۆڕ و گفتوگۆی هاوڕێ نزیکەکانی وەک (یوجین باربا)دا تۆمارکراون.

هەموو کارەکان هی گرۆتۆڤسکی نەبوون بەتەنیا، بەڵکو (باربا) بەشدارێکی سەرەکیی بووە، بێجگە لە (لۆدفیک فلازین) کە ڕەخنەگر و دراماتۆرگی تیپەکە بووە، ئەو لەسەر چارەسەری تێکستەکان نووسیویە، کۆمەڵە تێکستێک گرووپێ لە دەنگەکان و شانۆگەریی دینامیکییەت جیاوازیی بەرهەم هێناوە، ئامانجی گشتی باوەڕهێنان بووە بەخەڵکی لەبری کارەکانی خودی گرۆتۆڤسکی، هەربۆیە تێپەڕاندن هەبووە و خوێندنەوەی گرۆتۆڤسکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام نەدراوە، چونکە ئەو گەشەیەکی بەجێگایەکی ناکۆک داوە لە بازنەی کارەکانی لە شانۆ و دەرەوەیدا، زۆربەی جاریش قسەو بۆچوونەکانی لەلایەن یاریدەدەرانییەوە تەواو کراون.

ئەم کتێبە و کتێبی (کارکردن لەگەڵ گرۆتۆڤسکی) بریتین لە کۆمەڵێ نووسینی ئەوانەی لە کاردا هاوکاری بوون و لە نووسینەکانیاندا پەیوەندیی خۆیان و گرۆتۆڤسکییان خستووەتە ڕوو.

له وەسفی تایبەتی (مەشقی ئەکتەر)دا هەردوو لەدیدی جیاوازەوە دەدوێن، یەکەمیان ئاگاداری کاری گرۆتۆڤسکی بووە لە مەشقی ئەکتەردا لە ساڵانی ١٩٥٩ _ ١٩٦٢ و ئەمە لای (باربا) تۆمارکراوە، واتە مەشقی رۆژانەی ئەندامانی تیپەکەی، بەڵام دووەمیان مەشقی ئەکتەری تەنیا لە ساڵانی ١٩٦٦ دا تۆمارکردووە، ئەویش بریتییە لە سەرنجەکانی دەرهێنەرێکی بەلجیکی کە لەکاتی دیتنی مەشقەکانی گرۆتۆڤسکی دا تۆماری کردوون، لەجێی شیکردنەوەی هێڵە پانەکانی مەشق، راپۆرتەکانی ئەو باس لەو هەڵچوونەی گرۆتۆڤسکی دەکات لەگەڵ خوێندکارەکانیدا، باربا کەوا بابەتەکەی ناوناوە (سەردەمێکی نوێی شانۆ) بایەخی زۆری داوە بە ئەکتەری (پیرۆز)، هەروەها بەرگەزە سرووتئامێزەکانی گرۆتۆڤسکی.


گرۆتۆڤسکی

کاتێ گرۆتۆڤسکی ئاخاوتنی بۆ خوێندکارانی خوێندنگەی (سار)ی سویدی پێشکەش کردووە، بە شێوازێکی تر قسەی کردووە، باسی لە شانۆکەی کردووە وەک رێبازێکی پێشنیازکراو، نەک وەک یاسایەکی جێگیر، لەوێ ئەو داخوازییەکانی کەمتر کردوونەوە، چونکە ئەوەی لەبەرچاوگرتووە کە بونیادی شانۆگەریی بەندە بە چەند راستییەکەوە کە خوێندکارانی ئەوێ بڕوایان پێی هەیە.

هەموو ئەوانەی لە (بەرەو شانۆیەکی هەژار)دا کەوتوونە بەردەستی خەڵکی، یان لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، یاخود لە رووداوە گرنگەکاندا تۆمارکراون، ئەوانەی لە ساڵانی نێوان (١٩٦٤–١٩٦٧)دا



دەرکەوتوون، زنجیرەی وتارەکان بەرێکخراوی نەهاتوون وەک مێژووی نووسینیان، بەڵکو وەک دەردەکەون باس لە سێ قۆناغ دەکەن: سەرەتایەک بۆ بنەماکانی شانۆی تاقیگە، بایەخدان بە دەق، مەشقی ئەکتەر.

بەدەرکەوتنی ئەم کتێبە لە ١٩٦٨ دا گرۆتۆڤسکی گەیشتووەتە کۆتایی گرنگیدانە سەرەتاییەکانی بەنمایشی شانۆیی.

گرۆتۆڤسکی کە شانۆکەی بە (هەژار) ناوناوە، یان بابڵێین کە تاقیگەکەی بە هەژار ناوناوە، مەبەستی بووە کارەکانی جودابن لەگەڵ ئەو نمایشانەی بینەر ئەورووژێنن، یان بەو شانۆیانەی لێواولێو بوون لە وێنە فیکرییەکان کە لەو دەمەدا یەکجار زۆر بوون.

## شانۆیەکی دروستکراو

گرۆتۆڤسکی ئایدۆلۆژیای شەستەکانی سەدەی رابردووی بە (دژە رۆشنبیریی) ناوبردووە، دەڵێ (ئەو دیمەنە دەزانم چییە، وا ڕاهاتووم بەشێک بم لێی)، ئەو شانۆی هونەریی وەک شانۆیەکی (تەواو) بە دوور زانیوە کە لە چوارچێوەی شانۆیەکی (دروستکراو) واتە (پێکهێنانەوەی شێوەکان) و (مادەی دروستکراو) دەگەیەنێت. هەر لە رێی ناواتاییەوە و بەهۆی پرۆسەی (لابردنەوە) شانۆی هەژار هاتووەتەوە بەرهەم.

ئەم سیستەمەی شانۆی هەژار بەتەنیا لە دابڕینی دیکۆر لە دیمەنەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، یان لە رەتکردنەوەی فۆرمەکانی دیکەی هونەرەوە، یان لە تەکنیکی نمایشی ئەکتەر وەک هەڵسوکەوت و کارەکتەرەکانیان، بەڵکو ئەکتەر (وەک دواین وتارەکانی شانۆی هەژار

باسی دەکات) لە مەبەستی جوولانەوەکانی دادەماڵرێ، لەبریی هەڵچوون و هێنانەکایەی حاڵەتێک، ئەکتەر خۆ دەداتە دەستی نەهێنانەکایەی ئەو حاڵەتە، بەوەش شانۆی هەژار وەک فۆرمێکی خاوێن و نەشێواو بەرەگەزە ناشانۆییەکان خۆی دەنوێنێ، هەروەها لە سروشتی خودی شێوە هونەرییەکەدا رەگەزە هونەرییەکان بەقووڵی خۆ دەپارێزن.

## پەیکەری بنچینەیی

گرۆتۆڤسکی دەستەواژەی (پەیکەری بنچینەیی) بۆ گونجانی مەعنەویی (شێوە هەژارەکە) بەکارهێناوە، پەیکەرێ داپۆشراو بەشانۆیەکی دەوڵەمەند، دیارە شانۆی هەژار دەوڵەمەندە بەجۆرێکی تر، دەوڵەمەندە بەواتایەکی قووڵتر، لەزۆر دیداریدا لەگەڵ (باربا) و لە گفتوگۆکانیدا دەربارەی جۆری ئەو ئەکتەرەی بەدوایدا وێڵە، گرۆتۆڤسکی هێمای شانۆی دەوڵەمەندی بەشێوەیەکی دی باس کردووە، وەک شانۆیەک کە راستییە بازرگانییەکان هێناویە ئارا و ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ، ئەو دەزانێ ئەکتەری ئەو شانۆیە خۆیان هەرزانفرۆش دەکەن! هەر لەئەنجامی ئەوەوە وشەی (هەژار) هاتووەتە کایە، تا واتایەک لەخۆ بگرێت وەک (رێبازی دەستپێوەگرتن) کە دژ بەئایدۆلۆژیای بازاڕ و تیایدا ئەکتەر کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێ، ئەوە لە (سەردەمی نوێی شانۆ) دا بەڕوونی هەستی پێدەکرا.

شانۆی هەژار بەرەنگاری چەمکی بورژواییانەی ئاستی بژێویی دەبێتەوە بەپێی واتای (دەوڵەمەند) بەدیل بۆ سامانی ماددی دادەنێت، هەرچۆن لە شێوەکانی سامانی مۆراڵی و مەعنەویی دیکەی جیا لە شانۆ دەدوێت.



شانۆ ناتوانێ شان بدات لە شانی شێوەی جەماوەریی سینەما و تەلەفزیۆن، شانۆی هەژار بەرامبەر لەخشتە بردنی بازاڕ و جەماوەرێتی وەستاوەتەوە، پێودانی خۆی بەو جەماوەرە خاوێنە دەکات کەوا هەوڵی خۆشگوزەراندن، یان وەرگرتنی (رۆشنبیریی) وەک کالاّ نادەن. هەربۆیە بەرامبەر ئەکتەرێ دەوەستینەوە کە خۆی کردووەتە خەڵاتی شانۆی هەژار.

## بەرهەمهێن

گرۆتۆڤسکی چۆن رۆڵی خۆی لە تیپەکەیدا دیاری دەکات؟ ئەو نەبەرێوەبەر و نەدراماتۆر بووە، بایەخێکی ئەوتۆشی بە سینۆگرافیا نەداوە، ئەو زاراوەی بەرهەمهێنی بەرامبەر کارەکەی خۆی بەکارهێناوە، ئەو وشەی بەرهەمهێنی بەواتای (دەرهێنەر) بەکارهێناوە و رەخنەی لە سیستمی شانۆی تەقلیدیی بەشێوەیەکی توند گرتووە، وەکو بەرهەمهێن ئاماژەی بەهونەرەکانی دیکە کردووە و خۆیشی بە ئەفراندنی کەسانی دیکەوە نەبەستووەتەوە.

ئەو رێبازی ئەو جۆرە دەرهێنەرانەی بەدڵ نەبووە کە هەموو رەگەزە جیاوازەکانیان لە دەرهێناندا یەکخستووە، تەنانەت بەو جۆرە کارانە جارس بووە، هاوکات باوەڕی وابووە کە چەند رەگەزێ لە رۆڵی تەقلیدیی دەرهێنەردا بناغەیی بوون، وەک (هونەری سەرکردایەتی کردن)، لەوێوە چۆنێتی مامەڵەی خەڵکی بە بەهرەیەکی دیپلۆماسی زانیوە، کە بەلای ئەوەوە ئەو بەهرەیە ساردوسڕەو نامرۆڤانەیە و لە سەرکردایەتیدا پەنا دەباتە بەر فێڵ و تەڵەکەبازیی.

وا دیارە لەبریی پەیوەستبوون بە ڕەگەزەکانی دیمەنەوە، رۆڵی

بەرهەمهێن زاڵ دەبێ بۆ پەیوەستبوونی ئەندامانی تیپ بەیەکترەوە، لەئاماژەکانیدا هەمیشە باس لەپەیوەندیی نێوان بەرهەمهێن و ئەکتەر دەکات، بەشێوەیەک بەرهەمهێن کەسێکی زاڵ و تەنانەت (زۆردار)ە، دەبێ ئەکتەرەکانی هەر وەک خوێندکار بۆ مامۆستا مامەڵە بکەن، یان نەخۆش بۆ پزیشکەکەی، یان سەرباز بۆ سەرکردەکانی، یان وەک کەسێکی تەمەن بچووک لەخێزاندا بەرامبەر باوک و برای گەورەی. ئەرکی بەرهەمهێن وەک (مامۆستا) لەناوەوە و دەرەوەی شانۆدایە، تیپەکەشی چۆنێتی پەیوەندیی بە (بینەر)ەوە دیاری دەکات، چونکە (ئەگەر نەشتوانرێ پەروەردەی بینەر بکرێت، خۆ لەتوانادایە پەروەردەی ئەکتەر بکەین)، لەگەڵ بوونی ئەو تێکستانەدا کەوا رۆڵی گەورە دەدەنە شانۆ، هەمیشە دەستەواژەی (پەروەردەی ئەکتەر) لەکۆمەڵدا دووپات دەبێتەوە، چونکە ئەو پەروەردەکردنە یەکجار گرنگە و نەک بەتەنیا وەک هەستکردنی بەرامبەر تیپەکە، یان بۆ درێژەدان بەبواری تەکنیکی بۆ گوزارشتی خودی ئەکتەر، یاخود راکێشانی بینەر بەشێوەیەکی نایاسایی بەلای شانۆدا، (دیارە هەر هەموو ئەو رەگەزانە بەرهەمی کارکردنن)، بەڵام بەپلەیەکی سەرەکیی، پەروەردەی ئەکتەر لای خۆیەتی، ئیتر راهێنەر رۆڵی ناوەندێ دەبینێ لە نێوان ئەکتەر و بەرهەمهێندا و کاریگەریی ئەوەش دەگاتە بینەر، ئەوەش فۆرمێکی باشە بۆ گەشەپێدانی خود.

**رامان**

لە نوسخەی یەکەمی بەرگی (سەردەمی نوێی شانۆ) دا، گرۆتۆڤسکی باس لە تواناکانی قوتابخانەی شانۆ دەکات، لەگەڵ مەشقی خوێندکارانی خوار چواردە ساڵ، بەر لە دارشتنی





نمایشێکی
شانۆی هەژار

جەستەیان، ئەویش لە رێی کۆمەڵێ مەشقی پراکتیکی و پەروەردەی مرۆییەوە کە تایبەت بۆ بەئاگاهێنانەوەی هەست و هۆشیان ئەنجام دەدرێت. لەم قوتابخانەیەدا بیروڕای زانایانی شیکردنەوەی دەروونی و ئەنترۆپۆلۆجیایی کۆمەڵایەتیی دەخرێتە خزمەت ئەکتەرەوە، هەرچەندە، دوای ئەوە، لە هەندێ تێکستی وەکو (بەرەو شانۆیەکی هەژار)دا گرۆتۆڤسکی دینامیکییەتی (مامۆستا / خوێندکار) رەت دەکاتەوە، ئەو سەرلەنوێ پێناسەی پرۆسەی فێرکردن لە ڕوانگەی خۆیەوە دەکاتەوە، ئەوەتا سەبارەت خۆی و کارەکەی دەڵێت:

لەتاقیگەی شانۆی پۆڵەندیدا جێگایەکی تایبەتی سەرکردایەتی کردنم هەیە، هەروا بەئاسانی من دەرهێنەر، یان بەرهەمهێن، یان رابەری رۆحی نیم، بەڵکو بەپلەی یەکەم، پەیوەندیم بەم کارەوە بێگومان تەنیا بەیەک ئاراستە، یان بە فێرکردنەوە نییە...

گەشەکردنی ئەکتەر پەیوەستە بەتێبینی و رامانەوە، لەگەڵ ئارەزووی داوای یارمەتی و هاوکاری کردن، گرۆتۆڤسکی بەرێگایەک سەرنجەکانی ئاراستە کردووە کەوا یارمەتیی خوێندکاری داوە بۆ دۆزینەوەی شتەکان لەلایەن خۆیەوە.

گرۆتۆڤسکی وەک توێژەرێک توانیویە ناخی ئەکتەر ئاشکرا بکات، هەرچەندە ئەو ناوی تیپەکەی لە (شانۆی سیانزە پۆلی) یەوە گۆڕی بە تاقیگە، یان کارگەی شانۆ و دەسەڵاتی پۆڵەندی لە ساڵی ١٩٦٥ دا لە پەیمانگای تایبەتمەندی نمایشدا جێگایەکی باشی بۆ تەرخان کرد، بەڵام دوای ئەوەش گرۆتۆڤسکی بەدەستی (میتۆد)ەوە گینگڵی خواردووە، لە وتاری (ئاشکراکردنی میتۆدەکەم) دا جەخت لەسەر ئەو رێگایە دەکات کە دەبێ هونەرمەند بۆ دۆزینەوەی (یاسا بابەتییەکان) بیگرێتە بەر تا بە پرۆسەی (ئەفراندن) شاد ببێت و تاوەکو ئەکتەر بگاتە ئەفراندن، لەگەڵ ئەوانەشدا گرۆتۆڤسکی دژ بەنووسینی (رەچەتەیە) بۆ ئەکتەر، یان بۆ چۆنێتی ئاراستەکردن، چونکە میتۆدی ئەو جیاوازبوو لەگەڵ میتۆدی دیکەی وەک ئەوەی ستانسلاڤسکی.

دەکرێ گەوهەری وتارەکەی (ئاشکراکردنی میتۆدەکەم) بەوە بناسرێ کەوا گرۆتۆڤسکی خاوەنی میتۆدێکە ئاراستەی ئەکتەر دەکات بۆ ئامادەبوون بەرەو کارەکەیان، ئەم رێنماییە بەر لە هەر چالاکییەکی جەستەیی دەبێ، ئیتر لە مەشقدا بێ یان لە نمایشی شانۆییدا.



**دووانە**

گرۆتۆڤسکی ئەم سیستمە جەستەیی و ئەم مەشقکردنە بەپلەی دووەم دادەنێت لە دوای ئاراستەی ناوەکی، ئەو ویستوویەتی دابەشکردنە دیکارتییەکەی (هۆش و جەستە) رەت بکاتەوە، بانگەشەی ئەوەی دەکرد خاوەنی میتۆدێکە کە جێ بەو (دووانە)یەو ئەو دابەشبوونە لێژ دەکات، لەگەڵ ئەوانەشدا زمانی ئەو، بونیادی تەواوی بەستنەوەی ناوەوە و دەرەوەیە، یان هۆش و جەستەیە، یان ئاراستە و گوزارشتە..

ئەو دەڵێ (با لە هەموو شتە شارراوەکانی ئەودیو دەمامکەکانمان بکۆڵینەوە کە هەموو رۆژێک دەیپۆشین، واتە گەوهەری ناوەوەی کەسایەتیمان، دیارە تێکستی نووسەر یارمەتیدەرمانە تا ناوەوەی خۆمان والا بکەین، هاوکات ئاراستەی ئەکتەر بکەین ناوەوە رووەو دەرەوە بپشکنێ)..

جەستە رۆڵی هەڵخەڵەتێنەر دەبینێ، لەلایەکەوە نهێنگیرەو لەلایەکی دیکەوە ئاشکرایەو وەڵامدەرەوەی ئاماژەکانی نمایشی شانۆییە.

لە سەرجەم نووسینەکانی گرۆتۆڤسکیدا دەستەواژەی (وێنە رۆحانییەکان) دووبارە دەبنەوە، دەشێ ئەوە بگێرێتەوە بۆ ئەو ناوەرۆکەی تیایدا دەنووسێ، هەرچۆن لە قەناعەتی خۆشیدا هەر وەهایە، بۆ ئاماژەی ئەو چوارچێوە رۆحانییە کە سیمایەکی مەجازیی هەیە و ئەوی تووشی تێرامان کردووە، ئەوەتا دەڵێ (بەهەڵە تێم مەگە، من باس لە پیرۆزیی دەکەم، پیرۆزیی دنیایی).. گرۆتۆڤسکی ناسناوی (قەدیسی عەلمانی) بە ستانسلاڤسکی بەخشیوەو (ئیحا) ئەفسانەییەکانی (ئارتۆ)شی بەدڵ بووە، بەرەو ئارتۆ چوونی ئەو

مایەی بایەخپێدان بووە.

گرۆتۆڤسکی دەڵێ (ئارتۆ وانەی راستەقینەی شانۆی پیرۆز دەزانێ)، لە راستیدا نووسینێکی گرۆتۆڤسکی سەراپای رەخنە بووە لە نووسین و بیروڕاکانی ئارتۆ لەمەڕ شانۆ، بەڵام ئەوەی جێگای گرنگیدانی ئەوە (ئارتۆ)ی مرۆڤە، بەلای ئەوەوە، خەمەکانی ئارتۆ و نەخۆشییەکانی ئەویان کردووەتە کەسایەتییەکی گرنگ، هەربۆیە (شانۆ بووەتە بەڵگەیەکی درەوشاوە بۆ چارەسەر و چاکبوونەوە).

## خۆشیی

لەبری ئەوەی شوێن خۆشییە مەجازییەکەی (ئارتۆ) بکەوێ، گرۆتۆڤسکی بەردەوام بوو لە (بەرەو شانۆیەکی هەژار)ەکەی، لەپێناوی گەڕانەوە بۆ نواندن و پەیوەندیی بە ئەکتەرانەوە، ئەو خۆی وا دانابوو کە ئەڵقەیەکی توندوتۆڵە لە زنجیرەی پەیوەندیی نێوان (ئەکتەر و بەرهەمهێن)، کە ئەوەش لە (ستانسلافسکی یەوە بۆ دالین و مایرهۆڵد) درێژەی کێشا تا بگاتە کەسانی دی، ئەو ئاماژەی زۆری دەدا بەمەشقەکانی ستانسلافسکی لەسەر کردارە جەستەییەکان، هەرچۆن ستایشی رێبازەکەی دەکرد بۆ ئامادەکردنی ئەکتەر، بەڵام داخوازیی (ئارتۆ) بۆ ئەکتەر سیستەمێکی تەواو جیاواز بوو، ستانسلافسکی داوای لەئەکتەر دەکرد چی پێ دەکرێت بیخاتە سەر دەورەکەی، بەڵام گرۆتۆڤسکی پێی وابوو پێویستە ئەکتەر دەورەکەی وەکو ئامرازێ بەجۆرێ بەکاربێنێت کە بەهۆیەوە بتوانێ لەو دەمامکانە بکۆڵێتەوە کە رۆژانە هەموومان دەیپۆشین، هەر ئەوەشە گەوهەری ناوەکیی کەسایەتیمان.

گرۆتۆڤسکی باوەڕی بەلۆژیکێ هەبووە کە دەڵێ:



هەر کارەکتەرێک بسپێردرێتە ئەکتەر، ئەو دەورەی دەیبینێ هەر خۆی دەبێ، خودی خۆی... ئیدی سوود لە جەستەی ئەکتەر وەردەگیرێ بەو پێیەی مەشقی وەرزشیی کردووە، چونکە بە بۆچوونی ئەو پەیوەندیی نێوان مەشقی وەرزشیی و ئاماژە شانۆییەکان زۆر لەیەکترەوە نزیکن.

میتۆدەکەی گرۆتۆڤسکی ئەوەندەی تایبەت بووە بە خودی خۆی، ئەوەندە بەکارهێنانی یاساکانی شانۆ نەبووە، هەربۆیە لە تێزەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پراکتیک پەردە لە تیۆر دادەماڵێ، ئیدی تیشک خستنە سەر یاساکانی شانۆ و بیروڕاو داب و نەریتەکان راستەوخۆ لە رێی گوزارشتکردنی جەستەوە دێتە دیی.

## بینەر

کتێبەکەی گرۆتۆڤسکی گەشبینە بەبینەرانی شانۆگەرییەکانی، بینەری بەشدار کە دەچنە شانۆ هەڵگری ئاڕاستەیەکی راست و ڕەوانن بەرامبەر ئەو شانۆیە، هەرچۆن چاوەڕێی ئاڕاستەیەکی هاوتا لە ئەکتەریش دەکرێت، ئەوێ کە توانای درکاندنی ئەفسانەکانی هەیە و ئامادەکاری بەرهەمێکە کە لێوان لێوە لە (شیکردنەوەی دەروونیی)، ئەمانە لە رێی نمایشی شانۆگەریی ئەوتۆوە دێنە دیی کە ژمارەی ئەکتەرانی دیاریکراوە.

هەر لەو کتێبەیدا نیگاری نموونەیی نەخشێنراوە بۆ ئەکتەر و بینەر، کە دیدی گرۆتۆڤسکی دەردەخەن، لەنێو نیگاری بینەراندا (تیر) کێشراوە، ئەویش بۆ دەرخستنی پەیوەندیی نێوانیان، هەرچۆن ئاماژە کراوە بۆ تێکەڵ نەکردنی ئەکتەر و بینەران، ئەمەش بۆ سەلماندنی

ئەزموونێک کە چەندە بایەخ بەئەکتەر دەدرێت بەهەمان شێوەش بینەر جێی بایەخە، یان چەندە ئەکتەر ئامادەبوونی هەیە بەهەمان شێوە بینەریش ئامادەبوونی خۆی هەیە، کەواتە لێرەدا بەهیچ جۆرێ بواری (وەهم) نامێنێ. لە کتێبەکەدا وێنەی فۆتۆگرافیی کۆمەڵێ بینەریش هەیە کە ئامادەی نمایشەکان بوون، کە رەوشی ئەوان و کاردانەوەی نمایشەکان لەسەریان نیشان دەدەن، ئامادەبوونی بینەر کاریگەریی لەسەر دەرهێنانیش هەیە.

لە کتێبەکەیدا (سەردەمێکی نوێی شانۆ) ساڵی ١٩٦٤، ئەو باس لە چۆنیەتی ماوەی نێوان ئەکتەر و بینەر دەکات، لەسەر هەردوو ئاستی ماددی و فەلسەفی، ئەویش بەهۆی لە یەکتر نزیکبوونەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا نزیککەوتنەوەی جەستەیی ئەو بۆشاییە کەم ناکاتەوە کە لەنێوان ئەکتەر و بینەردا هەیە، ساڵی ١٩٦٧ گرۆتۆڤسکی گەشەی



نمایشێکی
شانۆی هەژار



دایە نموونەی دەرکەوتوو لە ئەکتەر و بینەران، بینەران دەوری زۆریان دەدی، بیرۆکەی کاراکتەر بەخشینە بینەران، وەکو نەخۆشی دەروونیی (بۆ نموونە) کە پێویستی دەکرد دەمامکیان پێ بپۆشن، لای بینەر رەت دەکرایەوە، چونکە هەر لەو ساتەدا ئەکتەریش دەیانویست دەمامکەکانیان فڕێدەن و لەرووی خۆیانی بکەنەوە، تا خودی خۆیان ئاشکرا بکەن و سۆزی بینەر بەلای خۆیاندا رابکێشن..

ئەوەی بینەران یەک دەخات رۆڵیانە چ وەک تەماشاکەر و چ وەک شایەتحاڵ، هەرچۆن گرۆتۆڤسکی دەڵێ (ئەکتەر رووبەڕوویان دەبێتەوە و هەر ئەکتەرە گیانی کێبڕکێی لە لا دروست دەبێ، یان جۆرێ لە بزواندن لە ئامادەبوونی بینەردا).

(*) سەرنج:

لەکاتی وەرگێڕان و ئامادەکردنەوە و داڕشتنەوەی بابەتەکەدا هەندێ کورتکردنەوە بەپێویست زانراوە.

سەرچاوە:

رۆژنامەی (المستقبل)ی لوبنانی ٢٠٠٧/٧/٥

## پیتەر بروک-ی نامەکانی چیخەف

## درامییانە دەخوێنێتەوە

دەرهێنەری جیهانی پیتەر بروکی (٧٩ ساڵ) نمایشە شانۆییەکەی، کە ناوی ناوە (دەستت بخە ناو دەستم) لەسەر ٤٠٠ نامەی خۆشەویستیی بونیاد دەنێ کەوا نووسەری شانۆیی رووس (ئەنتوان چیخەف) و ژنە ئەکتەرە گەنجەکەی (ئۆلگا کینبەر)ی ئەندامی شانۆی هونەریی مۆسکۆ، ئاڵوگۆڕیان کردووە، ئەمە پاش ئەوەی (کارول رۆکامۆرا) بۆ شانۆی ئامادەکردوون.



چیخەف



پیتەر بروک

ئەو نامانە تا ئەمڕۆ بۆ هەژانی عاتیفی تایبەت، سەرچاوەن کە دوای تێپەڕبوونی سەدەیەکی تەواو بەسەر نووسینیاندا لە خۆشەویستی و راستگۆیی پڕاو پڕن، گەر وانەبا، ئەوا بەڕێوەبەرانی میهرەجانی (Foops 25) کە شانۆی جیهانیی کۆبنهاگن سەرپەرشتیی دەکات، خەونی ئەوەیان نەدەبوو میهرەجانە هاوینییە ساڵانەکەی بەو نمایشە شانۆییەی پیتەر بروک بکاتەوە.

ئەوەی زیاتریش بووە مایەی



سەرسوڕمانی بینەرە دانیمارکییەکانی نمایشەکە، پاڵەوانێتی ئەم کارە لە نێوان ئەکتەری ناسراوی سینەمایی (میشێل بیکۆلی) و ئەکتەری شانۆیی بەناوبانگ (ناتاشا باری)ی هاوسەری پیتەر بروک دابەش کرابوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سۆزو خۆشەویستیی داهێنەرێکی وەک (چیخەف) لە تەمەنی سی ساڵیداو (ئۆلگاکینبەر) لە تەمەنی بیست ساڵیدا، لە لایەن ئەو جووتە ئەکتەرەوە بە یەکتر دەسپێردران. ئەوان بەوپەڕی سادەیی و شەفافییەت و بە شاعیرێتیی مەزنەوە عەشقی نووسەرێکی شانۆیی و ئەکتەرێکی بە توانایان لە شەش ساڵی تەمەنیاندا نمایش دەکرد.

هەڵبەت ئێستا کارێکی هێندە ئاسان نییە لە بابەتێکی وەها بدوێیت و لەم زەمانەدا زەحمەتە نامەی خۆشەویستیی خاوێن و دێرین زیندوو بکرێنەوە، بە تایبەت کە ئەوڕۆ هەموو شتێ درۆزنەو ئەگەری لەناوچوونی هەیە، بە خۆشەویستیشەوە!

میتۆدی نواندنی هەر دوو ئەکتەر لە پێناوی زیندووکردنەوەی ئەو دوو کاراکتەرەدا پەیوەست بوو بە رێبازی نوێی دەرهێنانەوە کە لە لایەن (بروک)ەوە بونیاد نراوە و لە دەرهێنانی شانۆییەکانیدا لەم شەش ساڵەی دواییدا پراکتیزە کراوە، ئەویش بە پلەی یەکەم پشت دەبەستێ بە ساکاری و چڕکردنەوەی هونەرییانە لە هەر شتێکدا، ئیتر لە جووڵەی ئەکتەردا بێت، یاخود لە سینۆگرافیای نمایشەکەدا دوور لە ئاڵۆزی و تانوپۆی شانۆیی (بە بیانووی ئەزموونگەرییەوە) کەوا دەکات (بیرۆکە) بە شێوەیەک تەمومژاویی بێت، کە بینەریش سەری لێ دەرنەکات!

ئەمە رێبازێکی دەرهێنانەو بناغەی نووسینی گرنگترین کتێبەکانی

(بروک)ە، وەک (پانتـایی بەتاڵ)ەکـەی، بـەڵام پڕاو پڕە لە دەوڵەمـەندیی کاری تەعبیریی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ.

هـەر لەم روانگەیەوە، دەرهێنـەر لە سـەرجـەم نمایشـەکـانیـدا هـەوڵ دەدات بگاتە ئەکتەرو پانتاییەکی شیعریی گوزارشتکەر کە شانۆی هاوچەرخ بەهۆی پەسەندکردنی شانۆی سانا، یاخود یەکجار زبرو قورس و چەلەحانی، لەدەستی داوە.

لێرە بەتاڵ، یان (بۆش) بەمانای (هیچ) یان (نەبوون) نایەت، بەڵکو واتای ژیانە، وەک بگوترێ ئا لەم پانتاییەدا شتێک روودەدات، یان گرفتێ چارەسەر دەکرێت، بە مانایەکی تر، بروک بیرۆکەی نمایش چڕ دەکاتەوە، هەروەها جووڵەی ئەکتەرو وێنە لە پانتایی شانۆدا تا دوا پلە، بەجۆرێ روون و خاوەن گوزارشت بێ و هاوکات قووڵ و شەفاف لەبەرچاوی بینەر، کە دەبێتە هۆی ئەوەی نمایشێکی روون ببینێ لە ئاماژەکانیداو قووڵ لە ماناکانیدا، جووڵەی ئەکتەر گەرم و گوڕە و بەزوویی دەگاتە ناخی بینەران.

بروک، لە کاروانی هونەری دوورو درێژی خۆیدا، کە لە نیو سەدە زیاترە زۆر شێوازی تاقی کردۆتەوە و گەلێ تیۆری پراکتیزە کردووە، ئەو بەئەزموونی خۆی گەیشتۆتە ئەم میتۆدەی دەرهێنان کە گوزارشتی ئاشکرایەو دەوڵەمەندەو لەو ئاقارەوە نمایشێ دێنێتە ئارا، کە پەیوەستە بە راستگۆیی ناخ و هەستی بێگەردی داهێنەرێکی وەک چیخەفەوە.



## نامەی شاعیرانەی گەرموگوڕ

چیخەفی چیرۆکنووس و درامانووس و هەروەها پزیشک، لە شانۆی هونەریی مۆسکۆ بەئەکتەر (ئۆلگا کینبەر) دەگات، لەو شانۆییەی بە سەرپەرشتی دەرهێنەرو بیرمەندی رووسی (ستانسلافسکی) بەڕێوە دەچوو و چەند شانۆنامەیەکی چیخەفی بە شانۆ شاد کردو سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا، هەر وەکو (لالۆڤانیا)و (سێ خوشکەکە) و (باخی گێلاس) و هەندێکی دیکە، ئەوان (چیخەف و کینبەر) هەستیان بە هەژانی خۆیان دەکرد بەرامبەر یەکتر، ئەوە بووە خۆشەویستی و هاوسەربوونیانی لێ کەوتەوە، ئەو هاوسەرییەی تەنیا شەش ساڵی خایاند (چیخەف لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد)، چیخەف چونکە دوچاری نەخۆشیی (سیل) بوو بوو، بەناچاری ژیانی ناوچەیەکی گەرمی وەک (ماڵتا)ی هەڵبژاردبوو، ئەوەش یارمەتیی دەدا بۆ نووسین، بەڵام (کینبەر)ی دڵخوازی بەهۆی کاری شانۆوە ناچاربوو لە مۆسکۆ بژی، هەر بۆیە نامە درێژەکانیان تەنیا هۆ بووە بۆ گوزارشتیان لە خۆشەویستی نێوانیان و ئەو پەیوەندییە دەگمەنەیان.



ستانسلافسکی

ئەوان باسی گیروگرفتەکانی ژیان و ئەفراندنی شانۆییان لەنامە پڕ لە سۆزو شاعیرانە گەرمو گوڕەکانیاندا کردووە، ئەوانەش وایان کردووە نمایشەکەی پیتەر بروک /چیخەف (دەستت بخە ناو دەستم) ببێتە نمایشێ لە خۆشەویستی و شانۆ.

تێکستە ئامادەکراوەکە، لە کەشی نامە چیخەفییەکانەوە لەگەڵ میتۆدەکەی (بروک)دا دەگونجاو یارمەتیی دەدا گوزارشتێکی دەگمەن، پشت بەستوو بە رستە چڕوپڕەکان بکات، نامەکان لەدوو توێیاندا لایەنێکی گرنگ هەبوون، ئەویش شاعیرێتی هەست و سۆزەکان، کە بەدوور بوون لە توندوتیژیی واقیع، خۆشەویستی و ژانی دووریی زیندووبوون، هەر بۆیە تراژیدیای لە یەکتر دابڕانیان، یان دووریی ناچارییان، چیرۆکی پڕ لە عەشقی نێوان ئەو ژن و مێردەی لێ کەوتۆتەوە، عەشقێ سەرچاوەکەی لە یەکتر گەیشتن و رێزی راستگۆیانەی ژیانی رۆژانەی یەکترو بیانوو هێنانەوەیان بۆ کاری ئەفراندنیان، لەوێوە سەرسامیی ئەو پەیوەندییەیان دەردەکەوێ، ئەوان داهێنەر بوون لە شانۆ و خۆشەویستی و ژیاندا، لەوێشەوە بایەخی نمایشی ناوبراو بەرروونی دەردەکەوێ.

لەو نمایشەی پیتەر بروک (دەرهێنان) دوورە لە هەڵچوونەوە، ژاوە ژاو و دەنگە دەنگ نییە، بەڵکو گوزارشتی بێدەنگییەک هەیە دەگاتە ئاستی کاریگەریی شیعری و تیایدا جوانییەکی زۆر لە دووریی چیخەف و ژنەکەی دەرسکێ، ئەو جوانییانە زۆریان لە نواندنی (ناتاشا باری) و (میشێل بیکۆلی)دا رەنگیان دەدایەوە، ئەوان لە پانتایی تەختەی شانۆدا دەجووڵانەوە کە هەر لە سەرەتاوە سێ کورسیی داپۆشراو بە قوماشی سپی لەسەر شانۆکە دابەش کرابوون، بەڵام ئەکتەرەکان شوێنیان بەپێی پێویست و گوزارشتی رووداوەکە، هەر وەک رابردوو دەگۆڕێت.

ئەمە بێجگە لەو پەردە سوورەو فەرشێکی سەر زەوییەکەو مێزێکی نووسین، کە ژوورەکە هەر لەوە دەچوو ژووری بێ بۆ خوێندنەوەی



شانۆنامەیەک کە بەتیشکی سپیی رووناک بووبێتەوە، هەموو ئەوانە کەشێکی دڵتەنگیان رەخساندبوو کە کاراکتەرە چیخەفییەکان بە لێو بە باریی خۆیانەوە تیایدا بێن و بچن، تا ئامادەکاری (نامەکان) سوور بووە لەسەر ئەوەی نمایشەکە گوزارشت بێ بۆ کۆمیدیایەکی رەشی شاعیرانەی شەفاف.

لەو سینۆگرافیایەدا ئاگری چیرۆکی خۆشەویستییەکی بەهێز دەسووتێ، کە بەگڕی دابڕان و دووریی نێڵە نێڵێتی، جارێ هەردوو ئەکتەر دوور لە رووداوەکانن و بەسەرهاتی عەشقی چیخەف و خانمەکەی بۆ بینەران دەگێڕنەوە، باسی ژیانیان دەکەن کە پڕ بووە لە شانۆ و شانۆییەکانی چیخەف و هەلومەرجی نووسینیان دێننەوە یاد، یاخود لەگەڵ گێڕانەوەدا دێنە ناو رووداوەکە و هەر شتێ دەنوێنن کە پەیوەست بوون بە ژیانی ئەوانەوە، وەک چۆن لە رابردوودا روویان داوەو لە نامەکاندا هاتوون.

یان کاتەکان تێکهەڵکێش دەکرێن، بۆ نموونە ئەو دەمەی چیخەفی (باش و شەرمن) ناتوانێ ئارەزووی خۆی بەرامبەر ستانسلافسکیی دەرهێنەری بیرمەند بدرکێنێ و هەمیشە وەک رێزدانان بۆ ئەو، سەری رەزامەندی دەلەقێنێ، بیروڕای راستەقینەی بۆ ژنەکەی دەنووسێ، ئێستا هەردوو ئەکتەریش رای خۆیان لای بینەران ئاشکرا دەکەن، نمایشەکە باس لە رووداوێکی راستەقینەی نێو یەکێ لە نامەکان دەکات، ئەویش باسی نامەیەکە کە بەسەرهاتی یەک لە شانۆنامەکانی دەگێڕێتەوە کە لە شانۆی مۆسکۆ نمایش کراوەو تیایدا ستانسلافسکیی دەرهێنەر نەیتوانیوە بگاتە سروتی شانۆییەکەو ئەو کۆمیدیا رەشەی لەسەری بونیادنراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە

دەرهێنەرەکە لەو قۆناغەدا بیری لای ریالیزمی فۆتۆگرافیی نوقمی ناتوریالیزم بووە، ئەو ویستوویەتی سروشت و ژیان وەک خۆیان بگوێزێتەوە سەر شانۆ، دوور لە بەشانۆکردنی پێویستی نمایش.

جارێکی دی هەردوو ئەکتەر لەگەڵ چیخەف و هاوسەرەکەی ئاوێتە دەبنەوە، (ناتاشا) دەبێتە یەکێک لە کاراکتەرەکانی (سێ خوشکەکە)، ئەمەش دەمانباتە لای میتۆدی (شانۆ لە ناو شانۆدا)، بروک ئاگاداری تەکنیکی دەرهێنانە، بەڵام بێ زیادەڕۆییەکی ئەوتۆ، ئەو شێوازی چڕکردنەوەی هەموو شتەکانی پەیڕەو کردووە، ئێسکسوار نییە تا ئەکتەر بەکاری بهێنێ، بۆ نموونە کاتێ بڕگەی نامەکان دەخوێننەوە بێ بوونی کاغەز ئەنجامی دەدەن، یان کە برووسکەیان پێدەگات هەر بە جووڵە ئاماژەی بۆ دەکەن.

بەهایەکی هونەریی دیکە پشت بە تەکنیکێ دەبەستێ کە پەیوەندیی بەئامادەکردن و دەرهێنانی نمایشەکەوە هەیە، بۆ نموونە کە (کینبەر) لەدیدی خۆیەوە رووداوی پێشوو بیر دێنێتەوە، هەمان رووداو لە دیدی چیخەفیشەوە گوزارشتی لێ دەکرێ لەگەڵ توانج و پێکەنین و گاڵتەی تاڵ، کە کار لە بینەران دەکەن، هەندێ جاری دیکەش هەردوو ئەکتەر تێکەڵ بە رووداوەکان دەبن، یان دوو رووداو تێکەڵ دەبن بەیەکتر و پێکەوەو بەنۆرە دەیگێڕنەوەو قسەی یەکتر تەواو دەکەن.

هەروەها، چونکە رابردوو بە چڕی لە رووداوەکاندا بوونی هەیە، دەرهێنەر بایەخ بەدەنگی شەمەندەفەر دەدات، کە هەر لە دەنگی مەرگ دەچێت، ئەمە زۆر گرنگە، لێکدانەوەیەکی شیاوە، چونکە هەمیشە مەرگ لە ماڵەکەی چیخەفدا شانی داداوە، ئەویش بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە، هەر بۆیە پەردە گەورە هەڵواسراوەکە بەڕەنگە



سوورەکەیەوە سەرنج دەبات و بە نەجووڵاندنەوەی وەڕسیی بەدوادا دێت. هەر چۆن بۆ گوزارشت لە رابردوو دەنگی (تەلەگراف)ی کۆن دێ لە نادیارەوە.

بەر لەوەش کە چیخەف بدوێت، شەپقەکەی دەکاتە سەری و گۆچانەکەی هەڵدەگرێ و پەنا دەگرێ لە تەنیشتێکی کەمێ تاریکدا، ئیتر بێجگە لە بۆشایی و شانۆکە چی دی بۆ (ئۆلگا) نامێنێ «ناتاشا» تا کۆتایی شانۆگەرییەکە کارێک دەکات واهەست بکەیت (ئۆلگا) خنکاوی «بۆشایی» بووە لەدوای مەرگی چیخەفەوە، بەهەردوو لێوی وشکهەڵاتووەوە بۆ لە دەستدانی مێردەکەی و بەڕەنگی پەڕیوەوە، کە دەزانێ جارێکی دی چاوانی ئەو جووتە چاوەی (چیخەف ـ بیکۆلی) نابیننەوە! بەچاوانی کە هەروەکو منداڵ دەیڕوانییە جیهان چونکە دەزانێ، جارێکی دی یەکتر نابیننەوە! ئاوا (ئۆلگا، ناتاشا) بە سەرسوڕمانەوە لەدوا نامەیدا دەپرسێ (ئەو نامەیەی ناتوانێ رەوانەی بکات بۆ خۆشەویستییە لە دەستچووەکەی)، بەڵام ئەو دەیبیستێ، بیکۆلی (چیخەف)ی مردوو دەیبیستێ، لە تاریکایی قووڵایی شانۆکەدا تەنیا زەردەخەنە لەسەر لێوانی دەبینرێت.

**نواندن**

(ناتاشا باری) بەوپەڕی ناسکییەوە لەسەر شانۆکە دەجووڵایەوە، لە جووڵەیدا ئەوپەڕی گوزارشت هەبوو، بە جووڵەیەکی ساکارەوە کە بەدەستی دەیکردو دەستی بە قژە سپییەکەی خۆشەویستەکەیدا دەهێنا، بۆمان دەردەکەوت چەندە سەرسامە بەئەفراندنی خۆی، یان کاتێ شاڵەکەی دەدا بە شانیدا، بەو جووڵە بچووکە سادەیە گوزارشتی لە نیگەرانیی خۆی دەکرد بەرامبەر مێردەکەی، وەک ئەوەی

بخوازێ جارێکی دی نەخۆشیی رووی تێ نەکاتەوە، بەڵکو جارێکی تر بتوانێ بۆ ژیانی شەوێکی دی و ئاهەنگێکی تر مۆمی لەگەڵدا داگیرسێنێ.. ئەمیش لای خۆیەوە تێدەگەیشت، لە هەستی ئەو دەگەیشت و هەر چۆن لە جووڵەی خۆیەوە لە هەستی ئەو دەگەیشت، هەر چۆن لەجووڵەی دەستە پڕ لە سۆزەکانی و دەنگە ناسکە کاریگەرەکەشی دەگەیشت کە باسی ئەمی بەوپەڕی سەرسامییەوە دەکرد.

بەڵام (میشێل بیکۆلی)، هەرچەندە بەوپەڕی شاعیرانەوە گوزارشتی لە ژیان دەکرد، جەختی لەسەر ئەوە دەکردو بۆ مەبەستەکەشی پشتی بەمیتۆدەکەی ستانسلافسکی بەستبوو هەرچۆن لە کتێبەکەیدا (کاری ئەکتەر لەگەڵ خۆی و دەوروبەرەکەیدا) هاتبوو، واتە شێوەی لەگەڵدا ژیان و جووتبوونی تەواو لەگەڵ دەورەکەیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەکی لەنێوان خودی خۆی و دەورەکەیدا بەپێی میتۆدەکەی (برێخت) هێشتبووەوە، ئەوەش زۆربەی جار لەلایەن (پیتەر بروک)ەوە پەیرەو کراوە لە کارەکانیدا.

هەر بۆیە هەردوو ئەکتەر (بیکۆلی و ناتاشا) لەژێر کاریگەریی شاعیرانەی (پیتەر بروک) لە شانۆدا، بەجووڵەی خۆ نیشاندانی خێراو درۆزنانەو جلوبەرگی رەنگاو رەنگی سەرنج راکێشەوەو بەو جووڵاندنەوەو ئاماژە زۆرانەی کە لەناویاندا رۆحی ئەکتەر ون دەبن بینەرانیان نەخەڵەتاندبوو، بەڵکو پشتیان بەستبوو بەئاماژەی خاوەن گوزارشت و روونیی هەستیان، بەحەق ئەکتەری خاوەن ئەزموونی دیار بوون، بەو پەڕی گاڵتەئامێزی و کۆمیدیاوە نزیک کەوتبوونەوە لە گیانی چیخەفەوە.



دەرهێنەر لەم نمایشەیدا، رەگەزە پێویستەکانی گرژیی درامیی خستبووە بەرچاو، کە لەسەر بناغەی هەستێکی ئاوێتەو سۆزی خاوێنی کاریگەر لەسەر بەزەیی بینەران بونیاد نرابوو، بەڵام بێ لە سۆزێ لە قەرەباڵغی و شێوازی شەفاف کەوا پەیوەندیی بەواقیعییەتی بونیاددانەوە هەبێ، چونکە شانۆی پیتەر بروک شانۆی ئەکتەرە، هەر بۆیە دەرهێنەر پەیوەست نەبوو بەدرێژەی شتەکانەوە تا سەردەمی چیخەف و لێکچوونی زۆری نێوان چیخەف و (بیکۆلی) ئەکتەر بگوێزێتەوە.

ئامانجی سەرەکیی پیتەر بروک لەم نمایشە، جەختکردنەوەیە لەسەر رەتکردنەوەی کۆتایی تراژیدییانەی ژیانی مرۆڤێک و مەرگی ناوادەی کەسێکی داهێنەری وەک چیخەف، ئەویش لەرێی دەرخستنی جوانییەکانی ژیانی و ئەفراندنەکانی، هەروەها لە رێی نیشاندانی ناشرینییەکانی ژیان بە هۆشیارییەکی سەرسوڕهێنەوە بەرامبەر هەموو ئەوانە.

سەرچاوە:

سایتی (الحوار المتمدن) ژمارە ١٩١٨، ١٧/٥/٢٠٠٧، ن/ د. فازڵ سودانی

## سارۆیان...

## ئەو نووسەرەی خەڵکی سادەو ساکاری خۆشدەویست



ئەرمەنییەک ئەفسوونی خۆرهەڵاتی (بەحوکمی وابەستەبوونی) لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، ئا بەو شێوەیە (ولیام سارویان) لەسەر زمانی پاڵەوانەکانیەوە دەدوا، ئەو نووسەرە ئەمریکییە بەو جۆرە گوزارشتی دەکرد و جوانترین چیرۆک و شانۆنامەی لە کیشوەرە نوێیەکەدا دەچاند و فەلسەفەی خۆی لە گوزارشتی پیرۆزدا رادەگەیاند، وەک (هەڵبەت رق و کینە بەململانێ و هاودژەکان، بەخۆشەویستیی خەڵکی لەناو خۆیاندا لەناو دەچێ، چونکە شتێکی دیکە جگە لە خۆشەویستیی نییە).

ئەو دڵنیا بوو لەوەی چەوسانەوە و کڵۆڵی جۆرەها ژانیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵام تێکستەکانی ئەو ئاوێنە بوون بۆ خەڵکە سادە و



ساکارەکە و هونەرمەندانە خۆی بە خۆشەویستیی مرۆییانە چەکدار دەکرد و هەمیشە هیوایەکی لەدەم کەلەوە بەدی دەکرد.

ئەو سوور بوو لەسەر ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیان، چونکە سوور بوو لەسەر خۆشەویستیی خودی ژیان، دەشیزانی ژیانی رۆژانە و گونجان و تەبایی لەگەڵ گەردووندا بۆخۆی جۆرە سەرکێشییەکە، سارویان دەڵێ "هەر رۆژێکی نوێ وەکو سەرکێشییەکی نوێ وەهایە، چونکە دەکەویتە خەم و حەسرەتەوە، چونکە هیچ لێکدانەوەیەکی تر نییە بۆ رووداوەکان"، بەڵام پەیوەندیی ئۆرگانیی نێوان مرۆڤ و گەردوون لەسەر بنچینەی خۆشەویستیی بونیاد دەنرێت، پەیبردنی مرۆڤ و لێکدانەوەکانین کە پێگەی لەسەر ئەم جیهانە دەکەنەوە و بەهێزی دەکەن، سارویان ئا بەو جۆرە تەماشای مرۆڤی دەکرد.

د. نەبیل راغب لە (فەرهەنگی ئەدیبانی ئەمریکا) دا لە باسی ئەودا وتوویەتی "مرۆڤ، دەربازبوونە لە کۆت و پێوەندی ساتەکانی ئێستا و گەیشتنە بە بواری دیکەی بارگاوی بە هێزە لەرادە بەدەرەکان، کە دەوریان داوە".

مرۆڤ لای ئەو، پێکهاتەی بناغەیی ئەم گەردوونەیە، هەربۆیە دەتوانێ بە باشیی تێی بگات، ساڵی ١٩٣٤ کە سەرەتای ناوبانگی ئەدەبیی ئەو بووە، لە چیرۆکی (بەتەنیا خۆمان دەزانین زیندووین)دا گوتوویەتی "تەنیا لەو مردنە پڕ نەمرییەدا پێک دەگەین".

ئەو ژیانی سەخت بووە، چوار ساڵ لە هەتیوخانە و حەوت لە قوتابخانە و سیان لە سوپادا و هەموو جار گوتوویەتی "وام دەزانی زەمەن زۆر بارگرانە و بەقورسیی بەرێوە دەچێت، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت من هەڵەم و خەمەکانم هەر لەدایکبوونمەوە لەگەڵمدا

هاتوونەتە دنیاوە".

سارویان ساڵی ١٩٠٨ لە شارۆچکەی (فریسنۆ)ی سەر بەویلایەتی کالیفۆرنیا لەدایک بووە و لە خێزانێکی ئەرمەنیی هەژاردا گەورە بووە، لە پێناوی بژێویدا زۆرێک لە رەشە خەڵکەکەی ناسیوە و بەناچاریی پەنای بردووەتە بەر دابەشکردنی رۆژنامە و پۆستە و پاشان لە کێڵگەیەکدا کە هەتاو دەستوپێی سووتاندوە، کاری کردووە.

هەر ئەو ئەرمەنییە هەژارە بوو کە پاشان خەڵاتی (پۆلتیزەر)ی ئەدەبیی پێ بەخشراو ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، تەنانەت ئەو (رۆژنامە فرۆشە) بووە دیارترین نووسەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەی بیستەمدا.

لە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە:

* دڵم لە زەوییە بەرزەکاندایە.

* رۆژانی تەمەن.

* خەڵکی ئەشکەوت.

پزیشکێکی حەڵەبی بەناوی (تۆرۆس) بەسەرهاتی دیدارێکی لەگەڵ سارویاندا لە دوکانێکی بەرگدرووی شەقامی (لاڤایت)ی پاریس بەم جۆرە دەگێڕێتەوە:

کە ناسیمی، گوتی:

– من خەڵکی حەڵەبم خۆشدەوێ، چونکە کەسانی سادە و ساکارن، بازاڕ و قەڵاکەیم خۆشدەوێ، باشە تۆرۆس، لە سوریا شانۆتان هەیە؟

– بێگومان هەمانە.. نووسەریشمان هەیە بۆ شانۆ دەنووسن.

– ئەی تۆ بۆ نانووسیت؟





دیمەنێک لە شانۆی سارویان

– ئاخر من نازانم بۆ شانۆ بنووسم.

– من فێرت دەکەم، تۆ ژن و منداڵت هەیە، زۆر چاکە، هەڵبەت هەندێ جار لەگەڵ ژنەکەتدا دەبێتە شەڕتان.

– نا.. خوا نەکات؟

– با، چۆن شەڕتان نابێ؟ درەنگ دەگەڕێیتەوە و سەرخۆشی، ئەویش داوای پارەت لێ دەکات و تۆش پێت نییەو ئیتر دەبێتە شەڕتان، دە یەک دوو لاپەڕە لەسەر ئەوە بنووسە.. یان، کچەکەت درەنگ دێتەوە و لێی دەپرسی لەکوێ بوویت، دەڵێ "جا تۆ هەقت چییە، من ئازادم..!".

یان بەکـورەکـەت دەڵێی بچـۆ جگەرەم بۆ بکرە و ناچێ، بەناچاریی خۆت دەچیت.. لەوانە بنووسـە.. دوای مـانگێ دەبینی شـەست لاپەڕەت نووسـیوە و بووەتە شـانۆنامـە، ئەوسـا خەڵکی ئەڵمـانیا و یابان ئاشنا دەبن بەشانۆی ئێوە و خەڵکی ئەمریکا و پاریسیش حەڵەب دەبینن..

ئەگەر بەڕاستگۆیی بنووسیت شانۆگەریی بەهێز دەخرێتە بەرچاو.

– بەڵام من نووسەر نیم.. من پزیشکی بێهۆشکەرم..

– زۆرچاکە.. کەسێ لەنێو دەستەکانتا گیانی نەسپاردووە؟

– با، منداڵێکی سیانزە ساڵ بوو، عومەری ناو بوو..

– دە کـەواتە دەتـوانی بەهـەمـوو هـەسـتـی خـۆتەوە شـانۆنامـەیەک بنووسیت.. گرنگ ناو و رەگەز و ئایین نییە، ئەوە رووداوێکە و دەکرێت ببێتە شانۆنامەیەکی باش..

– چۆن؟

– بەخۆت بڵێ: ئای عومـەری بەسـتـەزمـان، لـەبەری ژیانت نەخوارد، ئای دایکە کڵۆڵەکەی عومـەر، ئاواتەکەی مـرد و بووە هـاوڕێی خـەم بۆ هەتا هـەتایە.. ئای بـاوکی نەگـبـەتی عـومـەر، وای دەزانی کـوڕەکـەی گـەورە دەبێ و دەبێـتـە پزیشکێ، یان ئـەندازیارێ، یان پـارێزەرێ.. تۆ خۆیشت، هەڵبەت پرسیوتە: بۆچی مرد، گەر بژیایە چ زیانێکی دەبوو؟!

ئا ئەوە سـارویانە، ئەو کـەسـەی بـەویسـتی خـۆمـان پەیکەری مـرۆڤی بۆ دادەتاشـین، ئـەو نووسـەرەی لە بەرهـەمـە شـانۆییـیـەکانیـدا خـەون و ئاواتەکانی دەدرکاند، ئەو خـەونانەی بە خـۆشـەویسـتیی مـرۆڤ گـەورە دەبوون.

سەرچاوە: سایتی: المسرحیون، عبدالفتاح قلعەچی.

# شانۆی خۆر.. بۆچی؟

## خوێندنەوەیەکی پرسیار ئامێز لە روانگەیەکی دیکەوە



ئاریان مینوشکین

رەنگە کەسانێ بە سەرسوڕمانەوە بپرسن:

بۆچی (مینوشکین) شانۆی خۆری هەڵبژارد؟ باشە ئەو ناولێنانە بۆچی، ئاخۆ تەنیا هەر ناونیشانێکەو هەروا دانراوە، یان ناولێنانە بۆ پیادەکردن لە میتۆدێکی کارکردندا؟

یاخود ئاگرێکەو دەمانسووتێنێ تاوەکو (ئەمرۆ) بەململانێکانی رابردوو رووناک ببێتەوە و لە نوێترین ئەزموونی مینوشکینیی بەئازاردا (خۆشەویستی و مەرگ)[١] پێمان بڵێت (ئێمە، هەموومان هاوبەشین لە گشت تاوانێکدا کە لە دەوروبەرماندا روودەدەن).

### لە دەرهێناندا دیموکراسییەت لە پای چی؟

ئەی بۆچی نمایشی کارێکی شانۆیی پشت بەدەقێکی نووسراو نابەستێ؟ ئەمانەو پرسیاری زۆری دیکە کە لەم ئەزموونەوە دەکەونەوە، ئەزموونی (شانۆی خۆر)، کە لە دیدێکی سەرچڵانەوە هاتووە و لەدایکبووی سیاسەتی نوێی کارو بەرهەمهێنانی شانۆیی





نمایشێکی مینۆشکین

(مینوشکین)ە کە بەدرێژایی بیست ساڵی رابردوو بەکاری بەردەوام و شێلگیرانە جێگیری کردووە.

ئەو لە کۆنە عەمبارێکی چەکدا دامەزراوێکی دیموکراسیی بونیادنانەوەو ئەو جێگایەی کردووە بە شانۆکەی، ئەو شانۆیەی گروپێکی (٤٠) کەسیی کاری تێدا دەکەن، ئەوان لەنێو خۆیاندا (کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیی بەرهەمهێنانی شانۆیی)یان پێک هێناوە و لەژێر دروشمی (یەکسانیی تەواو لە کارکردندا) شانۆ بەرهەم دێنن، نمایشەکانی گروپەکە سیمای دیموکراسییان پێوە دیارە. بۆ نمایشی (چێشتخانە)[٢] گروپەکەی مینوشکین چەند مانگێک لە چێشتخانە گەورەکانی پاریسدا سەرنجی چۆنێتی کارکردنی کارمەندەکانیان دەدا.

لەو شانۆگەرییەدا کە لەرووی رەخنەو جەماوەری بینەرەوە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، ئەکتەرەکان بڵاو بوونەوە، بینەران لەسەر شانۆکەوە دەهاتنە ژوورەوەو بەشێ لە ئەکتەران پێشوازییان

دەکردن، بەشێکی دیکە لە شوێنی نانخواردنەکان خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش دەکردن، ئەمە هەمووی لەسەر ڕێگا و ڕێنمایی مینوشکین، هەندێکی دیکەیان لە چێشتخانەکەدا خۆراکیان دەکوڵان، هەندێ دیکە پاک و خاوێنییان ڕادەگرت، یان گسکیان دەدا و قاپیان دەشت، هەندێکی تر دیکۆریان ئامادە دەکرد یان جلوبەرگیان ڕێکدەخست، ئەمانە هەمووی بەرامبەر مووچەیەکی مانگانە کە مینوشکین پێی دەدان بەیەکسانی، ئەو نمایشەکەی ئاوا ساز دەکرد وەک سڵاوێکی بەر لەوادەی نمایشەکە بەپێی فەلسەفەیەک کە خۆی باوەڕی پێی هەبوو.

لەژوورێکی تەنیشت پانتایی شانۆکە، خواردنی پێشکەش بەبینەران دەکرد تا ئەو بینەرە یەکەم شایەت بێ بەرامبەر نمایشێ کە سرووتێکی میللی و جەماوەریی کە تیایدا نهێنییەکانی چۆنێتی پرۆسە شانۆییەکە لەبەر چاوی بینەردا ئاشکرا دەبێ، ئەو بینەرانەی کە بەئازادیی بەهەموو شوێنێکی ئەو جێگایەدا دەسووڕێنەوە، ئەمەش هەرگیز فرت و فێڵی شانۆیی نییە، هەر چۆن هەڵخەڵەتاندنی بینەریش نییە، بەڵکو گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەیە لە فەلسەفەیەکی هاوبەش و بەکۆمەڵ کە (مینۆشکین) لە خانوویەکی دێریندا کە (کۆنە عەمبارێکی چەک و تەقەمەنی بووە) جێبەجێی کردووە و کردوویە بە جێگایەک بۆ شانۆکەی کە هەموو مەبەستێکی ئەوە بووە بینەرانی لەوە تێبگەن کە هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان ئەوان و ئەکتەرەکان و ڕووداوەکان لە هێڵێکی وەهمی زیاتر نییە.

ئەم فەلسەفەیە لەگەڵ بانگەوازەکەی (پیتەر برۆک)دا هاوڕایە کە دەڵێ (دەبێ یەکەمجار بینەر قایل بکەین کە کارەکەی ئێمە بێ پێچ و





مینۆشکین

پەنا و فرۆفێڵە، ئێمە هیچ شتێکی لێ ناشارینەوە، دەبێ هەرچییەکمان لەدەستدایە بیخەینە بەردەمی، بۆی بسەلمێنین کە هیچی لێ ناشارینەوە). ئەمە تەواو بەپێچەوانەی ئەو تیۆرەوەیە کە دەڵێ (ئەکتەرەکان هەروەک سیحربازەکان وەهان، نهێنیی پیشەکەیان دەپارێزن و لەگەڵ خۆیاندا ئەو نهێنییە دەبەنە گۆڕەوە).

هەر چۆن فەلسەفەیەکە لەگەڵ (ئارتۆ) و شانۆکەی دەگونجێ، ئەو شانۆیەی کە بەمیتۆدی نوێوە مامەڵەی لەگەڵ (کۆمیدیای دیلارتی) و شانۆکانی (نو) و (بونراکۆ) و (کاتالی)ی هیندیی کردووە، بەهەمان شێوە لەگەڵ میتۆدەکەی (کۆبۆ) دا تەبایە کە وا لە ئەکتەرانی دەکات مەشقی سەرپێیی نیورۆژە بکەن لە شوێنە تەریکەکاندا.

کەواتە، دیسانەوە دەپرسین: شانۆی خۆر لە فەرەنسا لە پای چی؟

ئەی بۆ لە وڵاتێکی وەکو عیراق ئەو شانۆیە نییە، ئەدی (خۆر خۆری من نییە) وەک شاعیرێک وتوویەتی، ئەدی سەییاب نەیگوتووە (الشمس اجمل في بلادي من سواها... والظلام حتى الظلام هناك اجمل فهو يحتضن العراق).. بۆچی خاتوو (ئاریان مینوشکین)ی فەرەنسی، ئەدی بۆ (شذى سالم و عواطف نەعیم) پرۆژەیەکی ئاوا دیموکراسی بونیاد نەنێن، بۆچی شانۆی ئەمڕۆمان پێویستی بە شێوازێکی وەها نییە تا پەیوەندیی ئەکتەر بەدەرهێنەر و هونەرمەند بەدامەزراوەوە گرێ بدات..

پرسیار زۆرن:

– ئێمە لەکوێداین؟

– لەکوێی (ئارتۆ) و توندوتیژییەکەی ئەوین؟

– لە (پیتەر برۆک) و پانتاییە بەتاڵەکەی؟

– لە (گرۆتۆفسکی)و هەژاریی شانۆکەی؟

– لە (کانتور) و مەرگە شانۆییەکەی؟

– ئێمە لەکوێدای (بیرۆی بەرازیلی) و خەمە شانۆییەکەی ئەوداین؟ لە (کاترینا بوزیانۆ) و شانۆی وێنەی؟

– کواین، لەکوێدای حەمید محەمەد جواد و سەلاح قەسەب و شانۆی وێنەداین؟

– ئاخۆ ئەمانە جەختکردنەوە نین لەسەر قسەی ئەو شاعیرەی کە گوتوویەتی:



نمایشێکی دیکەی مینۆشکینی دەرهێنەر



بێدەنگی... تاجی ژنە، بەڵام بەهەمان شێوە تاجی سەری پیاوان نییە...!

– ئاخۆ دەرکەوتنی ژنە دەرهێنەرێکی ئەفرێنەر و دانپێدانراو هەروا بەسانایی هاتووەتە دیی؟!

سەرنج:

پەراوێزەکانی ۱، ۲ دووان لە نمایشە شانۆییەکانی مینوشکینی دەرهێنەرن.

سەرچاوە:

سایتی: فنون المسرح، النخلة والجیران، ۲۰۰۷/٤/۱۰، ن: خالد ئیما.

## ئەبسن.. ڕێبەری شانۆی نوێ



هنریک ئەبسن (١٨٢٨-١٩٠٦)ی نووسەری شانۆیی نەرویجی، بە باوکی شانۆی نوێ ناسراوە، ئەو لەسەرخۆ رووی کردۆتە لێکۆڵینەوەی واقیعییانە لە ژیانی سەردەم، دوای ئەوە بەرەو درامای رەمزیی (سیمبولیزم) هەنگاوی ناوەو بە روونی لەو رێبازە هونەرییەدا کاری کردووە.

لەگەڵ پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکانیدا (لە قۆناغی پێگەیشتنیدا)، گەشەکردنی هونەرەکەی بەڵگەنەویست بووەو هێماکانی نێو شانۆگەرییەکانی بەقووڵی کاریگەرییان لەسەر بینەران جێهێشتووە.

یەکەمین شانۆگەریی ئەبسن (کاتالینا)ی ساڵی ١٨٥٠ شانۆگەرییەکی جددی رۆمانتیک بووە و لە بنیادا کاریگەریی (سکریب)و لە کەرەستەشدا کاریگەریی (شیلر)ی لەسەر بووە، پاشان چەند شانۆگەرییەکی مێژوویی نووسیوە کە خاوەن پێشینەی ئەسکەندەنافی بوون و باشترینیان (فایکن هیلجلاند) بووە لە ساڵی ١٨٥٨، هەروەها (خۆنیشاندەران)ی ١٨٦٤.



هەر لەو ماوەیەدا لە (بیرجن) وەک راوێژکاری ئەدەبیی کاری کردووەو پاشان بووەتە راوێژکاری یەک لە شانۆکانی (ئۆسلۆ)و شانۆگەرییەگی گاڵتەجاڕیشی بەناوی (بەزمەساتی خۆشەویستی) نمایش کردووە.

ساڵی ١٨٦٣ لەسەر حسابی میری هەلی چەند گەشتێکی بۆ رەخساوە، دوای دوو ساڵیش مووچەیەکی خانەنشینی بۆ بڕدراوەتەوەو ئیتر لە دەست خەمەکانی گیرفان و بژێویی ژیان رزگار بووە. ئەو مووچەیە دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی یەکەمین شانۆنامەی بووە کە یەکجار گرنگ بووەو بەناوی (براند)ەوە ساڵی ١٨٦٥ لەچاپدراوە.

(براند) شانۆنامەیەکی جددیی ئەو بووە کە بەشیتر نووسراوەو لە خانەی شانۆی رەمزیدا بووە، بەڵام چەندین جار وەک خۆیی و بەتەواوی تێکستەکە نمایش نەکراوە.

شانۆگەرییەکانی چەندین جار نمایش کراونەتەوەو ئاشکرا بە ئاشکرا بیرو رای ئەویان دەربڕیوە، خەوشێکی سەرەکیی لە کارەکانیدا نەبوونی گیانێکی گاڵتە ئامێز بووە، هەروەها بەرروونی گونجاندنی نیشاندراوە، ئەوانەش چەند کەموکوڕییەک بوون و لە کاری داهاتوویدا کە(بیرجنت)ی ساڵی ١٨٦٧ چارەسەری کردوون، هەرچەندە گاڵتە ئامێزیی هەرگیز نەبووەتە خاڵێکی بەهێز لە شانۆگەرییەکانی ئەبسندا.

(بیرجنت) فەنتازیایەک بووە دەربارەی پاڵەوانێکی سەرگەرم کە سەراپای ژیانی بەتاڵ و شیرینەوە گوزەراندووەو ئەو سەرگەرمییە مرۆییەی بە هەڵچوون و دڵڕەقی شکاوەتەوە، دواجار هەستی کردووە بوونی خۆی لە خۆشەویستی کچێکی ساکاردایە کەلەوەوبەر لە پێناوی



نمایشێکی شانۆگەریی ماڵی بووکەشووشە

ئامانجی گەورەدا لە سەرەتای ژیانیدا دەستی لێ هەڵگرتووە.

دوو شانۆگەریی ئەو بەهەر ڕێگایەک بێت چوونەتەوە سەر جیهانی ویژدانی و ئەوانیش (یەکگرتووی لاوان)ی ١٨٦٩ و هەردوو بەشەکەی (ئیمپراتۆرو جالین)ی ساڵانی ١٨٦٩ و ١٨٧٣ بوون، یەکەمیان شانۆگەرییەکی داشۆڕین (هیجائی) بووەو دووەمیان مێژوویی بەتان و پۆ بووە.

ئیتر ئەبسن درامای کۆمەڵایەتی نووسیوەو ڕووداوەکانیان پەیوەست بوون بەشارە بچوکەکانەوە، ئەو جۆرە درامایە لەگەڵ ناوی ئەودا هاتووە.

یەکەمین ئەنجامی ئەو کاراسنەشی چوار شانۆنامە بووە کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر درامای جیهانی هەبووە، ئەوانیش



بریتی بوون لە:

١ـ کۆڵەکەکانی کۆمەڵ/ ١٨٧٥–١٨٧٧

٢ـ ماڵی بووکە شوشە/ ١٨٧٨–١٨٧٩

٣ـ تارماییەکان/ ١٨٨١

٤ـ دوژمنی گەل/ ١٨٨٢

لەو شانۆنامانەدا، ئەبسن بنیادی پتەوی شانۆیی و بوێریی و لە هەڵبژاردنی بابەتدا (کە تا ئەو کاتە باو نەبووە) یەکخستووە، لە یەکەم و چوارەمیاندا باسی لە گەندەڵی ناوخۆیی و ساختەکاری کردووە، لە دووەمیشیاندا جێگای ڕاستی و درۆ لە ژیانی هاوسەرگیریدا، بەڵام لە سێیەمیاندا لە نەخۆشیی ئەندامەکانی زاووزێ (وەک وێنەیەک بۆ گەندەڵیی ژیانی خێزان) دواوەو شانۆگەریی (تارماییەکانی) ئەبسنیزمی کردووەتە مەسەلەیەکی زیندوو.

دوای ئەو شانۆگەرییانەی کە ئەبسنیان گەیاندووەتە ئەوپەڕی ریالیزم، جارێکی تر ڕووی کردووەتە (ڕەمز) و لە (مراوی) ساڵی ١٨٨٤ سامانی ریالیزمانەی دەوڵەمەند کردووەو مراوییەکی کەم ئەندامی وەک مراوییەکی ڕاستەقینە و وەک ڕەمزێک بۆ کچە پاڵەوانەکەی نیشان داوە، گەورەن لە(ڕوموز سولم)ی ساڵی ١٨٨٦یدا شوێنی کردووەتە ڕەگەزێکی کاریگەر بۆ هەوڵدانەکانی ژنێک کە کاتی خۆشەویستییەکەی دەدات بۆ کارکردن.

ئەو دوو شانۆگەرییەی لەگەڵ (هیدا جابلد)ی ١٨٩٠ کە لەیەک کاتدا بەزمەسات و مەرگەسات بووەو دەربارەی خۆشەویستی و لەخۆبایی بوون دواوە، بە لووتکەی کارەکانی ئەبسن ناو دەبرێن.

لە کارەکانی دواتریدا، وەکو (خانمی دەریا)ی ١٨٨٨و (بنیادی



نمایشێکی شانۆگەریی دوژمنی گەل

مەزن)ی ١٨٩٢و (ئیولفی بچکۆلە)ی ١٨٩٤، سیمبولیزم رووەو هەڵوەشان چووەو وەک بەزۆر ئاخنراو وابووە بۆ نێو پەیکەرێکی واقیعی و بەردەوام مەترسی تێکشکاندنی لەسەر بووە، لەدوا شانۆگەرییەکانیدا، (جۆن جابریل بورکمان)ی ١٨٩٦ (ئەو دەمەی بەشوێن مردووەکاندا دەگەڕێن)ی ساڵی ١٨٩٩ سیمیولیزم تەواو پەرش و بڵاو بووە، لە هەردوو حاڵەتدا رەمزییەتەکەی (براند) هاتووەتەوە ئارا (سەرکەوتن بەچیادا وردە وردە مرۆڤ لە راستییە هەمیشەییەکان نزیک دەکاتەوە).

دەسەڵاتی ئەبسن لە شانۆدا بەهێز ماوەتەوەو هەمیشە کارە لاوازو باشەکانی نمایش کراونەتەوە، زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین کاریگەریی ئەو لەسەر نووسەرانی هاوسەردەمی و نەوەکانی دوای خۆی هەبووەو



بانگەوازی ئەو بەشێوەی راستەوخۆ بووەو، یان ناڕاستەوخۆ کاری تێ کردوون.

ڕێبازی ئەو کە رووکردنە ریالیزم بوو بەشێوەیەکی فراوان، بەڵام ئەوە لە بواری بابەتدا رەنگی دەدایەوە، نەک چارەسەر، چونکە لووتکەی کارە ریالیزمییەکانی ئەبسن هەرگیز لەگەڵ دراماکانی نووسەرە ناتوالیزمە فەرەنسییەکاندا بەراورد ناکرێت کەوا کۆششیان بۆ ئەوە بووە لەسەر شانۆ نمایشی مرۆڤ بکرێتەوە دەقاو دەق وەک خۆی، بەبێ هیچ فرتو فێڵێک.

مایەوە بڵێین، بەڕاستی هەمیشە ئەبسن شاعیر بووە، تەنانەت لە نووسینی پەخشاندا، ئەندێشەی ئەو تاکو ئەمڕۆ کارەکانی زیندوو هێشتوونەتەوە، بەڵام زۆربەی شانۆییەکانی نووسەرە ناتوالیزمەکان لە بیرچوونەتەوە.

سەرچاوە:

د. وليد البكري، موسوعة اعلام المسرح والمصطلحات المسرحية، عمان، ٢٠٠٣

## دیاردەی تیرۆر
## لە بەرهەمەکانی (پیسکاتۆر و برێخت)دا

هەرچەندە (Walter Laqueur) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێناسەی (تیرۆر) چ ئێستاو چ لە ئایندەی چاوڕوانکراودا ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ هەندێ لە رەگەزە بنچینەییەکانی ئەو زاراوەیە باسیان لێوە بکرێت.

فەرهەنگی (Blackwell) بۆ هزری سیاسیی پێناسەی تیرۆر بەوە دەکات کە (شێوەیەکە لە شێوەکانی توندوتیژی سیاسی، بەرامبەر دەسەڵاتی میریی دەنوێنرێت، بەڵام زۆرجار خەڵکی ئاسایی پێوە دەبن، مەبەست لێ دروستکردنی کەشێکی تۆقێنەرە، تا میری وەڵامی داواکاریی تیرۆریستەکان بداتەوە.

لە بەریتانیاش یاسای دژە تیرۆر لە ساڵی ١٩٧٦دا لەبەندی (١٤) یەکەمدا باس لە تیرۆر دەکات بە: بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆ ئامانجی سیاسیی، واتە پەنابردنە بەر کاری توند وتیژی بۆ چاندنی ترس لە دڵی خەڵکیدا.

دەکرێ لەو پێناسانەوە، سێ دیاردە بۆ تیرۆر دیاریی بکەین، یەکەم: دەبێ تیرۆر پەنا بباتە بەر چالاکییەکی توندوتیژیی، وەک کاولکردنی موڵک و ماڵ و کوشتنی خەڵک.

دووەم: دەبێ ئەم چالاکییە تیرۆریستانەیە، خاوەنی پێشینەیەکی ئایدۆلۆژیی هاندەر بێت، چونکە توندوتیژیی کوێرانە و بێ هۆکاری



سیاسیی بەتیرۆر دانانرێت و ئەنجامدەریشی بەتیرۆریست نازانرێت.

سێیەم: هەرچەندە تیرۆر بریتییە لە بەکارهێنانی توندوتیژیی بەرامبەر بەدەسەڵات، هەرچۆن لە سەردەمی تیرۆری فەرەنسیدا هاتە دیی، بەڵام لە زمانی نوێدا چالاکیی تیرۆر هەمیشە بەواتای رووبەڕووبوونەوەو کردارێک دێ بۆ گۆڕینی سیستمی باو، پاشان دژ بەدەسەڵاتی دەوڵەت و ئەوانەیە کە پشتگیریی لەو رژێمە دەسەڵاتدارە دەکەن، تەنانەت ئەو خەڵکە ئاساییەش کە دەشێ رازی بن بەدەسەڵاتداریی رژێمەکەیان.

رەنگە هەرسێ دیاردەکە پێکەوە تیرۆر بخوڵقێنن، بەڵام جیاوازیی هەیە لەنێوان چالاکیی توندوتیژانەو ئایدۆلۆژیای سیاسییانە لە مێژوودا، چونکە چالاکیی توندوتیژانە کە لە پەلاماردانی دەسەڵاتدا خۆی دەنوێنێت دەبێتە خەسڵەتی دیاری ژمارەیەک لە تاوانباران، بەڵام ئایدیۆلۆژیای سیاسیی لەگەڵ بانگەوازی گۆڕین لە رەگ و ریشەوە، کۆمەکی جووڵانەوە شۆڕشگێڕانەکان دەکات، بەڵام نەخاچ پەرستان، نە مافیا و نەڕێکخراوی نیشتمانیی ئێرلەندی (Sinn Fein) بەمانای وشە تیرۆریستی نەبوون، ئیتر هەستی مرۆڤ بەرامبەریان هەر چییەک بێت.

هەندێ جار تیرۆر دەبێتە بابەتێکی نموونەیی بۆ درامای نوێ، چونکە دراما بەخێرایی کرداری وروژێنەر، مشتومڕی سیاسیی، ململانێی کەسیی دەگرێتە خۆ، رێگا بۆ بینەر خۆش دەکات بڕوانێتە گۆشەیەکی نادیاری کۆمەڵگای سەردەم، کە رەنگە ئەو دیاردەیە پەیوەندیی بەژیانی ئەوانەوە هەبێت.

لێرەوە ئەو هۆکارانە دەکۆڵینەوە کە دووان لە رابەرانی درامای

سیاسیی سەدەی بیستەم پێی بوونە خاوەنی ناوبانگ، ئەوانیش (پیسکاتۆر) و (برێخت)ن، واتە لە بابەتی تیرۆردا لە کارە شانۆییەکانیاندا.

## پیسکاتۆر و برێخت و تیرۆر

بۆ ئەنجامدانی باسەکەمان، پەنا دەبەینە بەر دوو بابەتی دژ بەیەکتر، یەکەمیان گەشتی پیسکاتۆر لە سەرەتای کاری کلاسیکیدا، دووەمیش شانۆگەریی هەر چۆن برێخت دەیبینێت، کە ئاماژەکانی بەردیی لە ئایندەی شانۆدا وەدەرکەوتن.



شیللەر

بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژە بە بۆ بەرهەمێکی پیسکاتۆر دەکەم لە ساڵی ١٩٢٦دا کە ئەویش (دزەکان) شیللەرە، هەروەها بۆ بەرهەمێکی برێخت (ئەو رێ و شوێنانەی گیرانە بەر) کە ساڵی ١٩٣٠ برێخت نووسیویەتی.

فریدریک شیللەر شانۆگەریی (دزەکان)ی Schiller لە ساڵی ١٧٨٠دا نووسیوە کە هێشتا خوێندکار بووە، نیشانەکانی ئەم کارە بەتەنیا قۆناغی هەرزەکاریی نووسەرەکەی نیشان نادەن، بەڵکو قۆناغی بەپیتیی ئەدەبیی ژیانی ئەویش دەردەخەن.

شیللەر (دزەکان)ی لەژێر کاریگەری شەکسپیری مەزندا نووسیوە، کە نەیتونی لەبیری ئەو پەنا بەرێتە بەر (کونیل و راسین) وەک نموونەی شانۆی ئەڵمانی، شانۆگەرییەکە بەجۆرێکی میلۆدرامیی



چنراوە، کە دەنگەکانی نادیار و چنینەکە نارێکە، کارەکەی ئەو لەسەر گوتاری درۆزنانە، پەیامبەری خۆگۆڕ، جووتێ برای باش و خراپ و پیرە باوکەکەیان کە وەک (جلوستە)ی شالیر وەهایە، بەوە لە خشتە دەبرێت کە گوایە کوڕە باشەکەی ناپاکی لەگەڵ کردووەو خراپەکەشی خۆشی دەوێت، کارەکەی شیللەر نموونەیەکی ئەدەبییەو تیایدا رەوانبێژی بەهێز و رستەکانی فەلسەفین.

کاتێ (برێخت) ئامادەی نمایشی (دزەکان) بوو لە کۆبوونەوەیەکی سەندیکادا ساڵی ١٩٢٠، یەکسەر هەستی بەخەسڵەتە میلۆدرامییەکانی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا، شیللەر سەرچاوەی ئیلهامی یەکەمین گروپی تیرۆریستەکانی رژێمێک بوو کەوا (ئەسکەندەری دووەم)یان لە ١٨٨١دا تیرۆر کرد، ئەوان لە یەکەمین کۆبوونەوەیاندا لە (لایبزیک) لە ١٧٨٩دا رایانگەیاندووە (بەشێوازێک دەجەنگن کە "ولیەم تیل" پێی دەجەنگا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ شانۆگەرییەکەی ساڵی ١٨٠٤ی شیللەر.

سەبارەت بە (دزەکان)، بەدرێژایی دوو سەدە، ئەو شانۆگەرییە مافی ئەوەی هەیە بانگەشە بکات کە لەو شانۆگەرییانەی باسیان لە تیرۆر کردووە پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، شانۆگەرییەکی وەکو (یۆلیۆس سیزەر) وێنەی کردەوەیەکی تیرۆری کێشاوە کە لە رێی پلانێکەوە رژێمی حوکمڕان دەڕووخێنن، بەڵام (پرۆتس) کودەتایەک بەئەفسەران دەکات، نەک تیرۆریستان، لە (دزەکان)دا هەرسێ رەگەزە پێکهێنراوە باسکراوەکە هەن، کە تیرۆر پێکدەهێنن، کردار بریتییە لە توند وتیژیی، تیایدا شار دەسووتێنرێ و دەست لە کچە راهیبەکان دەوەشێنرێت، دەستەی دزان لە دەرەوەی یاسادا کارئەکەن و دەیانەوێ

هەرکەس لە دەسەڵاتدایە تێکی بشکێنن، لێرەدا پرسیارێ دروست دەبێ: ئایا دەکرێ تیرۆر باش باس بکرێت و ئاخۆ پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیایەکەوە؟

سەبارەت بەپاڵنەرەکانی پاڵەوان قسە هەیە، ئاخۆ سیاسیین، یان شەخسین، (کارل مۆر) بەوە ناسراوە کە لە پێناوی دادپەروەریدا پەنای بردۆتە بەر توندوتیژیی، نەوەک لە پێناوی پارە پەیداکردندا..! کارل مۆر پاڵەوانی دزەکانەو ئەو لە پێناوی دزیدا مرۆڤ ناکوژێت، ئەو باکی بەپارە نییە، بەڵام ئەگەر دەستی بگاتە: خاوەن زەوییەک کە وەکو ماڵات تەماشای جووتیارەکانی بکات، یان کەسێ کەش و فش بەماڵی دزراوەوە بکات، یان کەسێکی تر کە یاسا گەندەڵ بکات و چاوی دادپەروەریی بە بەرتیل کوێر بکات، یان لۆردێکی بچووک لە جلوبەرگی کەشخەیدا.. خودایە.. ئەگەر ئەو لە بێشکەیدا بێ وەکو شەیتان رادەپەڕێ، هەروەک هەموو گیانی ئاگرێ بێ لە تووڕەیی...

کارل مۆر ئەوانە بەم چەند وشەیە کورت دەکاتەوە:

ما دز نیم تا لەگەڵ خەز و شەودا پلان بگێڕم، کاری من سزادانەو بازرگانی من تۆڵە سەندنەوەیە.

لەگەڵ ئەم مۆتیفە روبن هودییە بۆ چارەکردنی هەڵەکانی جیهانێکی بێ بەزەییدا، نکوڵی ناکرێ لەوەی هۆکاری بەرەنگاریی (کارل مۆر) بۆ دەسەڵات لە باوکی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە کە کوڕەکەی رەت کردۆتەوەو پەیوەندیی بەهیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییەوە نییە، ئەو دژ بەزوڵمە، کەچی خۆشی کردۆتە حوکمداری دەستەیەک لە دزان و بەدڵڕەقییەوە مامەڵەیان دەکات. گوزارشتەکانی نیمچە سیاسین، بەڵام نابنە بنەمای هیچ بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەی راستەقینە..



دوای ئەوەی کۆنترۆڵی ماڵەکەی دەکرێت، (مۆر) دەبێتە هۆی کوژرانی باوکی و باریەکی و کچە عاشقێکی، ئەنجام لە رێی پیاوێکەوە خۆی دەداتە دەست میری تا ئەو پیاوە پاداشتێ وەربگرێت و بەو هۆیەوە یانزە منالەکەی بژیێنێت.

دەتوانین بڵێین (دزەکان) یەکەمین شانۆییە لە جیهانی شانۆدا مامەڵەی لەگەڵ تیرۆردا کردبێت، هەردەمی تەوەری سەرەکیی ئەم شانۆگەرییە نیشاندانی چارەنووسی دوو کەسە کە سیاسیی نین و بەهۆی چەند ئەڵقەیەکی میلۆدرامییەوە پێکەوە بەستراون.

کاتێ (Leopold jessner) ساڵی ١٩٢٦ بانگێشتی پیسکاتۆری کرد تا لە شانۆی بەدیمەنی بەرلین دەرهێنانێ ئەنجام بدات، ئەمیش بڕیاری دا کە کارێکی کلاسیکی پێشکەش بکات، بەڵام بەشێوازێ جەماوەری ئەو سەردەمە نوێیە پێی ئاشنا بن، (جیسنەر) دوای شەڕی یەکەمی جیهان وەک بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە دامەزرابوو، ساڵی ١٩١٩ شانۆکەی بە (ولیەم تێل)ی شیللەر کردەوە کە باسی لە خەباتی گەلی سویسری کرد لە پێناوی ڕزگاریی وڵاتەکەیاندا، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەڵمانیای نوێ دوای ڕووخاندنی حوکمی Kaiser.

نوێکردنەوەی کارە کلاسیکییەکان (نەک تەنها نیشاندانی هاملێت لە خوانی ئێوارەداو بە بۆینباخەوە) هەوڵێکی باش بوو بۆ دەرخستنی پەیوەندیی هەریەک لە کارەکانی رابردوو بەخەڵکی سەردەمەوە، ئەمەش بووە باو، نمایشی برێخت بۆ شانۆگەریی (ئەدواری دووەم)ی مارلۆ بەدیدی خۆیەوە ساڵی ١٩٢٤ بە نمایشێکی گونجاو ناوبراوە، جیسنەر کاتێ ساڵی ١٩٢٠ (ریچاردی سێیەم)ی شەکسپیری خستە سەر شان و مەبەستی وەئاگاهێنانەوە بوو لە مەترسییەکانی دیکتاتۆریەت، پاش

ئەوەی (پیسکاتۆر) تۆڵەی خۆی بە (دزەکان) کردەوە، ساڵی ١٩٢٦ (جیسنەر) بیلاتی بەئەڵمانیا شوبهاند لە رابردوویەکی نزیکدا، لە (هاملێت)ی ئەودا (کلاودیوس) وەک (Kaiser welhelm) نیشان درابوو.

هەروەها ساڵی ١٩٢١ ئیریک زیجزل-ی دەرهێنەر (دزەکان) لە بەرگێکی نوێدا خستە سەر شانۆ، بەکڵاوی ئاسن و تۆپی عەیار ٩٨ ملم و بەیداخی سوورەوە!

لەگەڵ ئەوانەشدا، پرۆگرامی پیسکاتۆر رادیکاڵیتر بوو لە (زیجل)، ئەو بە شێوازێکی نەشیاو چیرۆکەکەی نیشان دا، چی مشتومڕی فەلسەفی هەبوو فڕێی دابوو، لە ناوەڕۆکە میلۆ درامییەکەی کەم کردبووەوە دەوری چەندین کاراکتەری لاوەکی نەهێشتبوو، تەنانەت (شبیجل بیرج)ی ئاژاوەچی کردبووە پاڵەوانی شانۆگەرییەکە.!



پیسکاتۆر

پیسکاتۆر لە کتێبەکەیدا (شانۆی سیاسیی) لەسەر ئەو کردەوەیەی ئاوا نووسیبوو: (بیرج) فێڵی درامیی منە، رێکخەر و بارومەتری تایبەتە، من کە ئەوەم دیی هار بووم، ئەو پیاوە بچووکەو (کارل مۆر) کەسێکی گەلۆری رۆمانسییە و چەتە پیاوکوژەکانی دەوریشی لە دەستەیەک دز و جەردە بەولاوە چی تر نین، ئیتر هەرگیز کۆمۆنیست نین، سەیرە، چۆن ئەو پیاوە بچووکە کە بەمانای وشە خراپ بووەو باوکی راستەقینەی نەبوو چۆن لە مەجلیسی لۆردەکاندا خۆی دیوەتەوە! کە هەرگیز خەسڵەتی پیاوی



خۆشەویستی نەبووە!

بۆ روونکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە، پیسکاتۆر بەرگێکی کردۆتە بەری (شبیلبیرج) وەک بەرگەکەی چارلی چاپلن، لەو ماوەیەشدا فیلمەکەی چاپلن (The Gold Rush) لە سینەمای بەرلیندا بەشی شێری پێ برابوو.

سبیلبیرج هاوڕێکانی (مۆر) رازی دەکات ببنە دز، لای شیللەر ئەوە سەرچاوەی نەهامەتی بووە بۆ مۆر، چونکە وا بەرەو خراپە کردن دەچێ، هەر چۆن (ماکبێس) کەوتە ژێر کاریگەریی جادووگەرەکانەوە.

بەڵام لە دارشتنەوەکەی پیسکاتۆردا (شبیلبیرج) هۆشیاری چینی کرێکار بەرز دەکاتەوە بۆ مافەکانیان و پاڵیان پێوە دەنێ بۆ کردەوەیەکی توندوتیژانە بە ئاراستەیەکی سیاسیانە، لە واقیعدا (شبیلبیرج) وەک پیسکاتۆر دەیویست دزەکانی شیللەری کردبووە کۆمەڵێ تیرۆریست، لای پیسکاتۆر مەرگی ئەو پاڵەوانە مەرگی کۆمۆنیستێکی خاوەن خەونە، لەبری ئارەزووی تۆڵەسەندن بانگەوازی ئازادیی بڵند دەبێتەوە،



برێخت

* بەڵام برێخت کەمتر لەسەر گروپە شۆڕشگێڕەکانی نووسیوە، هەرگیز بەو مانایەی خۆی ویستوویەتی تیرۆریستانی نیشان نەداوە، ئەو یەکەم نیشاندانی بۆ وێنەی شۆڕشگێڕەکانی لە (ئەسبرتین) لە شانۆگەرییەکی سەرەتای نووسینەکانیدا بوو کە ئەویش (دەهۆڵ لە شەودا) بوو و ساڵی ١٩٢٢ کە "میونیخ"

بۆ یەکەمین جار نمایش کرا، تیایدا پاڵەوانەکەی (کراجلەر) لە پێناوی شۆڕشێکی هیوا بڕاودا دەستبەرداری ژنەکەی خۆی دەبێت.

ساڵی ١٩٣٢ (دایک)ی نووسی، تیایدا باسی پەروەردەکردنی سیاسیی ژنێکی سادەو ساکار دەکات، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نییە کە گروپە شۆڕشگێڕەکەی ژنەکە یەکێکیانە مەبەستیان بووبێت پەنا بەرنە بەر هیچ کارێکی تیرۆریستانە، لە (تفەنگەکانی سینۆرا کارار)ی (١٩٣٧)یشدا کوڕەکانی سینۆرا خزاونەتە کاری توندوتیژییەوە، بەڵام لە جەنگی ئەهلیدا نەک وەک تیرۆریست، لە (ترس و کلۆلی رایخی سێیەم)ی ١٩٣٨دا خۆمان لەبەردەم دەستەیەک لە بەرگریکاران دەبینینەوە کەوا بەرامبەر فاشییەکان دەجەنگن، بەڵام



شانۆگەریی (دایک)ی برێخت

هیچ ئاماژەیەک نییە بێجگە لە گرتنەبەری شێوازی ئاشتیخوازانە.

هەروەها لە شانۆگەریی (ڕۆژانی کۆمۆنەدا) Commneی ١٩٥٦دا





شانۆگەریی ڕۆژانی کۆمۆنە

باس لە گرفتی پارێزگاری لە شۆڕش بەهۆی هێزەوە کراوە، هەروەها لە داڕشتنەوەی (ئەنتیگۆنا)دا لە ١٩٤٨دا یەک کەس دەردەکەوێ کە تەواو دژ بەدەسەڵاتی زۆردارانەیە.

جێی سەرنجە، لە شانۆگەرییە تەعلیمییەکانیدا، برێخت لە سەرەتای سییەکاندا زۆر لە شیکردنەوەی دیاردەی تیرۆر نزیک بووەتەوە.

ئەو جۆرە شانۆیە میتۆدێکی نوێی بە دراما بەخشی، مەبەستی فێرکردنی چینێک بوو نەوەک دڵشادکردنی جەماوەر، کاتێ دیارترین شانۆگەریی لەم میتۆدە بەناوی (ئەوانەی ئەنجام دران) لە ١٩٣٠دا لە بەرلین نمایش کرا، تیایدا سێ هەزار کرێکار (کۆرسی بڕیاردان) گۆرانییان چڕی، تیایدا توندوتیژی سیاسیی لووتکەی ئەم کارە بوو، بەڵام توندوتیژییەکە بەرامبەر کەسێک بووە لە گروپێکی شۆڕشگێڕ، نەوەک تیرۆر بێ بەرامبەر دنیای دەرەوە.

ئەوەی تێبینی کراوە، لای هەریەک پیسکاتۆر و برێخت زیرەکیی هەیە، بەڵام زۆر سەرکەوتوو نییە، چونکە بانگەواز بۆ شانۆیەکی سیاسیی دەکەن کە روون و ئاشکرا بێ، نەوەک تەم ومژی سەردەمە سەرەتاییەکانی پێوە بێ، بەڵام لای ئەمانیش مشتومڕی عەقڵانی نەبوو، لە یەکێک لە بەشەکانی (شانۆی سیاسیی)دا پیسکاتۆر پێویستیی هونەر لە بوونی (عەقڵی پێگەیشتوو و خاوێندا دەبینێتەوە).. ئەو هەرچەندە گاڵتە بەئایدیای سەدەی نۆزدە دەکات کە شیللەر نوێنەرایەتی کردووە، بەڵام خۆیشی نموونەی ئەوتۆی هێناوەتەوە کە لۆژیکی نەبوون! برێخت زۆر بەباشی ئاگاداری ئەو مەترسییانە بووە کە هاتوونەتە ڕێی نیمچە شۆڕشی دراما:

ئەو سۆزەی ئەکتەرەکان دەریانبڕیوە کاتێ ژنەکانیان لەسەر شانۆ خیانەتکار دەرچوون، بەهەمان شێوە کاتێ سەرمایەدارێ کرێی کەم کردووەتەوە ئەو سۆزەیان دەربڕیوە.

بینەر وا نەماوە لە حاڵەتی چاودێریدا بێت بزانێ ئاخۆ رۆمیۆ بە جولێت شاد دەبێت، بەڵام ئەوان پەرۆشی ئەوەن بزانن، ئاخۆ چینی کرێکار دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن یان نا.

ساڵی ١٩٥٥ ئیرنست شوماچەر (Ernst Schumacher)ی رەخنەگری بەناوبانگی ئەڵمانی گومانی خۆی لەمەڕ شانۆکەی پیسکاتۆر دەربڕیوە، ئەو وتوویەتی (تێخراندنی چەند دیمەنێ لە کارە ئەداو لابردنی نێوانی شانۆ و راستی کە پیسکاتۆر لە هەوڵی بۆ داوە بیهێنێتە دی، وای کردووە وەهمی شانۆیی تەواو رووپۆش کرابێت، تا بینەر بتوانێ بەۆوونی بیر بکاتەوە).

لەگەڵ ئەوانەدا، برێخت هەوڵی داوە زۆرتر گۆڕان بکات، تەنیا لە



ناوەرۆکدا نا، بەڵکو لە فۆرمیشدا و پێشوازی لە شانۆی نوێ بکات، ئەوان، واتە پیسکاتۆر و برێخت دووان لە کەسایەتییەکانی شانۆی سیاسیی سەدەی بیستەمن کە ویستوویانە چارەسەری رووداوەکانی شۆڕش بکەن لە ڕێی توندوتیژییەوە، بەڵام لە پەراوێزدا.

کە هەندێ دیاردەی تیرۆریش لە شانۆیاندا دەبینرێتەوە، ئەوا ئەوان پەردەپۆشی کاری سیاسیی عەقڵانییان کردوون، مردنی پاڵەوانێ، یان کوشتنی کەسێک وەک ئوتومبیلێکی مین ڕێژکراو، یان رفاندنی چەند دەست بەسەرێک نییە، بەکارهێنانی توندوتیژی لای هەردووکیان وەک شێوازێکی خەباتی سیاسیی شتێکی گونجاوە، گەر ئاگاداری بەرگریی ئەوان بین دژی فاشیزم.

سەرنج:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەهەندێ کورتکردنەوەوە لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕراوە:

میشیل پاتیرسون، الارهاب والمسرح الحديث، ترجمة: د. امين حسين الرباط، القاهرة، اكاديمية الفنون، ١٩٩٦.

# تێڕامان لە هونەری-زانستی نواندن

## ١- ئەکتەر کێیە؟

ڕێگا زۆرن بۆ پێناسەو باسکردنی ئەکتەر، بەڵام ڕەنگە هەموو کۆک بین لەسەرئەوەی ئەکتەر بەو سیحربازە دابنێین کە بونیادی وێنەی وەهمی و فریودەر دەکات بە مەبەستی نیشاندانی ڕووداوێکی دیاریکراو، ئەمە بێجگە لە ڕێکخستنەوەی شتەکان، یان سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکان تا وا لە بینەر بکات بڕوا بەو شتانە بکات کە دەیانبینێت، تەنانەت باوەڕ بەوە بهێنێت کەئەکتەر کەسێکی ترە، پێویستە ئەکتەر (فێڵباز) بێت و پشت بەخۆنیشاندان و درۆ و خۆگۆڕین بۆ کەسێکی تر ببەستێت، (واتە کەسێک بگۆڕێت





بەکەسێکی دی)، بەڵام ڕێسای گەمەکە ئەوە دەخوازێت کە ئەکتەر ڕاستگۆیانە خۆی نمایش بکات، بەڕاستگۆیی (درۆ) بکات، خۆگۆڕینی بەجۆرێک بێت کە بەرامبەرەکەی ڕازیی بکات، بەجۆرێک بەرگی ئەو کەسەی تر بپۆشێت کە تەواو نزیک بێت لە واقیعەوە.

لەبەرئەوەی شێوەکانی (فێڵبازیی و درۆو خۆدەرخستن بەجۆرێکی دی و خۆگۆڕین) لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بە هەمانشێوە لە کاراکتەرێک بۆ یەکێکی دی و لەشانۆگەرییەکەوە بۆ یەکێکی دی، هەروەها لە ڕەوشێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە بینەرێکەوە بۆ یەکێکی تر، کەواتە ئەکتەری زۆرزان و فێڵباز ڕەنگی خۆی بەگوێرەی هەر ژینگەیەک دەگۆڕێت و بەپێی (شانۆگەریی و هەلومەرجی، کاراکتەرو پێودانەکانی، بینەرو جۆری و... تاد) بەو پێیە دەکرێت پێناسەی ئەکتەر بکەین بە (مارمێلکە)، یان بەخەسڵەتە سەرەکییەکانی مارمێلکە، کە ڕەنگکردنێتی بەڕەنگی هەر ژینگەیەک تیایدا بێت، تەنانەت دەکرێت ئەم خەسڵەتە بدەینە پاڵ مرۆڤی ئاسایی، چونکە گریمانە وایە کە ئەکتەر کەسێکی ئاسایی نییە، مەبەست لە مرۆڤی ئاسایی ئەوەیە کە پیشەی نواندنی نەبێت، ئێمە لەژیانی ڕۆژانەماندا گەلێک دیاردە دەبینین بۆ خۆگۆڕین و ڕەنگ وەرگرتن، تەنانەت لە تەڵەکەبازیی! بۆ نموونە (قوتابی) لەگەڵ مامۆستاکەیدا کەسێکی بەڕێزەو لەسەرخۆ دەدوێت، بەڵام لەگەڵ پاسەوانەکەدا دەبێتە کەسێکی ترو هەڵسوکەوتی ئەو وەردەگرێت، هەروەها مامۆستا لە بۆنەیەکی دیاریکراودا ویقارو بەئاگایە، بەڵام لە ماڵەوە تەواو جیاوازە، بەتایبەت لەگەڵ کوڕە لاسارەکەیدا، یان لەگەڵ کارەکەرە جوانەکەیدا. نموونەی تریش دەربارەی (خۆگۆڕین لەگەڵ هەر ژینگەیەکدا) زۆرن.

ئەگەر بڵێین نواندن خۆنیشاندان و خۆگۆڕینە، ئەوا دەکرێت دووبارە بڵێین لاسایی و یاریکردنیشە، خۆنیشاندانە لەبەرگی کەسێکی ترداو بینەر دەخەڵەتێنێ کەوا ئەو کەسەی ترە، رەنگە هەندێک ئەم جۆرە قسانە بەسووکایەتی بزانێت بۆ ئەکتەر، بەڵام راستییەکی حاشاهەڵنەگرەو ئێمەی (ئەکتەرو بینەر) لەگەڵ ئەم جۆرە قسانەدا راهاتووین، ئەکتەر لەجیاتی کەسێکی ترە (represent)و لەبری ئەو دەدوێت، بەڵکو هەندێک کار دەنوێنێت (act) لەبری یەکێکی دی، ئەکتەر وەک مارمێلکە خۆی دەگۆڕێت و لەبری کەسێکی تر دەدوێت و هەڵسوکەوت دەکات.

سەبارەت بەئەکتەرو بینەر، هێزی نامۆی هەر نمایشە لەگرژی و تەمومژێکەوە دروست دەبێت کە لەنێوان کردەوەو ئەندێشەدایە، واتە لەنێوان شتی راستەقینەو راستگۆو شتی رووکەش و بانگەشە بۆ کراو، ئەم تەمومژە لەهەموو نواندنێکدا هەیە، لەگەڵ رەچاوکردنی حەزی کۆمەڵێک، یان تاکێکدا بۆ خاوبوونەوەی گرژی و رەوینەوەی تەمومژەکاندا.

هەروەک رۆبرت کوهن(*) دەڵێت: ئەگەر هێزو مەزنیی لە مرۆڤی ئەکتەردا کۆبنەوە، ئەوا خوێنەر دەبێت لە کاریگەریی ئەو مرۆڤە ئەکتەرە بزانێت، دەکرێت ئێمە سەبارەت مرۆڤ پێناسەیەکی کەموکورت بکەین، بەڵام ئەکتەر ئاخۆ توانای پێناسەکردنی هەیە؟

من لای خۆمەوە هەوڵی پێناسەکردنی ئەکتەر دەدەم و دەڵێم: هونەری-زانستی نواندن لە نمایش و ئاشکراکردندایە، هەروەها لە بەشداریدا، واتە گەیاندنی کردار، یان وێنە، یان کاراکتەرێک، یاخود چیرۆکێک بۆ بینەر.



چونکە ئەم پێناسەیەش هێشتا کەمە، دەبێت زیادی بخەمە سەرو بڵێم: ئەم هونەرە پەیوەستە بەڕووبەڕووبوونەوەی ئێستا، لەنێوان ئەکتەرێک و ئەکتەرێکی تر، یان لەنێوان ئەکتەرو بینەر، ئەفسوونی شانۆ بەپلەی یەکەم نواندنە، ئەویش پشت دەبەستێت بەوەی کە بینەر بڕوا بکات ئەوەی لەبەرچاوی روودەدات لەسەر شانۆ ئێستاو لێرەدا روودەدات، بۆ یەکەم جاریش روودەدات، ئەفسوونی ئەکتەریش بەهەمان شێوە لەوەدایە کە وا لە بینەر بکات کەرستەکانی دەورەکەی و کردارەکانی یەکەم جارە دەوترێن و دەکرێن، هەرچەندە چەند هەفتەیەک و بگرە چەند مانگێکیشە سەرقاڵی مەشقی قورس و گرانە بۆ ئەوەی دەیڵێ و ئەوەی دەیکات.

## ٢- کەرەستەکانی ئەکتەر:

دیارە کەرەستەکانی ئەکتەر بریتین لەم سیانە:

١-جەستە.

٢-دەنگ.

٣-بوونی ئەکتەر (یان کاراکتەرەکەی).

شێوازی جۆراوجۆری نمایش ئەوە دەخوازێت کە زیرەکی بنوێنرێت بۆ خزمەتی ئەم کەرەستانە.

توانای جەستەیی لەنێوان ئەکروبات و بانتۆمایم (یان مایم، نواندنی بێدەنگ)دایە، هەروەک شانۆی دێرینی چین، تا دەگات بە زمانی جەستە، کە بریتییە لە سەما و (ئیمائە)، هەرچۆن لەشێوە جیاوازەکانی شانۆی هیندیدا هەبوو، پاشانیش تاکۆپیی راستگۆیانەی جووڵانەوەی رۆژانە، هەرچۆن لە شانۆگەرییە

ناتوراليزمييەكاندا هەبوون، كە ئەويش بەندە بەشانۆيی خۆرئاواوە.

هاوكات توانا دەنگييەكان، كە لەنێوان چڕينی گۆرانی و توانای (تەرتيل) ياخود دەسەڵاتی وتاربێژی، تەنانەت لێهاتوويی لە دركاندنی گوزارشتەكاندا، هەروەها توانای ئاخافتن بە باشيی.

بەڵام سەبارەت بە(بوون)، ئەوا ئەوە نيشاندەدات كەناكۆكی هەيە لە نێوان شێوازی نمايشكاريی لە نواندندا (بە جەختكردن لەسەر نمايش و روونكردنەوە)، لەگەڵ شێوازی دياريكردن (تشخيص) ئەويش بە(جەختكردنەوە لەسەر گێڕانەوەی واقيع و رەگەزی-ئيحتيمالی).

بەڵام بوون (كينونە) هەر ئەو ناكۆكييە ناگەيەنێت بەتەنيا، بەڵكو ناسنامەی مرۆڤايەتی و توانا مرۆييەكان پێكەوە گرێ دەدات. چونكە نواندن دياردەيەكی كۆنەو لەگەڵ مرۆڤدا پەيدابووە، بوونی زۆر لە دركردنە هەستييەكان پێكەوە دەبەستێت، كەڕەنگە رەگەزی تەمومژاويشيان تێدا بێت، هەرچۆن لای مرۆڤی سەرەتايی هەبوون، وەك بەكارهێنانی دەمامك، يان حاڵەتە هەرە شاديی بەخشەكان كە لە سەمای كاهنی سەردەستەی هۆزدا دەبينرايەوە، ئەو سەمايەی خۆی و هۆزەكەی نمايشيان دەكرد تا (خوداوەنديی باران) چێژی لێ ببينێت و هەندێك بارانيان بۆ ببارێنێت، يان تكاخوازيی بن تا گيانە شەڕەنگێزەكان قايل بكات بۆ بەجێهێشتنی ناوچەكانيان.

نواندن كاريگەريی نابێت گەر بريتيی نەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی زيندوويی دەستەيەك ئادەميزاد لەگەڵ دەستەيەكی تردا، ئەمەش ياخود ململانێی لێ دەكەوێتەوە، يان گونجاندن، ئەويش بەپێی رووداو، يان چيرۆكی نمايشكراوی سەر شانۆكە، لێرەوە هۆشياريی بينەران بەرامبەر ئەو ململانێيە، يان گونجاندنە دروست دەبێت، ئيدی دەبنە





بەشداريی گەيشتن بەچارەسەری ململانێ، يان بەبەختەوەريی ئەو گونجاندنە.

ئەم خاڵە (بەشداريی بينەرو هۆشياريی) گرنگييەكی زۆری هەيە بۆ نمايشی ئەكتەرو بۆ وەستانی لەسەر شانۆ لە نمايشدا، هەر ئەويش دەبێتە سەرچاوە بۆ ململانێ و مشتومڕی توند لەمەڕ نواندن، رای جياواز دروست دەبن، چونكە:

-بەرامبەر تەكنيك ئيلهام هەيە.

-بەرامبەر مەشق بەهرەمەنديی هەيە.

-بەرامبەر سەنعەت راستگۆیی هەیە.

-بەرامبەر دەستکرد هەستکردن هەیە.

-بەرامبەر نواندنیش وەک (هونەر) نواندن وەک (زانست) هەیە.

هەندێک جار ئەکتەرەکان دەست بەو زاراوانەوە دەگرن هەروەک دەست بەگۆچانەوە بگرن، بەشێوەیەکی هۆشدارییی بەکاریان دێن، دەزانن چی دەکەن و چییان دەوێت، دەزانن لەودیو کردارەکانیانەوە چ پاڵنەرێک هەیە، دوای ئەوەش لەبری گۆڕینی مەبەست و نیازەکانیان (کە دەبێت رازی کەسی بن) بۆ چەند شێوازێک لە ڕەفتاری جەستەیی، ئەوان دێن و ئەو پاڵنەرانە چڕ دەکەنەوە، چونکە بە بەرهەمی کردارەکانی دەزانن، یان دەیکەنە ئامانجێ و شوێنی دەکەون، وەک ئەوەی ئەکتەر بەخودی خۆی بڵێت: لێرەدا پێویستە تووڕەبم، بۆ دەرخستنی تووڕەیی دەنگم و سیمای تووڕەم، دەبێت بە باشی تووڕە ببم و بگەمە ئەو ئەنجامە.

ئەو نایەوێت تەواو تووڕە بێت، نایەوێت ئەو هەستەی لا دروست بێت، بەڵکو دەیەوێت خۆی وا نیشان بدات.

ئەگەر وا نەکات، ئەوا لە مەشق و نمایشدا دووچاری سەرنەکەوتن دەبێت، ئەوسا دەبێت جارێکی دی بەمەبەست و پاڵپێوەنەرەکاندا بچێتەوەو بەوپەڕی هۆشیارییەوە وێنەیەکی لا دروست بێت، هەروەها دەبێت برەنجێت بۆ وەدەستهێنانی چالاکییەکی هزریی رووت و بەکارهێنانی ئەو چالاکییەش لەخزمەتی جەستەو جووڵانەوەکانیدا.

بەهۆی ئەوەشەوەیە کە هەندێک لە دەرهێنەرەکان ترسیان لە ئەکتەرە تازەکان هەیە، ئەوانەی میتۆد، یان تەکنیکێکیان هەیەو توانای شیکردنەوەی هەر شتێکیان هەیە کە ئەکتەرەکە ناتوانێت



بیانکات و بەبیانووشن، هەربۆیە، ئەمە بەردەوام جیاوازیی و لەیەکتر نەگەیشتن و بەدحاڵی لەکاتی مەشقدا لێ دەکەوێتەوە.

### ٣- بوون، لەگەڵ ئێرە و لە ئێستادا:

باوەڕی "بوون" یان (الكينونه) ئەو دانپێدانانە دەخوازێ کە نواندنی مەزن والاکردنی ناوەوەی ئەکتەرە، زیاتر لە وێناکردنی زیرەکانەی ناخی (ئەو کاراکتەرەی ئەکتەرەکە نمایشی دەکات)، هەر بۆیە دەبینین رێبازی باو لە مەشق پێکردنی ئەکتەردا پشتبەستنە بە کەسایەتی خودی ئەکتەر بۆ وەرگرتنی هەر شتێک کە بەکەڵکی بەرجەستەکردنی ئەو کاراکتەرەی بێت کەوا نووسەر دایڕشتووە.

ئەو، واتە ئەکتەر، رەگەزەکانی کەسایەتی خۆی و رەگەزەکانی ئەو کاراکتەرەی نمایشی دەکات پێکەوە گرێ دەدات تا پێکەوە کەسێکیان لێ بەرهەم بێت و پێشکەش بە بینەر بکرێت، بینەر ئەو تێکەڵبوونە هەست پێ دەکات، بەڵام حەز دەکات زیاتر ئەو کاراکتەرە ببینێت کە نووسەر دروستی کردوە، ئێمەش ئەمە بەڕاست دەزانین.

هێنانەدیی ئەو باوەڕەی دەڵێ (ئەکتەر) خۆی بێت، یان بە واتایەکی تر (بەکارهێنانی خود) هەروا ئاسان نییە، چونکە دەبێ لای بینەر پەسەند بێت، هەروەها دەبێ ئەو شتە دروست بکات کە پێی دەگوترێت (ئامادەبوون)، ئەوەش دەبێتە هۆی "راکێشان" ی بینەر بەلای ئەکتەرەکاندا، هەریەکە بە ئاستی جیاواز.

ئەمە واتای بەکارهێنانی کاراکتەرەکەیەتی بۆ رازیکردن یان نەکردنی بینەر، پاشان، ئەو دەتوانێ چەکەکانی خۆی لە پاڵ چەکەکانی دەستی کاراکتەرەکەیدا بەکار بهێنێ، هەرچەندە لەسەر ئەم خاڵە مشتومڕی زۆر بەردەوامە، (بەکارهێنانی خودی ئەکتەر بۆ

رازیکردنی بینەرانی)، ئەکتەر مافی بەکارهێنانی خودی خۆی هەیە وەک بنەمایەکی تاک و تەواو بۆ بەکارهێنان و گوزارشت لە خود، ئەمە مەرجێکە بۆ نواندنی راست و کاریگەر.

دیارە ئەوە دەزانین کە جیاوازیی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی خود و بەکارهێنانی گوزارشتکارانە لە خود، بۆ نموونە چالاکییە بنچینەییەکانی بەکارهێنانی خود بریتین لە راکشان و دانیشتن و راوەستان و رۆیشتن و هەناسەدان..تاد، کە ئەکتەر زانیی ئەو کردەوە ئاساییانە چین، ئەو کاتە ئامادە دەبێ بۆ گەیشتن بە بەکارهێنانی "گوزارشتکارانە" ی خودی خۆی، واتە توانای خەریکبوون بە دروستکردنی هەڵوێست، یان نمایشێکی نوێ لە هەموو روویەکەوە.

لە راستیدا، ئەم رستەیەی دوایی کورتکردنەوەی رێبازێکی دیاریکراوی مەشقی ئەکتەرە لە ئەمریکا، کە لە میسر لە رێی وەرگێرانە جۆراوجۆرەکانی (ستۆدیۆی ئەکتەر)ەوە شارەزای بووین، دوای جەنگی جیهانیی دووەم (پەیڕەوکارانی ستانسلافسکی) بەڕابەرایەتی (لی. ستراسبرگ) ئەکتەریان فێری وانەی گرنگی پرۆسەی ئەفراندن کرد، بە جۆرێ شێوازی نواندنیان گۆڕی، لێرەوە تەکنیکی نوێ درەوشایەوە کە لەسەر بناغەی (وەلامدانەوەی ئەفراندەرانە) داڕێژرابوو، ئەمەش هەمیشە نیشانەیە بۆ نواندنی باش.

نواندن لە ڕێی بەکارهێنانی خودی ئەکتەر، یان کاراکتەرەکەیەوە مانای ئەوە نییە ئەکتەرەکە شیکەرەوەی سایکۆلۆژییە، یان نوقمی پرۆگرامەکەی "فرۆید" بێت تا خۆی و کەسانی دی فێری هونەرمەندیی بکات، بە واتایەکی تر، دەبێ ئەکتەر (وەک چۆن لە-ئیریک موریس-ی خوێندکاری قوتابخانەکەی "پرۆگرام" لە ئەمریکا-وە حاڵی دەبین)



دەبێ بەسەر خۆی و کەسانی ترەوە چاودێر بێت، دەبێ ناخی خۆی و ناخی کەسانی دی بپشکنێت، دەبێ ((فزوڵی)) بێت، دەبێ بەقووڵایی دەوروبەرەکەیدا رۆچێت و لە هەڵسوکەوتیان شارەزابێت، ئەمە بە تایبەتیش بەسەر ئەو هاوڕێ ئەکتەرانەیدا دەچەسپێ کە هاوبەشیی مەشقکردنی دەبن.

چەندە ئەکتەر گەشە بە هەستکردنی تەواوی بەرامبەر ناسنامەی خۆی بدات، ئەوا ئەگەری ناسین و جووتبوونی لەگەڵ کاراکتەری دیکەی لێ دەکرێت جگە لە کەسایەتی خۆی، چەندەش دۆزینەوەکانی روو لە زیاد بوون بن، ئەوا درککردنی زیاد دەکات بەرامبەر ئەوەی کە سەرچاوەی بێ کۆتایی شک دەبات لە ناخی خۆیدا و دەتوانێ لە نواندنی کاراکتەری جیاوازدا بەکاریان بهێنێت.

هەر وەک "مۆریس" دەڵێ (زۆرجار گرفتەکانی نواندن وەک گرفتەکانی ژیانن)، هەر بۆیە ئامۆژگاری ئەکتەر دەکات و دەڵێ (گەر بۆ ئاشکراکردنی هەر لایەنێکی خۆت لە دەرەوەی تەختەی شانۆ گرفتێکت هەبوو، لەسەر شانۆ گرفتی زۆرترت دەبێت). زۆرجار گرفتی نواندن بێ گۆڕینی شتێک لە ژیانی ئەکتەرەکە چارەسەر نابێت. نواندن، وەک ئاماژەمان بۆ کرد، زیاتر رەگەزی دروستکردنە (واتە درۆ بەشێوەیەکی گشتی)، ئەکتەر بەباشی هەوڵ دەدات تا راستگۆیانە خۆی نمایش بکات، نەک درۆزنانە، هەوڵ دەدات رووپۆشی ئەو دروستکردن و خۆنیشاندانە بە شتە جۆراو جۆرەکانی واقیع بکرێت، تاوەکو بینەر بڕوا بەوە بکات ئەوەی دەیبینێ درۆ نییە، یان هەر نەبێ ببینێ خۆنیشاندانێکی جوانە و درۆیەکە راستیی تێدایە! بەڵام، زۆر جار لە ئەکتەرەکان روودەدات، تا چەند زیاتر هەوڵ بدەن کارەکە



خراپتر دەبێ، چەندە هەوڵی نزیکبوونەوە لە راستگۆییەوە بدەن زیاتر لێی دوور دەکەونەوە و بەرەو لای (درۆ)کە دایدەشکێنن، بۆچی؟ لەبەر دوو هۆ:

یەکەم:- بیرکردنەوەیان لە کرداریان زیاترە، واز ناهێنن، ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە تا لەسەر شانۆ بیکەن بە کردار قورستر دەبێ.

دووەم:- پەیڕەوی هەندێ شێوەی باو دەکەن کە دەکرێ بە (کلێشە) ناویان بەرین، ریتمی دیاریکراویان هەیە کە بۆ هەموو دەورێ بەکاری دێنن، ئەمە بێجگە لە گوزارشتی دەموچاوی دەقگرتوو و پلە جیاوازەکانی دەنگ. ئەوان هەموو وادەکەن، ئیتر لە تەمەڵییەوە بێ یان لە نەبوونی کاتەوە کە نایەڵێت بگەنە داهێنانی راستەقینە، یان تووشی ئەو خەیاڵە بوون کە وا بیر بکەنەوە یان باوەڕیان وابێت کە ئەو کلێشانە کاریگەر و کاران، چونکە لەوەوبەر تاقی کراونەتەوە! لەپاڵ





ئەوەدان کێشەی راستەقینەی ئەو ئەکتەرانە ئەوەیە کە نازانن خاوەنی "راستگۆیی" نین، بەڵکو بڕوایان وایە کە بینەر باوەڕیان پێ دەکات و سەرسام دەبن پێیان، کارەکە بە تەنیا بەشکردنی رستەکانی دەوێ بەوریایی، لەپاڵ کەمێ چوونە ناو دەورەوەو هەندێ هەناسەهەڵکێشان و تەماشاکردنی خەیاڵاوی و دەربڕینی هێمنانەی دەنگ (یان گڕی و نووساویی-گەر کاراکتەرەکە ئەوانە بخوازێ)!

دیارە ئەمانە بەس نین، راستە نواندن بریتییە لە دەرخستن و ئاشکراکردن، یان نمایشکردن، هەروەها بەشداریی بینەر لە سۆزی، یان هەستێکی دیارکراو، یاخود رووداوێ، بەڵام دەبێ ئەو هەست و رووداوە کردارە بگاتە بینەر، گەیاندنێ رازییان بکات، چونکە ئەکتەر لایەنێ نیشان دەدات کە بینەران نازانن چییە، لایەنێکی ئەکتەر، یان لایەنێ نیشان دەدات سەبارەت بینەران و ژیانی ئەوان، یان لە چیرۆک و رووداوەکە و ئەو تەنیا نمایش دەکات بۆ بینەر هاوکات بینەر بەئاگا دێنێتەوە کە دەبێ بەشداریی هەستەکانی ئەکتەر بێت، هەروەها ئامادەی شوێنکەوتنی هێڵەکانی چیرۆکەکە، بەڵام ئەم بەشدارییە بە باشی ناگاتە ئەنجام تا خودی ئەکتەر بە پلەی یەکەم و بە باشی سەرکەوتوو نەبێ لە گەیاندنی سۆز و چیرۆک و رووداوەکەدا، ئەمانە هەرگیز هیچیان بەدی نایەن گەر راستگۆیی نەبێ لە نواندنی ئەکتەردا.

ئەو توانا بنچینەییانەی کە دەبێ لە ئەکتەردا هەبن، لە توێژینەوەی پێشوومانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ ئەکتەر خاوەنی چەند توانایەک بێ تا بینەر بەو کاراکتەرەی دەیبینێ (یان دەبێتە نوێنەری) رازی بکات ئەوانیش:

أ- توانای شیکردنەوە:

واتە شیکردنەوەی کاراکتەرەکەی و هەلومەرجی ژیانی و پەیوەندیی بە کاراکتەرەکانی ترەوە، هەروەها شیکردنەوەی ئەو ژینگەیەی کە کاراکتەرەکەی لێوە خولْقاوە، ئەمە بێجگە لە هۆکارەکانی دروستبوونی کاراکتەرەکەو فشارەکانی سەری و ململانێی لەگەڵ کاراکتەرەکانی ترو شتەکانی ترو بارو دۆخەکان.

بێگومان ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، توێژینەوەی وردو بەئاگایی تەواوی دەوێت، بۆ هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە شانۆگەرییەکەو کاراکتەرەکانییەوە، توێژینەوەیەک بێت کەوا ئەکتەر بگەیەنێتە هەموو واتاکان کە لای نووسەری شانۆنامەکە ئامانج بووبن، هەروەها بۆ خەملاندنی بەهای فەلسەفیی ئەودیو رووداوەکانی و ئەودیو وێنا کردنی کاراکتەرەکان لەلایەن نووسەرەوە.

ب- توانای لێکدانەوە:

دووەمین توانای ئەکتەر، کە هەیبێ یان گەشەی پێ بدات بریتییە لە لێکدانەوەی کردارەکانی کاراکتەرو لێکدانەوەی رووداوەکان، تا بزانێ بۆچی وەهان و نووسەر مەبەستی چییە لە هێما و ئاماژەکانی.

ئەمانە هەموویان ئەکتەر دەگەیەننە ئاستێ کە بتوانێ ئەو واتایانە بگەیەنێتە بینەران، گەیاندنی باشیش واتە گوزارشتی دڵسۆزانەو راستگۆیانەی ماناکان، ئەمیش بەپێی ئەزموون و ئەندێشەی ئەکتەرێک بۆ یەکێکی تر جیاواز دەبێت.

ج- توانای دروستکردنی کاراکتەر:

واتە بیخاتە وێنەیەکی بەرچاو و هاوکات لە گوێشدا بیستراو بێت،





بە مانایەکی تر لە توانایدا بێ ئەو لێکدانەوەیەی بۆ کاراکتەرەکەی کردووە بگۆڕێ بۆ وێنەیەکی جەستەیی، بەشێوەیەک شێوەی جەستەیی کاراکتەرەکەی بەشێوەی جەستەی خۆی دیاری بکات، هاوکات هەروەکو کاراکتەرەکە و بە سروشتی دەنگی ئەو بدوێ، کە ئەمەش دەبێتە شێوازی ئاخاوتنی خودی ئەکتەر، وێنە و شێوەی مادیی جەستەو سروشتی دەنگ وا دەکەن ماناکان لای بینەر ئاسان وەربگیرێت.

## ٤- توانای بەرجەستەکردن و نمایش:

بەو واتایەی کە ئەکتەر خاوەنی وزەو روونیی بێت کە دەتوانن ماناکان بگەیەننە بینەری قەوارە دیاریکراو، دوای ئەوەی ئەکتەر جەستەو دەنگی لەگەڵ جەستەی کاراکتەرەکەی و دەنگیدا دەگونجێنێ، پێویستە ئەو (پێکهێنراوەی)، یان کەرەستەکانی جەستەو دەنگ و بیری لە بەرجەستەکردنی کاراکتەرەکەیدا بەکاربهێنێ و بۆ بینەری نمایش بکات.

دەبێ لە پاڵ نمایشی بەهێزیدا، ئامادەبوونێکی جەستەیی بەهێزیشی هەبێت، هەروەها دەنگی کاریگەرو نایابی، ئەمانە لەتەک تەماشاو سەرنج و گوزارشتە جۆراو جۆرەکانی.

## ٥- توانای دووبارەکردنەوە:

دەبێ ئەکتەر توانای دووبارە کردنەوەی هەبێت، واتە بتوانێ نواندنەکەی سەر لەنوێ چەند بارە بکاتەوە بێ ئەوەی زیندوویێتی لە دەست بدات، دەبێ توانای بەردەوامبوونی تەواوی هەبێت تابتوانێ نمایشەکەی دووبارە بکاتەوە ئەو توانایانە، بێگومان دەبێ دوو هۆکاری گرنگیان لەگەڵدا بن، ئەوانیش (بەهرە) و (ئارەزوو)ن بۆ مەشقکردن، دیارە ئەم دووانەش پەیوەستن بە یەکترەوە، چونکە:

ئەکتەری بەهرەمەند لە هەناوی رەگەزەکانی بەهرەیدا حەزێکی زۆر هەیە بۆ پەرەدان بە خۆی لە رێی مەشقی قورس و گرانەوە، لێرەوە دەبێ قسە لەسەر بەهرە بکەین، نەک تەنیا پێناسەکردنی، چونکە هیچ پێناسەیەکی پڕاو پڕ بۆ بەهرە نییە، بگرە پێناسە هەڵناگرێت.

مێژووی شانۆ سەربوردەی زۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە سەبارەت ئەو





ئەکتەرانەی دیارو مەزنن، بەڵام لە سەرەتای پیشەی ئەکتەریدا رێنمایی کراون و پێیان گوتراوە (بێ توانا) و چاوەڕوانی هیچ جۆرە سەرکەوتنێکیان لێ نەکراوە، لەگەڵ ئەوانەشدا دەبینین دواتر بوونە ئەکتەری وا کە لاپەڕەکانی هیچ سەرچاوەو فەرهەنگێکی شانۆ نەمابێت ناویان نەهێنێت.

بەڵام دەبێ بەهرە لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەدا تێکەڵ نەکەین کە گیرۆدەی تەختەی شانۆن، یان کوژراوی شاشەی سینەماو تەلەفزیۆنن، چونکە زۆربەی ئەوانە بێ بەهرەن، ئەوان تەنیا بەرووکەش شانۆیان خۆشدەوێ.

کەسی بەهرەمەند خاوەنی جەستەو دەنگێکە بە مەشق بۆ شانۆیان کارا دەکات تا کاریگەریی دیاریکراوی خۆیان هەبێت.

ئەو کەسێکە ئارەزوویەکی گەورەی هەیە، بەڵکو پێویستی مەزنی هەیە بۆ بەشداریی ئەزموونەکانی لەگەڵ کەسانی تر، ئەو ئاگاداری دنیای دەوروبەرێتی، بەشێوەیەک وەڵامدانەوەکانی هەستی و هەڵچوونەکانی چڕترن و جیاوازترن لە کەسانی ئاسایی، ئەو هەستیارە بەرامبەر کەسانی ترو دەتوانێ لە هەڵسوکەوتیان بە باشی بگات، تەنانەت ئەوانەشی کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم جیاوازن، ئەو خاوەنی ئەندێشەیەکی ئەوتۆیە کە دەتوانێ لە هەندێ کاتدا

دەستبەرداری خودی خۆی بێت (بۆ نموونە کە دەورێکی مێژوویی دەبینێت)، یان کاتێ کاراکتەرێ بەرجەستە دەکات لە جێگایەکی ئەوتۆ کە ئاشنا نییە پێی.

بەهرەمەند بەجۆرێ زیرەکە بەزوویی لە مەبەستی نووسەرە شانۆیییەکە دەگات چونکە دەتوانێ بەزوویی لە کاراکتەرەکەی بگات، هێندەش ئازاو باوەڕ بەخۆ بووە کە ناترسێ لە درکاندنی بیروڕاو ئەو نەستانەی لە ناخیدان و قووڵترن لە هەستەکانی سەر شانۆ، ئەو هەستیارە بۆ نواندن و ئەزموونداره بەرامبەر هەژاندنی بینەرو ئاڵ و واڵاکردنی کارەکەی.

کەسێ وابێ دەتوانێ (نواندن) فێربێت، بە پێچەوانەوە، نە بەڵام مەشق پرۆگرامە بۆ گەشەدانی بەهرە، کارێکی سەختە، ئەوە دیسپلینی خودی دەوێت و پرۆسەیەکە کۆتایی نایەت، چونکە ئەکتەرێک نییە لە مەشقدا گەیشتبێتە (کەماڵ)، ئەگەر ئەکتەر لە لووتکەی ناوبانگیشدا بێ هەر مەشقی دەوێت، بەجۆرێ لە سەرەتاوە وەک یارییەک لە مەشق دەگات، بەڵام دواتر شێلگیرانە مەشق دەکات و بە (خەبات)ی دەزانێ، خەبات لە پێناوی سەرکەوتندا .

پەراوێز:

* روبرت كوهن، مقدمة في التأثير الطاغي لفن التمثيل، ترجمة وتقديم د. سامي صلاح، مطبوعات المهرجان التجريبي، القاهرة، ٢٠٠٣، ص ١٢.

سەرچاوە:

د. سامي صلاح، الممثل والحربا ودراسات ودروس في التمثيل، سلسلة المسرح (اصدارات اكاديمية) القاهرة، ٢٠٠٥.



# پێڕست

شانۆی چیخەف و باخی گێلاس ........ 5
مۆلێر.. گەورەترین هونەرمەندی سەردەمی خۆی ........ 9
بیرتۆڵد برێخت.. ئەو هونەرمەندەی لە جیهاندا بووە... ........ 17
پانتۆمایم.. نائامادەیی زمان و ئامادەبوونی کردار ........ 23
رەخنەگری شانۆیی ........ 29
ئوجین یۆنسکۆ.. نموونەیەکی زیندووی شانۆی بێهوودە ........ 33
عەبدولکەریم بەرشید رێبەرێکی شانۆی ئاهەنگسازیی کە دوێنێ و ئەمڕۆ... ... 37
بینەری شانۆ.. لە کوێوە بۆ کوێ؟ ........ 43
پەیامی رۆژی شانۆی جیهانی٢٠٠٧ ........ 49
Kit کلتوور و ئەزموونی هەمەجۆر لە شانۆیەکی نوێدا ........ 53
گرۆتۆڤسکی و شانۆی هەژار ........ 65
پیتەر بروک–ی نامەکانی چیخەف دراميیانە دەخوێنێتەوە ........ 79
سارویان... ئەو نووسەرەی خەڵکی سادەو ساکاری خۆشدەویست ........ 89
شانۆی خۆر.. بۆچی؟ ........ 95
ئەبسن.. رێبەری شانۆی نوێ ........ 101
دیاردەی تیرۆر لە بەرهەمەکانی (پیسکاتۆر و برێخت)دا ........ 107
تێڕامان لە هونەری–زانستی نواندن ........ 119